**ژماره ٢٧، وەرزی بەهاری ١٣٨٩**
کۆمیسیۆنی فێرکردن و لێکۆلینەوەی
حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەریدەکات

**سەرنووسەر:**
سمایل زارعی

**دەستەی نووسەران:**
سەید جەلال ساڵحی
سامان فەقێ نەبی

**دیزاینی بەرگ و ناوەوە:**
ئاگری باڵەکی

**تایپ:**
هۆشیار فەتحوڵڵا نەژاد

بۆ ناردنی وتار و یان هەربابەتێکی تایبەت بە
گۆڤاری تیشک و هەروەها بۆ هاوکاری کردنی
گۆڤاری تیشک دەتونن پەیوەندی بەم ئادرەسە
ئیمەیلەوە بگرن:

g_tishk@yahoo.com
www.kurdistanukurd.com

## سەروتار ٥

ئەم ژمارەیەی گۆڤاری تیشـــک کە بۆ وەرزی بەهاری **١٣٨٩** ئامادە کراوە، لە کاتێک دا چاپ و بڵاو دەبێتەوە کە ســاڵێک بە ســەر کودەتای **٢٢** ی جۆزەردانی **١٣٨٨** دا تێدەپەڕێ کە لەودا مەحموودی ئەحمەدی نەژاد لە پۆســتی سەرۆک کۆماری دانرا و کابینەی دەستنیشانکراوی ویلایەتی فەقیە دەسەڵاتی گرتە دەست**....**

## ئێعدام لە کۆماری ئیسلامی دا ٩

ئێعدام بە مانای کوشتنی کەسێکە لە دوای محاکمەیەکی قانوونی، چونکە بە پێی یاسا ئەو کەسە تووشی تاوانێک بووە کە سزاکەی مەرگە و تەنیا کاتێک حکوومەت حوکمی مەرگی کەسێک دەدا پێی دەگوترێ ئێعدام.

**عومەر باڵەکی**

## ناسەقامگیریی سیاسی ١٧

اسەقامگیریی سیاسی دیاردە و گۆڕاوێکی سیاسیی کۆمەڵگا و سیستمە سیاسییەکانە، بە پێی رەوشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئەو کۆمەڵگایە دەگۆڕێو جۆرو سیماو هۆکارەکانی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە

**عیسمەت نستانی**

## بزووتنەوەی خوێندکاری ٢٧

بزووتنەوە جوڵانەوەیەکی گشتی و هەمەلایەنەیە کە خوازیارانە و یا بە شێوەیەکی گەڵاڵە دارێژراو بە مەبەســتی خوڵقاندنی ئاڵ و گۆڕ لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا روو دەدا. بێ گومان هەر هەوڵێکی گشــتی کاتێک لە چوارچێوەی بزووتنـــەوەدا دەگونجێ کە خاوەن کۆمەڵێک تایبەتمەندی بێ

**ناسر پیرۆتی**

## مافە سیاسییەکانی گەلانی بێدەوڵەت ٣٥



لە وتووێژ لەگەڵ

(د. ئاسۆی حەسەن زادە) دا

**دیمانە : سمایل زارعی**

## تێڕوانینێك لە چەمکە بنچینەییەکانی نەتەوە، میلییەت و ناسیۆنالیزم ٧٥

اسیۆنالیزم و کۆمەڵێک چەمکیتری وەک نەتەوە و ناسیۆنالیتی(ملیت) کە لە پێوەندی ئەو دان، زۆر ئاڵۆز و پێچەڵاوپێچن و بۆ ئەوەی بچینە سەریان، پێویستی بە تاوتوێ کردن و هەڵ سەنگاندن و تێڕوانینێکی بەرین هەیە. هەر بەو ئەندازەی کە بە ناسیۆنالیزمیان هەڵ گوتووەو تاریفیان کردوە، لە لایەن بیرمەندان و پسپۆڕانەوە کەوتۆشتە بەر ڕەخنەوە

**ن: سالار سیف الدینی**

---

## باسێکی گشتی لەمەڕ خەباتی مەدەنی ١٠٥

ئاشـــکرایە کۆمەڵناســـان بایەخ و گرنگی تایبەت بە پرســی پێناســـە و روونکردنەوەی چەمکو دەستەواژەکان دەدەن. یەکێک لەو چەمکانە کۆمەڵگای مەدەنییە کە خوێندنەوەی زۆری بۆ کراوە، بەڵام خاوەن پێناسەیەکی یەکدەست و هاوئاهەنگ نیە.

**ڕەحمان پیرۆتی**

---

## دەوری مێدیا ١١١

دێموکراسی تەنیا چوارچێوەی سیاسەت لە خۆ ناگرێ، بەڵکو بواری کولتووریش لە خۆ دەگرێ، کاتێک باس لە دێموکراســـی لە سیســـتمێکدا دەکرێ گرینگترین پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی بریتییە لە دۆخی مێدیاو راگەیاندن لەو سیستمەدا.

**سامان فەقێنەبی**

---

## کاریگەریی کولتووری ڕێکخراوەیی ١١٧

لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی لە بەرەبەری گەشە کردنی ئابووری و پیشەسازی و کۆمەڵایەتیدان ســـەرەڕای کۆمەڵێک کێشـــە و گرفت و کەم و کوڕی لە بواری ئابووری و پیشەسازی و کۆمەڵایەتیدا، تووشـــی کۆمەڵێک کۆســـپ و لەمپەری بنەماییتریش دەبن کە یەکێک لەو کۆسپانە کێشە و گرفتەکانی کولتووری ڕێکخراوەیین

**سمایل زارعی**

---

## ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ١٣٣

شـــەڕی نێوان دەوڵەتان و نەتەوەکان یەکێک لە سەختترین و دژوارترینی ئەو کێشانە کە بۆتە هۆی شێواندن و ئاڵۆز بوونی کرداره جیهانییەکان کە هەر لە کۆنەوە تا ئێستا

**سۆهراب رەحمەتی**




خوێنەری خۆشەویست!

ئەم ژمارەیەی گۆڤاری تیشک کە بۆ وەرزی بەهاری **۱۳۸۹** ئامادە کراوە، لە کاتێک دا چاپ و بڵاو دەبێتەوە کە ساڵێک بە سەر کودەتای **۲۲** ی جۆزەردانی **۱۳۸۸** دا تێدەپەڕێ کە لەودا مەحموودی ئەحمەدی نەژاد لە پۆستی سەرۆک کۆماری دانرا و کابینەی دەستنیشانکراوی ویلایەتی فەقیە دەسەڵاتی گرتە دەست. هەروەها لە ماوەی سێ مانگی رابردوودا و دروست لە رێکەوتی **۱۹** بانەمەڕی ساڵی **۱۳۸۹**دا جارێکی دیکە دەستی رەشی ئێعدامی بە ناحەق و ناڕەوای کۆماری ئیسلامی بە خوێنی **۵** تێکۆشەرێکی مەدەنی و ئازادیخوازی کوردو ئێرانی کە **٤** کەسیان کورد بوون سوور بوو کە لە ئاکامی ئیعدامی ئەو **۵** تێکۆشەرە مەدەنییەی خەڵکی کوردستان لە **۲۳**ی بانەمەڕدا بە مانگرتنی گشتی ناڕەزایەتی خۆیان لە کردەوە دژی ئینسانییە دەربڕی. هەرچەندە ئەوە جاری یەکەم نیە کە کۆماری ئیسلامی تووشی ناڕەزایەتییەکی ئەوتۆ دەبێتەوە و هەروەها جاری یەکەم و ئاخرییشی نیە کە بەو چەشنە بە گژ چالاکانی مەدەنی

و ئازادیخوازان و بە گشـــتی هەموو ئەو کەسانەی بە جۆرێک دژایەتی کۆماری ئیســـلامی دەکەن دەبێتەوە، بەڵام ڕووداوەکانی پاش کودەتای **٢٢**ی ڕەزبەر و هەروەها چونە ســـەری ڕێژەی ئێعدام لە دوای هاتنە ســـەر کاری مەحموودی ئەحمەدی نـــەژاد و بۆ نموونە ئێعدامی پێنج تێکۆشـــەر و ئازادیخواز لە ڕۆژی **١٩** بانەمەڕدا گرینگی تایبەت بـــە خۆیان هەیە، هەربۆیە ئێمەش لەم ژمارەی گۆڤارەکەمـــان دا کەم و زۆر ئاوڕمان لە هەر دوو ڕووداوی ســـەرەوە داوەتەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە گرنگی ڕووداوەکانی پاش کودەتای **٢٢**ی جۆزەردانی **٨٨** و هەروەها ئێعدامی بەناحەقـــی ئازادیخوازان و چالاکانی مەدەنی زۆر لەوە زیاتـــر هەڵدەگرێ و پێویســـتە زۆر زیاتر ئاوڕیان لـێ بدرێتەوە. بە پێویســـتی دەزانیـــن وێڕای بەرز نرخاندنی ڕاپەڕینـــی بەربەرین و مەزنی خەڵکی ئێران لە **٢٢**ی جۆزەردانی **١٣٨٩** ســـڵاو بنێرین بۆ گیانی ســـەرجەم شەهیدانی ئازادی و سەربەســـتی و بە تایبەتی پێنج شەهیدی چالاکی مەدەنی کە لە **١٩** بانەمەڕی **٨٩**دا بە دەستی جەنایەتکارەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێعدام کران.

ئێستا پاش **٣٠** ساڵ هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و لە ئاکامی سیاسەتی شـــەڕ، تیرۆر، ئێعدام، سەرکوت، توندوتیژی، هەڵاواردن، پێشێلکاریی جۆراوجۆر، خوڵقاندنی کەشـــی پڕ لە تـــرس و تۆقاندن، هەناردە کردنی ئاژاوە بۆ ئاســـتی جیهانی، کپ کردن و بێدەنگ کردنی دەنگی جیاواز، گرتنە بەری سیاســـەتی نالەبـــاری ئابووری، پەرەپێدان بە دیاردە و نەخۆشـــییە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان و چەندین سیاســـەت و ڕێبازی هەڵەی ئەم ڕێژیمە لە ســـاڵی **٢٠١٠** ی زایینی وڵاتانی دەرەوە و بە تایبەتی ئەمریکا گەمارۆیەکی ئابووریی قورســـیان خستۆتە ســـەر وڵاتەکەمان کە دیســـان خەڵکی بێ تاوان و بەڵا لێدراو دەبێ باجی ئەو سیاسەتە چەوت و هەڵانە بدەنەوە. پێش بینی دەکرێ و هەروەک لە ئێستاوە هێماکانـــی کاریگەرداربوونی ئەم گەمارۆ ئابوورییە بە ڕوونی دیارە، لە داهاتوودا ئەم گەمارۆ ئابوورییەی لەم دواییانەدا بە سەر ئێران دا سەپێندرا شوێنەواری زۆر قووڵ و کاریگەر لە ســـەر کۆمەڵگای ئێران و داهاتووی ئێران بە گشتی دانێ. بەڕاستی کۆماری ئیسلامی سیاسەتێکی هێندە نامەسئوولانەی گرتۆتە بەر کە تەنانەت نیگەرانییەکی قووڵ بۆ ئەوەش دەهێڵێتەوە کە دەبێ شوێنەوارەکانی ئەم سیستەمە لە داهاتوو و تەنانەت پاش خۆی چەندە خراپ و ماڵوێرانکەر بن؟

ئەم ژمارەی گۆڤارەکەمان لە بەرەبەری یادی **٢١** ساڵەی شەهید کرانی دوکتۆر قاسملووی نەمر بە دەستی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڤییەن دەردەچێ، ئەگەرچی لەم ژمارەیە لە گۆڤارەکەمان بە تایبەتە بە وەرزی بەهاری **٨٩** شـــتێکی تایبەتی ســـەبارەت بەو رووداوە گرینگەی تێدا نیە، بەڵام تیشک وێڕای بەرز نرخاندنی یادی شـــەهید قاســـملووی نەمر سڵاو دەنێرێ بۆ گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی گەل و بە تایبەتی شەهیدانی رێبەر قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی و سڵاو دەنێرێ بۆ ئیرادەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان کە بە شێوەی جۆراوجۆر یادی شەهیدانی گەل بەرز رادەگرن و بە تایبەتی لە **٢٢**ی پووشپەڕدا بە یاد کردنەوە لە دوکتۆر قاسملووی نەمر رێز لە خەبات و تێکۆشانی ئەو شـــەهیدە نەمرە دەگرن و وەفاداری خۆیان بە رێبازەکەی نیشـــان دەدەن. هەر لێرەوە خوێنەرانی خۆشەویستی گۆڤارەکەمان ئاگادار دەکەینەوە کە تیشک هـــەوڵ دەدا لە ژمارەی داهاتووی خۆیدا کە تەرخان دەکرێ بۆ وەرزی هاوین کۆمەڵێک بابەتی جیاواز هەر لەم پەیوەندییەدا بخاتەڕوو.

لـــە کۆتایی وتەی ئەم ژمارەی گۆڤارەکەمان دا، بە پێویســـتی دەزانم ئاماژە بە کۆچی دوایی بەڕێز کاک محەممە ئەمین سیراجی بکەم کە ماوەیەک لەمەوبەر لـــە دەرەوەی وڵات کۆچی دوایی کـــرد. ناوبراو یەکێک لە ئەندامانی رێبەریی پێشـــووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوو کە لە هەلومەرجی زۆر سەخت و ئەستەم دا بۆ بەرگری لە ماف و ویستەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان تێکۆشـــانی هەبوو، هەروەها کاک محەممەد ئەمیـــن یەکێک دامەزرێنەران و بەڕێوەبەرانی گۆڤاری تیشک بوو. دەستەی نووسەرانی تیشک وێڕای رێزگرتن و ئەمەگناسی بەرامبەر بە تێکۆشانی خوالێخۆشبوو سەرەخۆشیی خۆی ئاڕاستەی بنەماڵەی بەڕێزیان، کەس و کار و سەرجەم دۆست و هاوڕێیانی کاک محەممەد ئەمین دەکا. رۆحی شاد و یادی بەرز و بەڕێز بێ.

سەرنووسەر



# ئێعدام لە کۆماری ئیسلامی دا
## بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتییە یان بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی

عومەر باڵەکی

ئێعدام بە مانای کوشتنی کەسێکە لە دوای محاکمەیەکی قانوونی، چونکە بە پێی یاسا ئەو کەسە تووشی تاوانێک بووە کە سزاکەی مەرگە و تەنیا کاتێک حکوومەت حوکمی مەرگی کەسێک دەدا پێی دەگوترێ ئێعدام.

ئەگەر بمانهەوێ باسی ئێعدام بکەین و لە روانگەی جۆراوجۆر و جیاوازەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین کارێکی زۆری دەوێ و لە نووسینێکی ئاوادا ناگونجێ چونکە هەم لایەنگرانی ئێعدام بیروبۆچوونی خۆیان هەیەو هەم دژبەرانی ئێعدام روانگەو بەڵگەی خۆیان هەیە.

ئەوەی لەو نووسینەدا دەمانهەوێ باسی بکەین ئەو ئێعدام سیاسیانەیە کە لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی دا ناوە بە ناوە و زۆرجار بە کۆمەڵ بەڕێوەچووە لە ژێر ناوی پاراستنی ئەمنییەتی وڵات و بە هێنانەوەی بەڵگەی شەرعی و یاسایی پاساویان دەدەن‌و رەواییان پێ دەبەخشن کە خۆیان داڕێژەری ئەو یاسایانەن و تەنیا بۆ پاراستنی خۆیانە نەک بەرژەوەندی گشتی.

بەڵام بۆ ئەوەی هەروا خێرا بە سەر رەوتی دژە ئێعدام لە سەرانسەری جیهان تێپەر نەبوو بین، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئێستا لە نیوەی وڵاتانی دونیا حوکمی ئێعدام نەماوە یان بەڕێوە ناچێ کە رادەیان دەگاتە **١٢٩** وڵات و لە ساڵی **٢٠٠٥**دا لە سیستمی قەزایی نزیک بە **١٠٠** وڵات حوکمی ئێعدام ماوە، بەڵام **٢٤** وڵات لەو **١٠٠** وڵاتە قەت حوکمی ئێعدامیان تێدابەڕێوە نەچووە و بە پێی ئاماری

لێبووردنی نێونەتەوەیی لە ســاڵی ٢٠٠٥دا ٩٤٪ی ئێعدامەکانی جیهان لەو چوار وڵاتە بەڕێوەچووە "چین ، عەربستانی سعوودی ، ئێران و ئەمریکا".
لە ئاوریلی ١٩٩٩دا کۆمیسیونی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان "گەڵاڵەی پشتگیری لە لابردنی حوکمی ئێعدامی پەسند کردو یەکەم کۆنگرەی نێونەتەوەیی بە دژی سزای ئێعدام لە ژوئینی ٢٠٠١ لە"ستراسبورگ"ی فەرانسە بەڕێوەچوو.
بەرەی جیهانی بە دژی ئێعدام لە ساڵی ٢٠٠٢ لە ڕۆم دروست بوو و لە ساڵی ٢٠٠٥ ڕۆژی ١٠ی ئوکتۆبر بە ڕۆژی جیهانی بەربەرەکانی لەگەڵا حوکمی ئێعدام ڕاگەیەندرا.
لەگەڵا ئەو شەپۆلە بەرینە کە لە سەرانسەری دنیادا دژ بە ڕاوەستانی حوکمی ئێعــدام وەڕێ کەوتووە، ڕێژیمی کۆماری ئیســلامی ئێــران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەرخۆشترە لە ئێعدام کردنی مرۆڤەکان بە تایبەت نەیارانی سیاسی خۆی.
لەو کاتەوە کە کۆماری ئیســلامی وەک سیســتمێکی بەڕێوەبردنی وڵات لە ئێراندا هاتۆتە سەرکار بۆ مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتدا لە هەموو کەرەسەی ماڵی و ماددی و ئینسانی خەڵکانی ئێران کەڵکی وەرگرتووە و تەنانەت خوێندنەوەی جۆراوجۆری شەرعی و قانوونی لە ماناو واتاکانی شەرع و دەستوورەکانی ئیسلام بــە قازانجی خۆی کردووە. بۆ وێنە لە ماوەی ٣٠ ســاڵی ڕابردوودا چ ئەوانەی لەسەر کێشە کۆمەڵاتییەکان و بڵاوکردنەوەی مەوادی بێهۆشکەرو یان مەسائیلی سیاســی گیراون و ئێعدام کراون بە تێکڕا پێیان گوتراوە "محارب" لەگەڵا خودا و "مفســد فی الارض" و ئەوەش پشت بەستراو بە ئایەتێک لە قورئانی پیرۆزدا دەکرێ:"انما جزا الدین یحاربون الله ورســوله ویســعون فی الارض فساداً ان یقتلوا اوتقطع ایدیهیم و ارجلهم من خلاف او ینفوا من الارض......"(ســزای ئەو کەســانەی کە بە دژی خوا و پێغمبەری خوا ڕادەوەســتن و لە سەر زەوی فیتنە و فەساد بڵاو دەکەنەوە، کوشتنە یان لە سێدارە دانە یا دەست و پێیان بە پێچەوانەی یەکتر ببڕدرێ یا لەوڵاتی خۆیان دوور بخرێنەوە.)
لە کۆماری ئیســلامی لە دەســتپێکی دەســەڵاتداریەوە بۆ ڕەوایی پێدان بە جینایەتەکانی کەڵکی لەو ئایەتە وەرگرتوە. لێرەدا دوو شت بە ڕوونی دەردەکەوێ
١ـ "محــارب" ئەو کەســەیە کە بە دژی خوا و پێغەمبەری خوا ڕاوەســتابێ و دژایەتی ئەوانی کردبێ.

٢ـ "مفســد فی الارض" ئەوانەی لە ســەر زەوی بە کردارو رەفتاری خۆیان دەبنە هۆی شێواندنی کۆمەڵگاو بڵاوکردنەوەی فەساد لە سەر زەوی.
ئەوەی جێگای ســەرنج و تێڕامانە هەموو ئەو ئێعدامە سیاســییانەی کە لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا کۆماری ئیسلامی بەو حوکمە بەڕێوەی بردوون، ناچنە خانەی ئەو یاســا شــەرعییە کە کۆماری ئیسلامی پشتی پێ بەستووە. چونکە تاوانی بەندە سیاسییەکان ئەوە نیە کە بە دژی ئیسلام چالاکی بکەن و درووشم بدەن و تەبلیغ بکەن بەتایبەتی زیندانییە سیاسییە کوردەکان.
تاوانی بەندکراوە سیاســییەکان لە چەندین بڕگەی جیاوازدا خۆ دەبینێتەوە کە ئەگەر کۆیان بکەینەوە ئەوەیە کە ئێعترازیان هەیە لە شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات چ لە ناوخۆو چ لەدەرەوە، ناڕەزایەتییان هەیە بە وەزعییەتی ژیان (فەرهەنگی ـ ئابووری ـ سیاســی)و داواکارن وڵات باشتر بەڕێوەبچێ و ئاستی ژیانی خەڵک بچێتە ســەرێ و دەسەڵات دەست لە ژیانیان وەرنەدا و لەو نێوەشدا زیندانیانی سیاســی کورد بێجگە لەو داوایانە مەســەلەی نەتەوایەتی دێننــە ئاراوە و بۆ مافەکانــی گەلی کــورد دەدوێن کە هیچ کامە لەوانــە دژایەتی لەگەڵا پایە و بناخەکانی ئیســلامدا نیە، بەڵام کۆماری ئیسلامی بە پشت ئەستوور بە بڕگەو یاساکانی شەرعی سەردەمی دەسەڵاتداری ئیسلام ئەو کەسانە دەکاتە دژبەری خوا و پیرۆزییەکانی باوەڕدارانی ئیســلام و بە خەڵکی دەڵێ کە ئەوانە دوژمنی خوا و دین و ئیمانن.
بەڵام کە بە مێژووی ئیسلام دا دەچینەوە و چاو لە بنەماکانی دروست بوونی حکومەتێکی ئیسلامی دەکەین، کۆماری ئیسلامی لەگەڵا هیچ کام لەو بنەمایانە یەک ناگرێتەوە و تەنیا لە ناوی ئیسلام بۆ خۆ داسەپاندن بەسەر گەلانی ئێراندا کەڵکی وەرگرتووە چونکە:
١ـ نوێنەری هەموو باوەڕداران بە دینی ئیسلام نیە.
٢ـ هەموو باوەڕدارانی دینی ئیسلام لە ژێر چەترو دەسەڵاتی ئەودا نین.
٣ـ کۆماری ئیسلامی بە پێی یاسای بنەڕەتی خۆی تەنیا نوێنەرایەتی مەزهەبێک دەکا لە ئایینی ئیسلام دا کە لەوەشدا هەموو شیعەکان نە قەبووڵیانەو نە لە ژێر چەتری دەسەڵاتی ئەودا دەژین.
٤ـ لە سەردەمی ئێستادا باوەرداڕان بە دینی ئیسلام لە چەندین وڵاتی گەورە

و بچووک دا دەژین کە فەرهەنگ و زمان و تەنانەت روانگەو بۆچوونیان لەسەر مەسەلەکان و بەڕێوەبردنی ولات لەگەڵا کۆماری ئیسلامیدا جیاوازە.

بۆیە بەو ئاکامە دەگەین کە ئەو کەسانەی دژایەتی کۆماری ئیسلامی دەکەن ناتوانرێ بەناوی "محاربە" و "مفسد فی الارچ" ئێعدام بکرێن.
لەلایەکی دیکەوە ئەو ئێعدامانە و شـــێوەی بەڕێوەبردنیان لەگەڵا یاســـاکانی خودی کۆماری ئیسلامی ناتەبان، بۆ وێنە لە ماددەکانی **٣٢ـ ٣٥ـ ٣٩**ی یاسای بنەڕەتی ئێراندا بەم شـــێوەی خوارەوە باس لە مافەکانی تاوانبار، واتە دەست بە سەرکراو یا گیراودا دەکا:
ماددەی **٣٢**: "هیچ کەس ناتوانرێ دەســـت بە ســـەر بکرێ مەگەر بە حوکم و شـــێوەیەک کە قانوون دیاری کردووە، لەکاتی دەست بە سەرکردندا، بابەتی تاوان دەبێ بە بوونی بەڵگەو دەلیل، هەر ئەو کات بە شێوەی نووسراو بە تاوانبار رابگەیەندرێ و لانی زۆری لە ماوەی **٢٤** سەعات دا پەروەندی سەرەتایی بدرێ بە لایەنی بەرپرسیاریی قەزایی و رێ و شوێنی محاکمە بە زووترین کات دابین بکرێ، سەرپێچی کەر لەو ماددەیە بە پێی یاسا سزا دەدرێ."
ئەگەر چاو لە شـــێوەی دەست بەسەرداگرتن و گیرانی هەموو ئەوانە بکەین کە تاوانی سیاسییان هەبووە بێ ئاگاداری کەسەکەو بێ ئەوە بزانێ تاوانی چیە، رەپێچک دەدرێ و تەنانەت دایک، باوک و ژن و منداڵیش لە شـــوێن و هۆی گیرانیان ئاگادار ناکرێنەوە و زۆر جاری وایە لە دوای حوکمی ئێعدام بنەماڵەکە ئاگادار دەکرێتەوە کە کەسێکتان واتە گیراوەکە ئێعدام کراوە و شوکرانە بن کە جەنازەکەی تەحویل وەردەگرنەوە، کەواتە نەک ئەوەی لە ماددە دەستووریەکەدا هاتـــووە بەڕێوە ناچێ، بەڵکو زۆر زیندانی سیاســـی هەیە بە چەندین ســـاڵ لە زیندانـــدا ماوەتەوە حوکمـــی روون نیە یا حوکمی بە زیندان دراوە لە ماوەیەک بووە بە حوکمی ئێعدام و لە کەمترین ماوەدا حوکمی ئێعدام بەڕێوە دەچێ. یا لە ماددەیەکی دیکەی دەستووریدا باس لە مافی هەبوونی پارێزەر دەکا بۆ تاوانبار کە دەبینین و دەبیســـتین ئەوانەی ئێعدام دەکرێن مافی بەڕێوەچوونی دادگای ئاشکراو بوونی پارێزەریان نیە.
مـــاددەی **٣٥**: "لە هەموو دادگاکاندا، لایەنەکانـــی دەعوا مافی ئەوەیان هەیە

کــە پارێزەر بۆ خۆیان هەڵبژێرن و ئەگەر توانای گرتنی پارێزەریان نەبێ، دەبێ ئیمکاناتی گرتنی پارێزەریان بۆ دابین بکرێ."

هەر وەک باسمان کرد هیچ پەروەندەیەکی سیاسی ئیزنی پێ نادرێ پارێزەری هەبــێ و ئەگەر هاتــوو پارێزەریش دیاری کرا لە کۆتایــی دادگادا پارێزەریش دەدرێتە دادگاو زۆرجار پارێزەران بێجگە لە هەڕەشەو ترساندن تووشی زیندانیش دەبن.

لــە ماددەیەکی دیکــەدا باس لــەوە دەکا کە هیچ کــەس ناتوانێو مافی شــکاندنی حورمەت و کەسایەتی گیراو یا دەست بە سەرکراودا نیە، بەڵام زۆر بە ئاشــکرا دەبینین ئەوانەی ئێعدام دەکرێــن و جنازەکانیان تەحویلی بنەماڵە دەدرێتەوە، جەســتەیان شــێواوە و بێ حورمەتیان پێ کراوە، بۆ وێنە زیندانی "کەهریزەک"باشــترین وێنەو نموونەیە کە تەنانەت دەســەڵاتداران خۆشــیان ئیعترافیان پێ کرد لە بوونی ئەشــکەنجە و توندوتیژی جەســتەی و شکاندنی حورمەت وکەسایەتی زیندانیەکان.

ماددەی **٣٩**: "شکاندنی حورمەت و کەسایەتی کەسێک کە بە حوکمی قانوون گیراوە، دەست بەســەر کراوە، زیندانی یا دوور خراوەتەوە، لە هەر حاڵەتێک دا قەدەغەیە و دەبێتە هۆی سزادان."

بەو شێوە کە لە سەرەوە باسمان کرد لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا نەک ئەو ماددە دەســتووریە لە بەرچاو ناگرن بەڵکوو زۆر لەوە زیاتر لەو ماددەیەدا بۆ پاراستنی حورمەتی زیندانی دیاری کراوە، ئازارو ئەزیەتی زیندانی دەدەن و هیچ جۆرە حورمەتێک ناپارێزن.

هەتــا ئێرە لە دوو روانگەوە دەزگای قەزایی ئێرانمان هەڵســەنگاند، لەبواری ئایینی و دەستووریەوە دیتمان هیچ کام لەو بنەمایانەیان لەبەر چاو نەگرتوون.

لە روانگەی یاسای نێونەتەوەیشەوە بۆ ئەو کەسە یا کەسانەی کە لە لایەن دەســەڵاتەوە دەگیرێن مافیان دیاری کراوە و لە چەندین دادگای بەناوبانگ دا کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا بەڕێوەچوون پێداگری لە سەر کراوەتەوە:

**١**ـ مەنشــووری نۆڕێنبێرگ کە لە ســاڵی **١٩٤٥** لە دوای شــەڕی دووهەمی جیهانی لە لایەن وڵاتە سەرکەوتووەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی ئیمزا کرا بۆ پێکهێنانی دادگای نۆڕێنبێرگ، لەو مەنشوورەدا بەو شێوەیە باس لە مافی تاوانبار

دەکات: ماددەی **١٦** لە راســـتای زەمانەت کردنی بەڕێوەچوونی دادپەروەرانەی دادگا، دەبێ ڕێوشوێنی خوارەوە پەیڕەوی لێ بکرێ:

ئا: ئیدیعانامە دەبێ تەواوی وردەکارییەکانی پێوەندیدار بە مەسەلەکەی لەخۆ گرتبێ بە شێوەیەک کە تاوانی تاوانبار بەروونی و بە هەموو وردەکاریەکانییەوە تێدا دەستنیشان کرا بێ. وێنەیەک لە ئیدیعانامە و تەواوی مەدارکی پێوەندیدار بە ئەو، دوای وەرگێران بە زمانی تاوانبار کە بتوانێ بە باشـــی لێی تێ بگاو لە کاتێکی لەباردا کە مەودایەکی باشی هەبێ لەگەڵا دەستپێکی محاکمە، دەدرێ بە تاوانبار.

ب: لە هەر لێکۆڵینەوە و لێ پرسینەوەیەکی سەرەتایی و لە کاتی مەحاکمەدا هەموو تاوانبارێک ئازادە ئەوەی بە باشی دەزانێ و پێوەندی هەیە بە تاوانەکەی و دەری ببڕێ و قسەی لەسەر بکا.

ج : لێکۆڵینەوەی ســـەرەتایی و یا دادگایی کردنی تاوانبار دەبێ یا بەو زمانە بێت کە تاوانبار بە باشی لێی تێ دەگا یا بەو زمانە وەرگێڕدرێتەوە.

د : تاوانبار مافی ئەوەی هەیە یا بۆ خۆی یا لە ڕێگای پارێزەرەکەیەوە بەرگری لە خۆی بکا.

ە: تاوانبار مافی ئـــەوەی هەیە یا بۆ خۆی یا لە ڕێگای پارێزەرکەیەوە هۆی راستی دیفاعیاتی خۆی باس بکا و پرسیاری خۆی لەو شاهیدانە بکا کە دادوەر لە دادگا ئامادەیان دەکا.

ئەو مافانەی کە لە مەنشووری نۆڕێنبێرگ دا دراون بە تاوانبار لە ئەساسنامەی **١٩٩٣**ی دادگای یۆگۆسلاوی پێشـــوو و ئەساسنامەی ئیسلاحی دادگای رواندا (**١٩٩٤**) پارێزراون و تاوانبار مافی ئەوەی هەیە کەڵکیان لێ وەربگرێ.

لێرەدا دەگەینە ئەو ئامانجە کە کۆماری ئیسلامی یاساو ڕێساکانی نێونەتەوەیش لە پێوەندی لەگەڵ مافی زیندانیان لە بەرچاو ناگرێ و هەر لەو ماوەیەدا دیتمان کـــە پێنج(**٥**) زیندانی کە چواریان کورد بوون بێ هیچ راگەیەندراوی پێشـــوو ئێعدام کران.

ئەو ئێعدامانە نیشانەی هەوڵێکە بۆ گەیاندنی پەیامێکی ئاشکرا بۆ گەلی کورد و

هەموو ئازادیخوازانی ئێران کە لە سەروبەندی ساڵرۆژی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆمـــاری ئێران لە **٢٢**ی جـــۆزەردان، کە بە کودیتا نـــاوی دەرکردووەو بۆمان دەردەکەوێ کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هیچ دەنگێکی نارازی قبووڵ ناکەن و هەرکەس و لایەنێک بیهەوێ نارەزایەتی دەرببڕێ تووشی چارەنووسی ئەوان دەبێ، کە بێ دادگایی کردنی ئاشکراو لە ژێر ئەشکەنجەدا ئێعترافیان لێ وەرگیراوە و ئێعدام کران.

بۆ نووسینی ئەم وتارە کەڵک لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
**١-** حقوق بین المللی کیفری
**٢-** بنەما گشتیەکانی یاسای سزادان
**٣-** یاسای بنەرەتی ئێران" قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران"
**٤-** چەند بابەتی پەیوەندیدار درباره اعدام " سایتی بی.بی.سی" ،" سایت حقوق بین الملل"



# ناسەقامگیریی سیاسی

عیسمەت نستانی

ناسەقامگیریی سیاسی دیاردە و گۆڕاوێکی سیاسیی کۆمەڵگا و سیستمە سیاسییەکانە، بە پێی ڕەوشـــی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئەو کۆمەڵگایە دەگۆڕێ و جۆرو ســـیماو هۆکارەکانی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە. ناسەقامگیریی سیاسی ڕەگ و ریشەی کۆمەڵایەتیو ئابووریو کولتووریی هەیە، کتوپڕ دروســـت نەبووە، بەڵکوو لە ئەنجامی بڕیارو چالاکیی ئینسانەکانەوە ســـەری هەڵداوە. تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، ناسەقامگیریی سیاسی پرسێکی ناوخۆیی وڵاتان بوو، بەڵام دوای ئەو مێژووە بە هۆی شۆڕشی زانیاری و تێکنۆلۆژی و دیاردەی جیهانگیرییەوە، سنوورە سیاسییەکانی دەوڵەتانی بەزاندوە و رەهەندێکی کۆمەڵایەتیی وەرگرتوە.

لە سەر چەمکی ناسەقامگیریی سیاسی، زانایان و توێژەران گەلێک لێکۆلینەوەیان کردوە، بەڵام زۆربەیان لە سەر پێناسەیەکی دیاریکراو کۆک نەبوون.

زانای ناسراوی یونانی (ئەرەستوو) لە کتێبی «سیاسەت»دا ناسەقامگیریی سیاسی بۆ گۆڕانکاریی سیاسی دەگەڕێنێتەوە. توێژەری بەناوبانگی میسری (حەسەن ئەبو تالیب) دەڵێ: «ناســـەقامگیریی سیاسی هێمایە بۆ نەمانی سیستمی سیاسی، بۆ گۆڕانکاری لە سیستمی سیاسیدا لەرێگەی نوێکردنەوەی میکانیزم و هێنانە ئارای ڕەوشتێکی نوێوە.»

دوکتور ئەحمەد نەقیب زادە کۆمەڵناسی گەورەی ئێرانی دەڵێ: «ناسەقامگیریی سیاسی، بەشداری نەکردنی چالاکانەی هاووڵاتییە لە پڕۆسەی سیاسی و مەسەلە سیاســـیەکاندا کە دەبنە هۆی بەهێزکردن و پتەوکردنی سیستمی سیاسی، نەک لاوازکردن و رفاندنی. ئەگەر ئەو بەشـــداری کردنە لە پڕۆسەی سیاسیدا لە سەر بنەمای زانیاری و تێروانینێکی هۆشیارانە بەڕێوە بچێ، دەبێتە هۆی سەقامگیری

و گەشەســەندنی سیاسی، بەڵام پەشێوی و نەبوونی  هۆشیاریی سیاسی، دەبێتە هۆی ناســەقامگیریی سیاسی.» دەتوانین بڵێین ناسەقامگیری سیاسی حاڵەتێکە دەبێتە مایەی نەمانی توانا بۆ رێکخســتن لە رەفتاری دامەزراوەکانی سیســتمی سیاســیدا، ئەو رەفتارەش کۆمەڵێک پاڵنەری لە پشتەوەن کە دەبنە مایەی کەمو کورِی لە ســەقامگیریی سیاســیدا. لە لایەکی دیکەوە ناسەقامگیریی سیاسی بەمانای نارێکخراوەیی دەســەڵاتی سیاسی دێ، چونکە دەسەڵاتی سیاسی هێما و دەزگایەکە لە ســەرووی هەموو دەزگا و لایەنەکانی دیکە و تواناو شەرعیەتی تایبەتی پێدراوە.

ناسەقامگیریی سیاسی، بارودۆخێکە کە بە گۆرِانکاریی خێرا، نارِێکخراو و ناتۆکمە جیا دەکرێتەوە، هەروەک بە زیادبوونی توندوتیژیی سیاسی و دژیەکبوونی رەوایی و کەم بوونەوەی تواناکانی سیستەمی سیاسی جیا دەکرێتەوە. بەو پێیەش رەگەزەکانی ناسەقامگیریی سیاســی خۆی لە پەنابردنی بەردەوام بۆ بەکارهێنانی توندوتیژیی سیاسی و رێزنەگرتن لە رێسا دەستوورییەکان و دژیەکبوون یان دارِمانی رەواییەتی دامەزراوەکانی سیستەمی سیاسی دەبینێتەوە. ناسەقامگیریی سیاسی دۆخێکە کە بە گشتی دەگەرِێتەوە بۆ بێ توانایی لە دیسیپلینی رەفتاریی یەکەکانی سیستەمی سیاسی دا، ئەو رەفتارەی کە لە پشت ئەو پاڵنەرو هاندەرانەن کە دەبنە هۆی لە کارخستنی سەقامگیریی سیاسی.

**-جۆرەکانی ناسەقامگیریی سیاسی:**

یەکەم: **ناسەقامگیریی دەستووری و حکوومەتی،**

دووەم: **شەرِی ناوخۆ،**

سێیەم: **دەستێوەردانی سوپا لە بەرِێوەبردنی وڵات،**

چوارەم: **توندوتیژیی سیاسی،**

(ئیرنێســت بوف)دەڵێ: «ناسەقامگیریی سیاســی ئەو کاتە روودەدا کە دەزگا سیاســیەکان، لە کۆمەڵە خەڵکێکی نائەکتیف پێک هاتبن و خواســتەکانی گەل پشتگوێ بخەن.»



دامەزراوە سیاسییەکانی وەکوو حکوومەت بە هەر سێ دەسەڵاتی (یاسادانان، جێ بەجێ کردن و قەزایی)، حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان، بە یەکەمین پێکهاتەی ژیانی هەر دەوڵەت و کۆمەڵگەیەک دادەنرین، بۆیە ناسەقامگیریی سیاسی بە پلەی

یەکەم لە کەم وکورتی و بێ توانایی ئەوانەوە سەر هەڵدەداو ئەوان لێی بەرپرسیارن.
نەمانی سەقامگیری لە دامەزراوەکان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ناسەقامگیریی سیاسی بەدوای خۆیدا پەلکێش دەکا کە ئەویش بە دوو شێوە روودەدا:

الف) ناسەقامگیریی یاسای بنەڕەتی: یاسای بنەڕەتی لە هەر وڵاتێکدا لە گرینگترین بنەماکانی رێکخستنی کۆمەڵگەیە، بەتایبەتی بنەما سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان. یاسای بنەڕەتیی هەر دەوڵەتێک پێویستە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو دا دابڕێژرێ، بۆ دانان و هەموار کردنی یاسای هەر وڵاتێک پێویستە کۆمەڵێک پرنسیپی پێشوەخت هەبن و رێکەوتنیان لەسەر کرابێ. یاسای بنەڕەتی، سنووری دەسەڵاتەکان دیاری دەکا و بە بەڵگەنامەی بنەڕەتی دادەنرێو بە ئاسانی ناگۆڕێ مەگەر بە راپرسییەکی گشتی یان بە زەبری فرمانڕەوایەکی دیکتاتۆر یا خود هێندێک جار لە ڕێی زۆرینەیەکی پاڕلەمانییەوە.

جۆن لۆک لە بەشی چوارەمی نامەی دووەمیدا دەڵێ: «ئازادیی خەڵک لە هەر حوکمێکدا ئەوەیە یاساو ریسایەک هەبێ و لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانان و کۆمەڵگەوە دابنرێ و بەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەلگەدا جێبەجێ بکرێ.»

یاسای بنەڕەتی ئامرازێکە بۆ رێکخستنی یاسایی و سیاسیی کۆمەڵگە، دەسەڵات لە ئاستی پیادەکردنی شەخسییەوە بۆ ئاستی پیادەکردنی دامەزاراوەیی دەگوازێتەوە. دەوڵەت وەکوو چەمکێکی هاوچەرخ کاتێ دروست دەبێ کە دەسەڵات لە تاک دەستێندرێتەوە و دەدرێ بە دامەزراوەیەکی بەردەوام، دیارە ئەو پرۆسەیەش بە یاسای بنەڕەتی ئەنجام دەدرێ. چونکە هەمووی ئەو یاسایانەی لە لایەن ئەنجوومەنی یاسادانانەوە پەسەند دەکرێن نابێ دژ بە یاسای بنەڕەتی وڵات بن.

لە زۆربەی وڵاتاندا یاسای بنەڕەتی لە لایەن ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو یان دەست نیشانکراوەوە دادەنرێ و دەخرێتە بەر راپرسیی خەڵک، بەڵام لە وڵاتانی نادێموکراتیکدا یاسای بنەڕەتی هیچ پیرۆزییەکی نیەو پشتگوێ دەخرێ و ئامرازێکە بەدەست دەسەڵاتەوە.

فیلسووف و زانای بواری کۆمەڵناسی سیاسی(رۆسۆ) هاوڕایە لە سەر ئەو چەمکەی پێی دەگوترێ (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) وەک بنەمایەک بۆ دروستبوونی کۆمەڵگەی مەدەنیو دەوڵەتی نەتەوەیی نوێ.

پسپۆڕانی یاسایی، یاسای بنەڕەتی وەک بەرجەستە کردنی ئەو گرێبەستە

کۆمەڵایەتییە دەبینن. دەقی یاسای بنەڕەتی پوختەی مافەکانی هاوڵاتیان و ڕێگەکانی پەیڕەوکردنی دەسەڵات بە هاوبەش لەگەڵ هاوڵاتیانە یان لەڕێگەی نوێنەرەکانیانەوەیە. زۆربەی یاساناسان و شارەزایانی یاسایی لە سەر ئەوە کۆکن کە هەر کاتێک سیستەمی سیاسی، سیمای یاسایی دەوڵەت پێشێل بکا یان یاسای بنەڕەتی هەموار بکا یان هەڵی بوەشێنیتەوە، بە بێ گەڕانەوە بۆ راو دەنگی کۆمەڵگە، شەرعیەتی خۆی لە دەست دەدا، چونکە یاسای بنەڕەتی پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و ماف و ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵ ڕێک دەخا.

یاسای بنەڕەتی هێزی بەردەوامیی بەڕێوەچوونی دروستی هەر دەوڵەتێکە، بەتایبەت ئەو دەوڵەتانەی تازە پێ دەنێنە ناو قوناغێکی سیاسیی نوێوە. کاتێ دەگوترێ لە سیستەمە سیاسییەکاندا، گەل خاوەنی دەسەڵاتی راستەقینەیە، چونکە یاسای بنەڕەتی دادەنێ و دەتوانێ هەڵی وەشێنیتەوە یان بە پێی بەرژەوەندیی گشتیی ئەو قۆناغەی کۆمەڵگا پێیدا تێدەپەڕێ هەمواری بکا. هەمووی ئەوانەش لە ڕێگەی دەستەی دامەزرێنەری هەڵبژێردراو یان راپرسییەکی گشتییەوە ئەنجام دەدرێ، بەڵام لە سیستەمە نادیمۆکراتیکەکاندا، ئەو پرۆسەیە لە لایەن دەسەڵاتەوە بە بێ گەڕانەوە بۆ گەل ئەنجام دەدرێ. لە هێندێ لە وڵاتانی نادیموکراتیکدا جاری وایە دەسەڵات بە هاوبەشی لەگەڵ گەل، بە ڕێکخستنی راپرسییەکی گشتی دەبێ و جاری واش هەیە بە پێڕەوکردنی کۆمەڵێک هەنگاو و ڕێوشوێنی ئەمنی و نادیموکراسی، لەرێی دامو دەزگاکانی دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێ. بۆ نموونە هەموارکردنی یاسای بنەڕەتیی میسر سەبارەت به مافی خۆکاندید کردن بۆ سەرۆکایەتیی وڵات و مافی دامەزراندنی پارتی سیاسی و ژمارەیەک ماددەی دیکە، کە زۆربەی پارتە ئۆپۆزیسۆنەکانی میسر بە گەمەی دەسەڵاتدارانیان دەزانن نەک هەوڵێکی دیموکراتیزە کردنی راستەقینە. هەر چەندە لە سیستمە نادێموکراتیکەکاندا باس لە باڵا دەستیی یاسای بنەڕەتی دەکرێ، بەڵام ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی سیاسیی ئەو وڵاتانە بدەینەوە، سەدان نموونەی پێشێل کردنی مافەکانی ناو یاسای بنەڕەتی لە لایەن سیستەمی دەسەڵاتدارەوە هەیە، تا ئەو رادەیەی گۆڕین و هەموارکردنی یاسای بنەڕەتی بۆتە سیمایەکی دیاری دەوڵەتە نادیموکراتیکەکان کە ئەوەش نەک هەر نیشانەی ناسەقامگیریی سیاسیی ئەو وڵاتانەیە، بەڵکوو زۆر جاران خۆپێشاندان و یاخیبوون و توندوتیژیی سەربازی و

تێکچوونی سەقامگیری سەراپای وڵاتی گرتۆتەوە. دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکانی ئاسیاو ئەفریقا نموونەی زیندوون. بەو شێوە ناسەقامگیریی یاسای بنەڕەتی یەکێکە لە دیارترین شـێوە یان سیماکانی ناسـەقامگیریی سیاسیی دەوڵەت و کۆمەڵگە نادێموکراتیک و دواکەوتووەکانی جیهان و بەپێچەوانەش جێگیر بوونی دەستوور بە یەکێ لەسیما دیارەکانی دەوڵەتی دیموکراتیک و پێشکەوتووی جیهان دادەنرێ.

## ناسەقامگیریی حکوومەتی

ناسـەقامگیریی حکوومەتی بە یەکێک لە دیارترین نیشـانەکانی ناسەقامگیریی سیاسی دەژمێردرێ، کە دوو شێواز لە خۆ دەگرێ:

شێوازی یەکەم: دەست لە کار کێشانەوە یان لە سەر کار لابردنی ئەندامێک یان زیاتر لە حکوومەت، ئەوانەی پلەی وەزیر یان سەرووتریان هەیە، یان ئەو گۆڕانە وەزارەتیانەی کە ژمارەیەک لە وەزیرەکان دەگرێتەوە.

شێوازی دووەم: دەست لە کار کێشانەوە یان پاڵاوتنی کابینەی نوێ. ئەو ڕەوشە زیاتر لە ئەدەبیاتی وڵاتانی جیهانی سـێهەم، ئاسـیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتیندا هەیە. بۆ نموونە لە ئەمریکای لاتین لە سـاڵی(**١٩٣٠ _١٩٦٥** )، **١٠٦** سەرۆکی دەوڵەت گۆڕاوە یان وڵاتی پاکستان لە ماوەی **١١** ساڵ پاش سەربەخۆیی (**١٩٤٧**) دا چوار سەرۆک دەوڵەت و هەشت کابینەی وەزارەت دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست.

عێراقیش یەکێک لەو وڵاتانەیە کە لە سـەرەتای دامەزرانیەوە لە بیسـتەکانی سەدەی بیستەمدا هەرگیز سەقامگیریی بەخۆیەوە نەدیوە. لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشـایەتی دا کابینەی وەزارەتی وا هەبووە شەش مانگ لە دەسەڵات دا نەماوە و گۆڕاوە. لە سـەردەمی کۆمارییش دا، لە چواردە ساڵی یەکەمدا، واتە لە( **١٩٥٨ -١٩٨٠** ) چواردە کابینەی وەزارەت گۆڕدراوە.

ئەوەی دەگوترێ کە ئەو وڵاتانەی دیموکراسیان تێدا پەیڕەو ناکرێ و حکوومەت بە هەڵبژاردن نایەتە سەر کار، سەقامگیریی سیاسی جێگیر نابێ، بەو مانایە نیە کە لەو وڵاتانەی دیموکراسیان تێدا پەیڕەو دەکرێ، سەقامگیری مسۆگەرە. بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەکوو ئیتالیادا کە لە پاش شـەڕی دووهەمی جیهانیەوە سیسـتمی دێموکراسـی تێدا جێگیرە لە ماوەی (**١٩٤٥ -٢٠٠٧** ) واتە ماوەی **٦٢** سـاڵ، **٥٦** کابینەی وەزارەت حوکمی ئیتالیایان کردوە.

**دووەم: شەڕی ناوخۆ**

جۆرێکی دیکە لە ناســەقامگیریی سیاسی شــەڕی ناوخۆیە. شەڕ دیارترین و توندترین شێوازی توندوتیژییەو بە سەرچاوەی سەرەکیی گەندەڵبوونی دامەزراوە زیندووەکانی نەتەوەو وڵات دادەنرێ.

شــەڕی ناوخۆ بە مەترسیدارترین کێشەی وڵاتانی دواکەوتوو و تازە پەرەئەستێن بە ئەژمار دێ. شــەڕی ناوخۆ هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و نیشــتمانیی وڵاتانی دواکەوتوو و تازە پەرەئەســتێنە، چونکــە بە دیارترین و مەترسیدارترین هۆکار و سیمای ناسەقامگیریی سیاسی لە رووی ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتــی و ئابوورییەکان دادەنرێ. شــەڕی ناوخۆ لــە رووی کاریگەری مەترسیدارترین شێوەکانی شەڕە لە سەر دەوڵەت و سیستمی سیاسی و کۆمەڵگە. ئەگەر چاو لە مێژووی شــەڕە ناوخۆییەکان بکەین، دەبینین زۆر جاران ئاســتی توندوتیژی، هەموو چوارچێوەیەکی ئینسانی بەزاندوە.

شــەڕی ناوخۆ بە بەراورد لەگەڵ شەڕە دەرکییەکان، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی زۆرترە، چونکە دوای شەڕیش، لایەنەکان پەنا بۆ تۆڵەو کوشتنی نهێنیی بەرامبەر و تەنانەت تیرۆریش دەبەن.

(کلاوزفیتز ) دەڵێ: «زانا هەیە، پێی وایە شــەڕی ناوخۆ بریتییە لە ململانێی چەکداریی نێوان دانیشــتوانی هەرێمە جوغرافیــە جیاوازەکانی دەوڵەتێک یان لە نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکانی دەوڵەتێکدا، بەڵام شەڕی ناوخۆ ڕەفتارێکی توندی ژیانی کۆمەڵایەتییە کە ســەرچاوەکەی ململانێی بەرژەوەندییە گەورەکانە و بە خوێن رشتن نەبێ، یەکلا نابێتەوە.»

یاســای نێودەوڵەتی پێناسەی شــەڕی ناوخۆی کردووە دەڵێ:»ئەو ئۆپەراسیۆنە دوژمنکارانەیەی لــە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا ئەنجام دەرێ، لەو کاتە ڕوودەدا کە دوو لایەنی دژ بە یەک لە نێو یەک دەوڵەت، پەنا بۆ چەک دەبەن بۆ ئەوی بگەنە دەسەڵات، یان هاووڵاتیانی وڵاتێک، بە دژی دەسەڵاتی باو چەک هەڵدەگرن.»

کەواتە دەتوانین بڵێین شــەڕ، بەتایبەت شەڕی ناوخۆ بە یەکێک لە هۆکارەکانی ناسەقامگیریی سیاسی لە هەر سیستەمێکی سیاسی دادەنرێ.

**سێهەم: دەست تێوەردانی سوپا لە کاروباری بەڕێوەبەریی دەوڵەتدا**

دەستێوەردان و دەخالەتی دامەزراوەی سەربازی لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵاتدا، لە کۆنەوە تاکوو ئێستای لەگەڵدا بێ، جێگای گفتگۆ مشتومڕی کۆمەڵناسان بووە. تاکوو ئیستاش کۆدەنگییەکی تەواو لە بارەی رۆڵی دامەزراوەی سەربازی نیە.

کۆمەڵناسان بۆ دەستێوەردانی دامەزراوەی سەربازی لە سیاست و بەڕێوەبردنی وڵات سێ لێکدانەوەی جیاوازیان هەیە:

بۆچوونی یەکەم: سوپا و دامەزراوەی سەربازی وەک دامەزراوەیەکی ناسیاسی کە لە پێناو بەرژەوەندیی خۆی دا لە بەڕێوەبردن و سیاسەتی دەوڵەتدا دەخالەت دەکا نابینن، لە کاتێکدا فەرماندەکانی دامەزراوەی سەربازی لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا شارەزا ییان نیە، بۆیە دامەزراوەی سەربازی، دامەزراوەیەکی ناسەقامگیرەو ناتوانێ لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی نوێ کردنەوە و گەشەپێدانی ئابووری رۆڵی ئەکتیڤی هەبێ. ساموئیل هانتینگتۆن، بە یەکێک لە خاوەنە هەرە دیارەکانی ئەو لێکدانەوەیە دادەنرێ.

بۆچوونی دووەم: بە قوتابخانە یان گرووپی مکزیکی دەناسرێ، کە پێیان وایە دامەزراوەی سەربازی ئاستەنگی بەردەم گۆڕانە، بەتایبەتی کە هاتە سەر حوکم، هەوڵ دەدا خۆی لە چینی ناوەڕاست کە بە بڕوای ئەو قوتابخانەیە چینێکی خۆشگوزەرانن نزیک کاتەوە و لە ئاستی دەرەوەشدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا کورت بکاتەوە کە هاوکاریو پاڵپشتی دەکەن، پتراس مورای دیارترین لایەنگری ئەو شێوە روانینەیە.

بۆچوونی سیهەم: جۆنسۆن، لەو بڕوایە دایە کە دامەزراوەی سەربازی نەک ئاستەنگ نیە لە بەردەم گۆڕان و پێشکەوتن، بەڵکوو هاوکارێکی باشی پرۆسەی پێشکەوتن و گەشەپێدانە، چونکە دامەزراوەیەکی مەشق پێکراو و رێکخراوە.

دیارترین سیمای ژیانی وڵاتانی تازە پەرەئەستێن و نادێموکرات، بوونی دامەزراوەی سەربازی لە سیاسەتی دەوڵەت و بەرێوەبەری دایە. ئەگەر چاو بە مێژووی دەوڵەتە دیکتاتۆر و سیستمە توتالیتار و ئایدۆلۆژییەکاندا بخشێنین، دەبینین بۆ هێشتنەوەی سیستمەکەیان هەردەم کۆنترۆڵی دامەزراوەی سەربازیان کردوە. لە دەوڵەتە نیمچە دیموکراسییەکانیشدا دامەزراوەی سەربازی بە شاراوەیی یان لە سێبەردا لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا رۆڵیان هەیە.

هانتینگتۆن دامەزراوەی سەربازی وەک سیمایەک لە سیمای کۆمەڵگە دواکەوتووکان دادەنێ کە بریتییە لە بەسیاسیبوونی گشتیی هێزو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، لەو جۆرە کومەڵگایانەدا سیاســـت، سەربەخۆیی، ئاڵۆزی، یەکگرتوویی و خۆگونجان لە دەست دەدا.

لە دەوڵەتانی پێشکەوتوودا دامەزراوەی سەربازی خۆ لە سیاست و ئیدارەی دەوڵەت هەڵدەقورتێنێ، بەتایبەت لە کاتی جەنگ و تەنگژەکاندا، بەڵام ئەو حاڵەتە کاتی و راگوزەرە. خۆ تێ هەڵقورتاندنی دامەزراوەی ســـەربازی لە دەوڵەتانی دواکەوتوودا نەک هەر بەردەوامە بگرە بەشێکە لە بونیادی ژیانی سیاسی لە سروشتی سیستمی ئەو وڵاتانەدا.

بەم شـــێوەیە دەبینین دەســـتێوەردانی دامەزراوەی ســـەربازی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە و بە پێی سرووشـــتی کۆمەڵگاو سیستمە سیاسییەکەی جیاوازە. ئەمریکا لە وڵاتانی پێشکەوتوو، هیندستان لە وڵاتانی دێموکراسی تازە پێشکەوتوو، پاکستان و تورکیە لە وڵاتانی نیمچە دێموکرات یان بە ناو دێموکراسی، نمونەی زیندووی ئەو جیاوازیانەن.

ئەمریکا یەکێک لەو دەوڵەتە پێشکەوتوو و دیموکراتیکانەیە، کە یاسای بنەڕەتی و یاساکانی دیکە رێ لە کەمترین دەستێوەردانی دامەزراوەی سەربازی دەگرن بەڵام دوای ١١ی ســـێپتامبر و راگەیاندنی شەڕی دژە تیرۆر و رووداونی هەر دوو شەری ئەفغانستان و عێراق، بەشداریی دامەزراوەی سەربازیو سەرکردە سەربازییەکانیان لە دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا ئەگەر کەمیش بێ هەست پێ دەکرێ.

لە وڵاتێکی گەورەی وەک هیندوستان سەرەڕای بوونی نەتەوەو ئایین و کولتووری جیاواز چونکە سیســـتمەکە چەسپاوە، دەستێوەردانی سەربازی کەمتر هەست پێ دەکرێ، بەڵام لە پاکستان، دامەزراوەی سەربازی و سەرکردە سەربازییەکان، رۆڵی سەرەکی لە ژیانی سیاسیی ئەو وڵاتەدا دەگێڕن.

تورکیە بە وڵاتێکی نیمچە دێموکرات دەناسرێ، بەڵام تاکوو ئێستاش دامەزراوەی سەربازی رۆڵێکی کاریگەری لەژیانی سیاسیی ئەو وڵاتەدا هەیە.

توێژەران و پســـپۆران لە سەر دەستێوەردان و دەخالەتی دامەزراوەی سەربازی هاوڕا نین هێندێک بۆ سروشـــتی کۆمەڵگاو هێندێک بۆ سروشـــتی دامەزراوەی سەربازی و هەڕەشە بۆ سیستەمی سیاسی دەگێڕنەوە.

**چوارەم: توندوتیژیی سیاسی**

توندوتیژیی سیاسی بریتییە لە بەکارهێنانی هێزی مادی و مەعنەوی بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاری کراوی سیاسی. زانایان پێیان وایە کە هەر دەسەڵاتێک بە توندو تیژی هاتبێتە سەر کار ئەستەمە بە بێ بەکارهێنانی توندوتیژیی دەسەڵات جێ بهێڵێ.

توندوتیژیی سیاسی یەکێک لە هۆکارەکانی ناسەقامگیریی سیاسیە. کاتێک لە کۆمەڵگەیەکدا توندوتیژیی سیاسی سەر هەڵدەدا، ئەو توندوتیژییە دەگەڕێتەوە بۆ بێ توانایی و کەمتەرخەمیی سیستمی سیاسی لە ئاست داواکاری و خواستەکانی خەڵک، بەڵام کەمتەرخەمیی سیستمی سیاسی بە تاکە هۆکاری توندوتیژیی سیاسی دانانرێ بەڵکوو بوونی رێکخراو یان گرووپێکی ئایدولۆژی کە باوەڕیان بە توندوتیژیی سیاسی و سڕینەوەی بەرامبەر هەیە، باوەڕ نەبوونیان بە شێوازی ئاشتیانە و ململانێی سیاسی هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژیی سیاسی لەکۆمەڵدا.

بە کار نەهێنان و پێڕەو نەکردنی توندوتیژی لە ململانێو دەسەڵات، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا پێشکەوتن و تەبایی و لێک تێگەیشتن و بەرجەستەبوونی بەها باڵا و یاساییەکان لە کۆمەڵگادا دەردەخا.

**بۆ نووسینی ئەم وتارە کەڵک لەم سەرچاوانە وەرگیراوە.**


١ـ فەرهەنگی رامیاری نیگا، ئازاد وەلەدبەگی، چاپخانەی ڕەوشنبیری.

٢ـ پێشەکییەک لە سەر کۆمەڵناسی، د. ئەحمەد نەقیب زادە، وەرگێڕانی مەسعود رەواندوست، دەزگای موکریان، هەولێر.

٣ـ هزری ناتوندوتیژی، وەرگێڕانی موراد حەکیم، دەزگای موکریان هەولێر.

٤ـ رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ناسەقامگیریی سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، نامەی ماستەر لە کۆمەڵناسی، رۆژە عەبدوڵڵا شەریف، زانکۆی سەلاحەددین،٢٠٠٠ -٢٠٠١

٥ـ کاریگەریی رای گشتی لە سەر دەسەڵاتی سیاسی، نامەی ماستەر، هیوا مەجید خەلیل، ٢٠٠٣.



# بزووتنەوەی خوێندکاری لە خوێندنەوەیەکی تایبەتدا

ناسر پیرۆتی

بزووتنەوە جوڵانەوەیەکی گشتی و هەمەلایەنەیە کە خوازیارانە و یا بە شێوەیەکی گەلاڵە دارێژراو بە مەبەستی خوڵقاندنی ئاڵ و گۆڕ لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا روو دەدا. بێ گومان هەر هەوڵێکی گشـــتی کاتێک لە چوارچێوەی بزووتنەوەدا دەگونجێ کە خاوەن کۆمەڵێک تایبەتمەندی بێ. ســـەرەتا ئەم کردەوە گشتییە دەبێ لەسەر بنەمای رایەڵەی هەڵسوکەوتی نافەرمی دابمەزرێ و لەسەر بیروڕای هاوبەش و هاوهەڵوێســـتی جێگیر بێت. ئەم شێوە کردەوەیە ناکۆکییەکانی بە شێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ سیستمی زاڵ، لەسەر کێشە سیاسیی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان چڕ دەکاتەوەو لە خاڵێکیتردا ئەم کردەوە گشتییە لە ناڕەزایەتی گشتی بە مەبەستی بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی کەڵک وەردەگرێ.

لـــە حاڵەتێکیتردا، ئالێن تۆرێن وەک کۆمەڵناســـێک کە خوێندنەوەیەکی وردی لەســـەر پێناسەی بزووتنەوە و تایبەتمەندییەکانی کردووە، سێ تایبەتمەندی بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان باس دەکا کە بریتین لە:

**ئا: شوناسی بزووتنەوە:**

شوناســـی بزووتنەوە جەخت لەســـەر باوەڕ و بۆچوونێک دەکاتەوە کە تاکەکان لێهاتوویی و توانای پێویستیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەیە. لە راستیدا فاکتەری زەینی جەخت لەســـەر پێک هاتنی شـــوناس دەکاتـــەوەو هەروەها بارودۆخی بەرفراوانی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و کولتووریی شوناس پێک دەهێنێ.

**ب: مژاری خەبات:**

خەبات بە دژی گشت ئەو شت یا حاڵەتانەی کە لە بەردەم بزووتنەوەدان و دەبنە لەمپەڕو کۆسپی گەیشـــتن بە ئامانج و خواستەکان. بابەتی خەباتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانرێ بە بەرژەوەندی گشتی لەقەڵەم بدرێ.

**پ. روانگە یا مۆدێلی کۆمەڵایەتی بزووتنەوە:**

روانگـــە بەو واتایە کە بزووتنەوە روانین یـــا مۆدێلی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەیە. لـــەو نێوەدا، بزووتنەوەی خوێندکاری، کردەوەی گشـــتی خوێندکارانە کە وەک

ژێرکۆمای بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دێتە ئەژمار. ئەم چەشـــنە جوڵانەوەیە، وێــڕای تایبەتمەندییەکانیتری پێکهاتەیی لــە کاریگەرترین چالاکییەکانە بۆ دەربڕینی نارەزایەتی، دژایەتی کردنی بارودۆخ نەخوازراو و خوڵقاندنی بارودۆخێکی نــوێ لە بوارە جیاجیاکان دا. بزووتنەوە پێناســە کردنی کــردەوە و مامەڵەی گشتی خوێندکاران پرسێک نیە کە ڕێککەوتنی گشتی خاوەن رایانی لەسەر بێ، بەڵام بە چاوخشاندنەوەیەک بە سەر ڕەوتی کردەوەی گشتی خوێندکارەکان و بەســەر کردنەوەی راستییەکانی پێکهاتەیی دەردەکەوێ کە تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لەو شــێوە رەفتارەدا بــەدی دەکرێ. هەر وەک باســمان لێوە کرد شوناســی بزووتنەوە گرێدراوی بیر و بۆچوونی تاکەکانە و بارودۆخی کەلانی سیاســی، کۆمەڵایەتی و کولتووری شــوناس پێک دێنێ. بزووتنەوەی خوێندکاری خاوەن شوناسی تایبەتە و توانا و هێزی چینی خوێندکار بــۆ رووبەڕووبوونەوەی بارودۆخــی رەدکراوە(قبووڵ نەکــراو) بەکار دەهێنێ. بزووتنەوەی خوێندکاری، مژاری خەباتی بە شێوەیەکی روون دیاری کردووەو بە پێی هەڵکەوتوویی کات، شوێن و توانایی میکانیزمگەلی جۆراوجۆر لە ئاستی چوارچێوەی خەباتدا بەکار دێنێ، ئەگەرچی بە پێی شوناس ناتوانێ لە قۆناغی تیۆریزەکردنی مۆدێلــی کۆمەڵایەتی بزووتنەوە زۆر ســەرکەوتوو بێ، بەڵام ئەم خەســارەش بــە ژێرکۆمابوونی بزووتنەوەی گشــتی تا رادەیەک قەرەبوو کراوەتەوە. کــردەوەی گشــتی خوێندکاران لەســەر بنەمــای هەڵــس و کەوتێکی نافەرمی دامەزراوەو بە پێی بیروڕای هاوبەش و هاوهەڵوێستی جێگیر بووە. ئەم شــێوە کردەوەی خوێندکاران بە شێوەیەکی بەردەوام ناکۆکییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی زاڵ لە سەر کێشە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان چڕ

**یەکێك لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری بەردەوامی لە بارودۆخی دژوارە. لە ڕێژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکاندا خواستی سیاسی بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێ و بەرەوڕووی دژایەتی دەبێتەوە.**

کردۆتەوە و لە زۆر حاڵەتدا بۆ گەیشتن بە ئامانج سوودی لە نارەزایەتی گشتی وەرگرتووە.

چینی خوێندکار بە پێی هەستیاری لە ئاستی وشیارترین چینەکانی کۆمەڵگادا جێ دەگرێ و بە پێی توانا لە هێزە کاریگەرەکانی کۆمەڵگادا خۆ دەبینێتەوە و بە رادەی پرسەکانی پەیوەندیدار بە کێشە و گرفتە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان بە ئاگایانە دژ کردەوە نیشان دەدا. زانکۆ لە بنەڕەتدا کەشێکی ڕەخساوە بۆ ئاشنا بوون و وەدەست هێنانی شارەزایی زانستی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، بەڵام خودی خوێندکار لەو نێوەدا ئاشنایەتییەک سەبارەت بە زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان وەدەست دێنێ. ئەو ئاشنایەتییە یارمەتیدەری دەبێ کە وشیارانە هەڵس و کەوت لە گەڵ هاوکێشـــەکانی کۆمەڵگا بکا و لە هەمبەر پرســـەکانی، هەڵسەنگاندنی ڕاستەقینەی هەبێ. هەقانییەت ئەگەر ببێتە بنەمای تێکهاڵان و تێکهەڵچوون، ســـیمایەک لە ئامرازەکانی خەباتە و کاتێک بابەتی پێک هاتنی گشـــتی بێ، کەرەستەی هاودەنگی و هاوڕەنگیە. بزووتنەوەی خوێندکاری سەرەڕای ئەوەی کە هەقانییەتی ویست و داخوازییەکانی دەکاتەوە دیاری کردنی ئامرازی خەبات، کەڵک لەو هەقانییەتە وەردەگرێ، تەنیاو تەنیا لەو بازنەیەدا خۆی نەبەستۆتەوە و فازێکی سەرەکی سیمای ئاڵ و گۆڕ لەو چینەدا بەدی دەکرێ و دەرکەوتووە کە ڕووی ئاڵ و گۆڕی بزووتنەوەی خوێندکاری لە گشت لایەکە.

یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری بەردەوامی لە بارودۆخی دژوارە. لە رێژیمە ســـەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکاندا خواستی سیاسی بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێ و بەرەوڕووی دژایەتی دەبێتەوە. بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە بزووتنەوەی خوێندکاری دەتوانێ تا رادەیەکی بەرچاو ویستە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی لە چوارچێوەیەکی پیشەییدا حەشار بدا و لە دەرفەتی گونجاودا بیانخاتەڕوو، دەرەتانی چالاک بوون و ڕۆڵگێڕی لە چینەکانی دیکەی کۆمەڵگای باشتر و زیاتر بۆ دەرەخسێ. ئەو فاکتەرانەی لە سەرەوە باسیان کرا، بە گشتی وا لە چینی خوێندکار یا بزووتنەوەی خوێندکاری دەکەن کە چ لە لای خەڵک و چ لە لای ئۆپۆزیسیۆن فایلێکی تایبەت بە خوێندکاران وەک بەشێکی سەرەکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بکرێتەوەو چاوەڕوانی زۆریان لێ بکرێ. راپەڕاندنی کار و کردەوە کۆمەڵایەتییەکانیش لە دەرەوەی دامەزراوە مەدەنییەکان

زیاتر دەکەوێتە سەر ئەستۆی خوێندکاران. خوێندکاران بە گشتی پەیوەندی پان و بەرینیان لە ئاستی کۆمەڵگادا و هەڵس و کەوتی نافەرمیان لەگەڵ تاکەکان و گرووپەکان سەبارەت بە خوڵقاندنی بارودۆخێکی گونجاو لە ڕێگەی هاندانی گشتی خەڵک هەیە. بزووتنەوە خوێندکارییەکان هاوکات بە زۆری دەکەونە بەر ئامانجی عەقیدەتی بزووتنەوە روناکبیرییەکان و بڵاوکردنەوەی بیرۆکەکانی سەردەم لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا ئەم ئەرکانە وەک بەشێکی سەرەکی لە ئەستۆی خوێندکارانە. هەوراز و نشێو لە چالاک بوونی بزووتنەوە گشتییەکانی سیاسیی ــــ کۆمەڵایەتی تا ڕادەیەکی بەرچاو کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی خوێندکاری هەیە و خوێندکارانیش دەریان خستووە کە لەسەر بنەمای چالاکی و تێکۆشان لەگەڵ بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیتردا مامەڵە دەکەن.

**چینی خوێندکار بە پێی هەستیاری لە ئاستی وشیارترین چینەکانی کۆمەڵگادا جێ دەگرێ و بە پێی توانا لە هێزە کاریگەرەکانی کۆمەڵگادا خۆ دەبینێتەوە و بە ڕادەی پرسەکانی پەیوەندیدار بە کێشە و گرفتە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان بە ئاگایانە دژ کردەوە نیشان دەدا.**

هەروەها بزووتنەوەی خوێندکاری ئایدیالیستە، ئەویش نەک بە واتای مەلەق لێدان لە گێژاوی مێشکی، بەڵکوو بە مانای لێڕوانین و هەڵسەنگاندنی وەدیهاتنی باشترین و گونجاوترین شێوەی ویست و داخوازیەکانی. سەرەڕای ئەوەش بزووتنەوەی خوێندکاریش لە بوونی خەسار بێبەری نیە. یەکێک لە خەسارەکان ئەوەیە کە چینی خوێندکار بە پێی دەرەتانی تەمەنی و کەم ئەزموونی، لە هەڵبژاردنی شێوازی خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانج و خواستەکانی زیاتر پێڕەوی قەوارەی توندوتیژی کردوە. ئەمەش بەو واتایە نیە کە خوێندکاران و بزووتنەوەی خوێندکاری بەشداری لە شێوازە هێمن و مەدەنییەکان ناکەن.

یەکێکیتر لە خەسارەکان، بەرێوەبردنی نێوخۆیی بزووتنەوەی خوێندکارییە کە زیاتر پەیوەندی بە تاکەکان و توانای تاکەکەسییەوە هەیە. بە شێوەیەک کە پەرش و بڵاوی لە شێوەی بەڕێوەبەری بزووتنەوەی خوێندکاریدا بەدی دەکرێ. هەر چەند خوێندکار لە پێشهاتە سیاسییەکاندا ڕۆڵ دەگێرێ، بەڵام

چاوخشاندنەوەیەک بەسەر ڕابردووی ئەم بزووتنەوەیە دەری دەخا کە بە پێی نەبوونی سەرچاوەکانی خەباتی سیاسی (مادی ــ تیۆریک ــ مرۆڤی پسپۆر) نەیتوانیوە پتانسیەلی خۆی وەک پێویست بخاتەگەڕ. هەروەها لە ئاستی شێوەی مامەڵەی سیاسیش لە ژێر کاریگەری هێز و لایەنەکانی دیکە دایە کە ئەمەش هەم بە لایەنی نەرێنی و هەمیش بە لایەنی ئەرێنیدا دەشکێتەوە.
بزووتنەوەی خوێندکاری کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی وڵات (مەبەست لە کوردستانی ئێرانە)، خاوەن ڕابردوویەکی دیار و هەڵگری تایبەتمەندییەکانی خۆیەتی و هەوڵ و تێکۆشانی خوێندکارانی کوردیش بە لەبەر چاو گرتنی تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوە وەک شوناس، بابەتی خەبات، پێکهاتە، دیسیپلین و بەردەوامی، دەچێتە خانەی بزووتنەوەی خوێندکاری. گشت ئەم تایبەتمەندییانەی کە بۆ خوێندکار یا بزووتنەوەی خوێندکاری هاتنە بەر باس، خوێندکاری کورد و بزووتنەوەی خوێندکاری کورد لەخۆ دەگرێ. بەڵام لە چەند حاڵەتدا بزووتنەوەی خوێندکاری کورد لە بزووتنەوە گشتییەکان جیاوازتر دەنوێنێ کە باسیان دەکەین. بزووتنەوەی خوێندکاری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە بەرهەمی دوو دژایەتی «نێوان کۆمەڵگا و دەسەڵات» و « کێشەی نەتەوایەتی»یە کە سەرەڕای هەموو کەم و کوڕیەکانی تا ڕادەیەکی بەرچاو توانیویەتی هەوڵ بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی گرینگ بدا. خوێندکاری کورد لە زانکۆکانی ئێران لە لایەک هاوکات لە گەڵ خوێندکارانی ئازادیخوازتر بەرەوڕووی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و بناژۆخواز بۆتەوە کە لە تاک ڕەهەندی کپ کردن و تۆقاندن هەڵس و کەوت لە گەڵ بیری پێشکەوتوو و دیموکراتیک دەکا و لە لایەکیترەوە لە کێشەی نەتەوەیی لەهەمبەر هێژمۆنی نەتەوەی زاڵ دا بە تەنیا دەمێنیتەوە و بە ناچار لە بزووتنەوەیەکی گشتی و سەرتاسەری دادەبڕێ. ئەگەرچی خودی پێکهاتەی فرەنەتەوەیی لە ئێران دەرفەتی هەڵس و کەوت و هاودەنگی بۆ گشت خوێندکارانی نەتەوە ژێر دەستەکان خوڵقاندووە، بەڵام بە هۆی هێندێک هۆکاری بنەڕەتی ئەو دەرفەتە زۆر بە کەمی و بە پارێزەوە دەقۆسترێتەوە. ئەم هۆکارانە کە تا ڕادەیەکی زۆر ئێلهامیان لە دەرەوەی کەشی زانکۆکان و شێوەی هەڵس و کەوتی گشتی بزووتنەوەی ئازادی خوازی گەلی کورد و ڕۆحیاتی ئازادی خوازانەی گەلانی بندەستیتر وەرگرتووە، بە چاوخشاندنەوەیەکی خێرا

دەتوانین بڵێین بریتین لە: نەبوونی فاکتەرگەلێکی گشتی بۆ خەباتی هاوبەش لە نێوان گەلانی ئێران، گومان خستنە سەر ڕەوایی خواستە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە لایەن نەتەوەکانی‌تر و نەتەوەی زاڵ دا، پەرتەوازەیی و هاودەنگ نەبوونی خوێندکارانی سەر بە نەتەوە جیاوازەکان، متمانەی پێویست بە یەکتر نەکردن، کاردانەوەی سیاسەتەکانی ڕێژیم بۆ لە بەرامبەر یەکتری دانانی خوێندکاران و دابەش‌کاری جیددی لەسەر جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینیەکان. هەروەها، چینی خوێندکار و بزووتنەوەی خوێندکاری، لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی حاڵەتێکی ڕەمزی و هێمایی پێ دراوە کە لەو پەیوەندییەدا خەتاکان بەسەر دوو لایەن دا دابەش دەبن و لایەنێک تەنیا هۆکاری ئەم حاڵەتە نیە. حیزبە سیاسییەکانی کوردستان کاتێک وەک سەرمایەی سیاسی، مێژوویی و هێمای خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی وڵات سەیریان دەکرێ، پێویستە کە توانای هەمە لایەن و فرە ڕەهەندی لەبەر چاو بگرن. لەو حاڵەتەدا، ئۆپۆزیسیۆن ئەگەرچی باس لە زەرفییەت و توانای چینی خوێندکار دەکا، بەڵام شێوەی مامەڵەی لەگەڵ بزووتنەوەی خوێندکاری بە ڕادەی پێویست نەبووە و کەمتر لەسەر بنەمایەکی وەڵامدەر هەڵس و کەوتی لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیەی کردووە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە کەلێنی بەرچاو لە نێوان بزووتنەوەی خوێندکاری و ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی هەستی پێ بکرێ کە خۆی لە قۆناغی بزووتنەوەدا حاڵەتێکی نەرێنییە و دەبوایە بە پاراستنی شوناس و تایبەتمەندی، بەرەو هاوتەریبی زیاتر و هاوئاهەنگی پتەوتر هەنگاو بنێن.

**بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە:**


١- نقد مدرنیته، ئالن تورن، وەرگێڕانی مرتچی مردیها.
٢- تغییرات اجتماعی، گی روشه، وەرگێڕانی منصور وثوقی.
٣- سلسله یادداشتی جنبش اجتماعی چیست؟ سعید مدنی.

# مافه سیاسییه‌کانی گه‌لانی بێده‌وڵه‌ت

## له وتووێژ له‌گه‌ڵ
## (د. ئاسۆی حه‌سه‌ن زاده) دا



د. ئاسۆی حه‌سه‌ن زاده



دیمانه : سمایل زارعی

**تیشک : بەڕێز دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە، وێڕای سڵاو و سپاس بۆ بەڕێزتان کە لەم وتووێژە تایبەتییەدا کە بۆ گۆڤاری تیشک تەرخان کراوە بەشداریتان کرد، حەز دەکەین وەك سـەرەتایەك بۆ کردنەوەی بابەتی وتوێژەکەمان بەڕێزتان هێندێک باسـی تێزی دکتۆراکەت بکەی و ئایا تەوەرە سەرەکیەکانی تێزەکە کێهانە بوون؟**

ئاسۆ حەسەن زادە : لەگەڵ دەسخۆشی و هیوای سەرکەوتنی هەرچی زیاتر بۆ کارگێڕانی گۆڤاری تیشک و درەوشانەوەی هەردەم پتری ئەم گۆڤارە و سپاس بۆ لێگێڕانەوەتان.. تێزەکـەی من لە بواری مافی نێونەتەوەیی و لـە چوارچێوەی پەیماننامەیەکی نێوان زانکۆی ستراسـبۆرگی فەڕانسە و ئەنسـتیتۆی توێژینەوەی باڵای نێونەتەوەییی سەر بـە زانکـۆی ژنێڤ ئامادە کراوە و لە مانگی فێوریـەی **٢٠٠٩** دا دیفاعی لێ کراوە. ئەمـن کاتی خۆی کە بۆ خوێندن چوومە فەڕانسـە، وەک خەونێکی زۆر سروشـتی بەنیاز بووم تێزەکەم لەسـەر مەسەلەی میللەتی خۆمان بنووسم. بەڵام دواتر بەهۆی موحافزەکارییەکی تایبەتی کە پرۆفسـۆرە فەڕانسەیی‌یەکانی قانوون لەو بوارەدا وەک بەرهەمێکی سووننەتی یەعقووبیی فەڕانسە هەیانە و بە بیانووی ئەوە کە ڕەنگە کورد بوونم زیان بە ئۆبژێکتیڤ بوونم لە کارەکەدا بگەیەنێ، داوایان کرد کە تێزەکەم لەسەر مەسەلەی کورد نەبێ — دوای ئەوە بۆ شۆخی پێم دەگووتن ئێوە «مافی چارەی خۆ نووسین» سەهلە، «مافی لەسەر خۆ نووسین»یشمان پێ ڕەوا نابینن !

پـاش ئەوە بڕیارم دا سـووژەیەک ببینمەوە کە بە جۆرێک پێوەندیی بە مەسـەلەی سیاسیی گەلەکەمانەوە هەبێ. بەشـداریی کەمایەتی‌یەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباری حکوومەتی‌دا بۆ ئەم مەبەسـتە دەکرا بوارێکی گونجاو بـێ، بەتایبەتی کە ئەو بوارە تازە خەریک بوو لە ئاستی نێونەتەوەییدا ئاوڕی جیددیی لێ دەدرایەوە و لە دەورەی دوکتوراشـدا لە فەڕانسـە هیچ تێزێکی لەسەر نەنووسـرابوو - تەنیا تێز لە فەڕانسە کـە پێوەندی‌یەکی بەو بابەتەوە هەبوو لە بواری مافی دەسـتووری‌دا بوو نەک مافی نێونەتەوەیی، تازە ئەویش نزیک بە چل سـاڵ پێش کاتی دەسـتپێکردنی کارەکەی من نووسـرابوو. بەڵام تەبیعەتەن حقووقی دەستووری بۆ کارەکەی منیش نەک هەر بێگانە نەبوو، بەڵکوو بوار و بنەمایەکیش بوو. جا لەبەر ئەوە کە دوکتوڕاکە دوکتوڕای مافی نێونەتەوەیی بوو بەڵام سـووژەکە لەسـەر شتێک بوو کە پێوەندیی بە حقووقی

دەستوورییەوە هەبوو، دەبوو لە کارەکەمدا هەم پراکتیکی نیهادی و نێوخۆیی دەوڵەتانم لە بواری بەشداریی سیاسیی کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەکان‌دا پێکەوە بەراورد کردبا، هەم بە دوای ئەوەشـــدا گەڕابام کە داخوا ئەو پراکتیکـــە لە تەواوەتیی خۆی‌دا دەکرێ چ مانایەکی بۆ مافی نێونەتەوەیی بەتایبەتی لە روانگەی عورفی نێونەتەوەیی‌یەوە هەبێ و ئەساسەن ئایا مافی نێونەتەوەیی بۆخۆی چەندە دەتوانێ بنەمایەک بۆ بەجێگەیاندنی ئەو مافە لە پێوەندی لەگەڵ کەمایەتییەکان‌دا بێ و چەندە پشتیوانی لە جێبەجێکردنی ئەو مافە دەکا.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر نێوەرۆکی تێزەکەشم، دەقەکە لە پێشەکییەک و فەسڵێکی سەرەتایی و دوو بەشی سەرەکی کە هەر کام لەو دوو بەشەش سێ فەسڵ لە خۆی دەگرێ و ئاکامگیرییەک پێک هاتووە. لە بەشی یەکەمدا لە بنەما تیئۆرییەکانی مافی بەشداریی سیاسیی کەمایەتییەکانم کۆڵیوەتەوە و عینوانی ئەو بەشە بەم جۆرەیە : « لە بەشداریی بەبێ تەبعیز وەک هاووڵاتی را هەتا بەشداریی تایبەتی وەک کەمایەتی». دەتوانم بڵێم هەموو تێزەکەم بەو چەند وشـــەی ئەو ســـەرتیترە خولاسە دەکرێتەوە. لە مەتنەکانی مافی نێونەتەوەیی‌دا لە پێوەندی لەگەڵ بەشـــداریی کەمایەتی‌یەکان لە حەوزەی عوومومی و حکوومەتیدا ئیستلاحی «بەشداریی کاریگەر» بەکار دەبەن. من ئەو ســـیفەتی کاریگەرم وەک خاڵی دەســـپێک بۆ پرسیار خولڤاندن و تێڕامان بۆخۆم هەڵبژارد. هەموو کەس دەزانێ کاریگەر یانی چی، بەڵام روون نەبوو ئەو ســـیفەتە لە رووی حقووقییەوە چ مانا و لێکەوت (پیامد)ێکی هەیە. لەلایەکی دیکەشەوە کاتێک ئەتۆ لە بنج و بناوان و هۆکاری ئەو تەئکیدە لەســـەر کاریگەر بوونی بەشدارییەکەت کۆڵییەوە، ئەو وەختە بەسەر کۆمەڵێک فاکت و بەڵگەدا دەکەوی کە دەتوانی بۆ بردنە پێش و ســـەلماندنی بیرۆکەکەی خۆت، لەسەر دەوڵەتان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بـــە کورتی لەســـەر مافی نێونەتەوەیی بیکەیە ماڵ. فەلســـەفەی وجوودیی مافی کەمایەتییەکان وەک بەشـــێک لە مافی مرۆڤ ئامانجی یەکسانیی نێوان مرۆڤەکانە. بەڵام نیهادە نێونەتەوەیی‌یەکان پی لەســـەر ئەوە دادەگرن کە یەکسانی نابێ هەر بە قسە بێ، بەڵکوو یەکسانی دەبێ یەکسانییەکی واقعی بێ. ئەمن لە کارەکەمدا هەوڵم
٣٧ داوە بە بەکارهێنانی مەنتیقێکی تەدریجی پێوەندیی نێوان سێ چەمک زەق بکەمەوە کـــە لە باوەڕی من دا هەر کامێکیان ئەوەی پاش خۆی بەرهەم دێنێ : یەکســـانیی واقعی؛ بەشداریی کاریگەر؛ بەشداریی تایبەتی. پۆستوولا (پێش فەرزییە)ی من ئەوە بوو کە دابینکردنی مافی یەکسانی هاووڵاتی بەتەنیا ناتوانێ وڵامدەری پرسی بەشداریی سیاســـیی کەمایەتییەکان بێ و بۆ ئەوەی بەشـــداریی کەمەنەتەوەکان لە پرۆســـەی

بڕیاردانی سیاسیدا بەشدارییەکی کاریگەر بێ و لە ئاکامدا یەکسانی یەکسانییەکی واقیعی بێ، پێویستە هۆویەتی تایبەتیی وان لەبەر چاو بگیرێ و مێکانیزمی نائاسایی بۆ بەشدارییان بۆ دابنرێ.
بەڵام ئەو پۆستوولایەی من لە ئاستی عیلمیدا هەروا بە ئاسانی ڕەد نەدەبوو. چونکە هەر ئەوەندە بەس نیە بڵێین فڵانە شت باشە یان فڵانە شت پێویستە، بەڵکوو دەبێ بشیسەلمێنین کە ئەو پێشنیارە چەندە لە چوارچێوەی گەشەسەندنەکانی بەکردەوەی بوارەکەدا جێ دەگرێ. لەڕاستیدا پێشنیارەکەی من کە لە جەوهەردا بێگوومان پێشنیارێکی سیاسی بوو، لە ئاستی یاسایی و زانستی یاسادا لە دوو لایەنەوە کێشەساز بوو. لەلایەک دەبووایە روونی بکەمەوە کە ئایا بنەمای هزری و تیئۆریی ئەو پێشنیارە چیە. پێویستە بزانین کە تەواوی سیستمی نوێی پارێزگاری لە مافی کەمایەتییەکان لە مافی نێونەتەوەییدا لەسەر بناخە و لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤدا داڕێژراوە. جا لەبەر ئەوە کە پێشنیارەکەی من دەقیقەن بەوە دەستی پێ دەکرد کە بڵێم یەکسانی و عەدەمی تەبعیز لەبواری موشارکەتی سیاسیدا کافی نییە، ئەوە بەو مانایە بوو کە خودی مافی مرۆڤ کە سروشتێکی یەکسانگەرا و بێ جیاوازیدانانی هەیە - لانیکەم لەو خوێندنەوە سوننەتییەدا کە بۆی کراوە - بنەمایەکی گونجاو بۆ بەشداریی کاریگەری کەمایەتییەکان نیە. کەوابوو دەبوو یان بە دوای بنەمایەکی دیکەدا بگەڕێین، یان ئەوە کە پێناسەیەکی نوێ لە ئامانجی مافەکانی مرۆڤ لەو بوارە تایبەتییەدا ببینینەوە. پێداچوونەوەیەکی ئەوتۆش پێویستی بە کۆمەڵێک پاساوی تیئۆری و فەلسەفی هەبوو. لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر وای دابنێین کە مەسەلەی بنەمای بەشداریی سیاسیی تایبەتیمان بە شێوەیەک چارەسەر کردووە، دەبوو ئەو جار ئەو کێشانە چارەسەر بکەین کە ئەو مافە سەر لەنوێ پێناسە کراوە لەگەڵ کۆمەڵێک پرەنسیپی قورس و قایمی مافی نێونەتەوەیی لە بواری مافی دیاریکردنی چارەنووس، مافەکانی دەوڵەت و مافەکانی مرۆڤدا سازی دەکرد.
ئەوە بۆ بەشی یەکەمی تێزەکە (دیارە هەر لە بەشی یەکەمدا کێشەی پێناسەکان و سروشتی سەرچاوەکان و هەروەها پێشمەرجەکانی بەشداریی کاریگەریی کەمەنەتەوەکانیش باس کراون). بەشی دووهەمی باسەکەم بۆ لێکۆڵینەوەی مێکانیزمە نیهادییەکانی پێوەندیدار بە بەشداریی سیاسیی کەمەنەتەوەکان داناوە لە ژێر ئەم عینوانەدا :» لە بەشداری کردنی کەمایەتییەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیی وڵاتەوە هەتا بەڕێوەبردنی سەربەستی کاروباری خۆیان». لەو بەشەشدا وێڕای هەڵسەنگاندنی پراکتیکی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی، مەسەلەی مافەکانی کەمایەتییەکان

له هەڵبژاردندا، میکانیزمەکانی بەشـــداری لە ناوەندا و میکانیزمەکانی خۆبەڕێوەبردن تاوتوێ کراون.

**تیشـــک : لە رووی ئەو تەوەرانەوە کە شیتکردەوە چەندین پرسیار دێتەپێشێ. پێشدا با لەوەڕا دەســـپێبکەین کە لەو باسەدا پێناسەی ئێوە بۆ کەمینەی نەتەوەیی چ بووە و ئەسڵەن یاسای نێودەوڵەتی چۆن کەمینەکان پێناسە دەکا؟**

ئاســـۆ حەســـەن زادە : مەسەلەی پێناسە یەکێک لەو پرسانە بوو کە ئەگەرچی پێشتر کەسانی دیکە زۆریان کار لەسەر کردبوو، بەڵام ئەمنیش دەبوو لەلای خۆم بە وردی روونی بکەمەوە. چونکە دوای ئەوەی بواری تیئۆریی سووژەکەت سنووردار کرد، ئەوجار دەبێ بواری مەیدانیی بابەتەکەش سنووردار بکەی. وە لە بابەتێکی وەک ئەوەی من‌دا بۆ ئەوەی بزانی لە باســـەکەتدا ســـەرنج دەدەیە کامیەک لە گرووپ و کۆمەڵگاکان، پێویستە لەپێشدا پێناسەی خۆت لەو چەشنە لە گرووپ یان کۆمەڵگایە کە لە موتڵەقدا دەتەوێ کاری لەسەر بکەی روون بکەیەوە. ئەو شتە بۆ من  لەو روویەشەوە پێویست بوو کە ئێســـتا کە نەیاندەهێشت لەسەر میللەتی خۆم بنووسم، حازریش نەبووم بچم لەســـەر دۆخی گەل یا وڵاتێکی دیکە کار بکەم کە هیچ هاوپێوەندی و سەمپاتییەکم بۆی نییە. دیارە مەرج نیە توێژەرەوە حەتمەن خزمایەتی و نزیکایەتیی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەی هەبێ، بەڵام بەهەرحاڵ بۆ من هەم لە رووی فەرهەنگی و عاتفییەوە زۆر جالـــب نەدەبوو، هەمیش دەمزانی کە بەتایبەتی لەو بوارەی من‌دا تۆ ئەگەر تەنیا نموونـــەی یەک دوو گەل یا وڵات بکەیە نیشـــانە، ســـبەی رۆژ ئەوانەی وا نەیاری مافی پێشـــکەوتووی سیاسی بۆ گەلانی بێدەوڵەتن، دەڵێن ئەو مەوریدانە تایبەتیین و نابـــێ تەعمیمیان بدەی و وەزعی وڵاتی ئێمە جودایە  و لەو جۆرە قســـانە. هەربۆیە بەپێچەوانەی ئەوە کـــە لەو بوارەدا باوە، ئەمن لە رووی جوغرافیایی یان ئێتنیکییەوە لێکۆڵینەوەی ئەزموونگەرایانەی خۆمم سنووردار نەکرد بەڵکوو لە لێکۆڵینەوەکەمدا دەکرا ســـەرنج بدەمە حاڵەتی هەر گەل یا کەمایەتی‌یەک لە هەر جێیەکی ئەو دنیایە و لە چوارچێوەی هەر چەشنە سیستمێکی حکوومەتی‌دا بە مەرجێک دۆخەکە لە خانەی ئەو مێعیارە نیهادییەدا کە پێشتر بۆخۆمم دیاری کردبوو جێی گرتبا. کەوابوو پێوانە خودی گرووپی مەوردی نەزەر نەبوو، بەڵکوو ئەو رێگاچارە نیهادییە بوو کە دەوڵەتەکە بۆی لە نەزەر گرتبوو یان کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆی داوا کردبوو.

بـــەڵام خودی ئەو فراوان و فرەچەشـــن روانینەش بۆخۆی دەکرا بە دڵی پســـپۆرانی بوارەکەم نەبێ. جا لێرەدایە کە مەســـەلەی پێناســـەی چەمکـــی کەمایەتی لە مافی

نێونەتەوەییدا جیا لەوە کە وەک مەرجێکی گوزەرهەڵنەگری دارشتن دەبوو لە کارەکەی منیشدا رەنگ بداتەوە، بۆ کێشەی پاساودانی فرەچەشنایەتیی گەل و کەمایەتی‌یە باسکراوەکانیش زۆر باش دە فریام دەهات. راستییەکەی ئەوەیە کە سەرەڕای بوونی گەلێک پێشنیار بۆ پێناسە کردنی کەمایەتی‌یەکان لە مافی نێونەتەوەیی‌دا کە بەشێک لەو پێناسانە لە ئاستی نیهادییشدا کاریان پێ دەکرێ، بەڵام بەهۆی جۆراوجۆریی لەرادەبەدەری وەزعییەتەکان و بەهۆی لاساری و بێمەیلیی دەوڵەتان لەو بارەوە پێناسەیەکی یەکدەست و تاقانە یا لانیکەم چەمکێکی هەمەلاگیرمان لە یاسای نێونەتەوەیی‌دا بۆ دیاردەی کەمایەتی نیە. ئەگەر خۆ دزینەوەی دەوڵەتان لە پێناسە کردنی کەمایەتی‌یەکانیان تاکتیکێک بووە بۆ ملنەدانیان بۆ ئەو رێوشوێنانەی مافی نێونەتەوەیی لەو بوارەدا بەسەر دەوڵەتانی‌دا دەسەپێنێ، لە عەوەزدا هەر خودی ئەو پێناسە نەکرانە لەلایەن نیهادە نێونەتەوەیی‌یەکانەوە وەک هەلێک چاو لێ کراوە هەتا لە چوارچێوەی مێتۆدێکی پراگماتیستی و ئینعتاف پەزیردا ژمارەیەکی هەرچی زۆرتر لە گرووپە ئێتنیکەکان لە مافە نێونەتەوەیی‌یەکانی کەمایەتی‌یەکان سوودمەند بکەن.
تەنانەت دادگای ئورووپایی مافی مرۆڤ رایگەیاندووە کە مافی نێونەتەوەیی دەوڵەت ناچار ناکا کە حەتمەن پێناسەیەک لە دیاردەی کەمایەتی لە یاسادا بگونجێنێ. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە دەوڵەتان دەتوانن بە خۆ بواردن لە پێناسەکردنی کەمایەتییەکان، حاشا لە بوونی کەمایەتی لە وڵاتەکەیاندا بکەن و لە ئاکامدا شەرعییەت بە خۆدزینەوەیان لە جێبەجێکردنی مافەکانیان بدەن (کەیسی گۆرزەلیک بەدژی لەهستان، **٢٠٠٤**).
نیهادە نێونەتەوەیی‌یەکان بەتایبەتی راپۆرتۆرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی کەمایەتی‌یەکان وێڕای پێشوازی لە پێناسەی یاسایی کەمایەتی‌یەکان لە یاسای نێوخۆیی‌دا، لەو باوەڕەدان کە بوونی کەمایەتی لە وڵاتێکدا واقعییەتێکە و نەبوونی پێناسە پێشگیری لە جێبەجێکردنی مافەکانی کەمایەتی ناکا.
ئێستا ئایا پێناسەیەک کە ئەمن لە دیاردەی کەمایەتیم کردووە کامەیە، بە لەبەرچاوگرتنی پراکتیکی دەوڵەتان کە هەمەڕەنگە و مێتۆدی نیهادە نێونەتەوەیی‌یەکانیش کە بەتایبەتی لەپێوەندی لەگەڵ پرسی بەشداریی سیاسیی کەمایەتی‌یەکاندا فراوانە و زۆربەی هەرە زۆری چەشنەکانی کەمایەتی دەگرێتەوە، بەو ئاکامە گەیشتم کە لە روانگەی مافی نێونەتەوەیی‌یەوە هەموو ئەو کۆمەڵە مرۆڤانە کە مەرجی عەینی (جیاوازیی زمانی و کولتووری) و مەرجی زەینی (هۆشیاریی هۆویەتی و ویستی بەکۆمەڵ بۆ پاراستنی ئەو هۆویەتە)یان تێدایە دەتوانن لەو مافانە بەهرەمەند بن کە مافی نێونەتەوەیی لە چوارچێوەی مافی کەمایەتی‌یەکان‌دا گەڵاڵەی کردوون، بەڵام مەرج نیە هەموو ئەو

کەمایەتی‌یانە وەک یەک لەو مافانە بەهرەمەند بن، یان ئەوە کە هەموو مافەکان بۆ هەموو کەمایەتییەکان مەوزووعییەتیان هەبێ. ئەوەش بەستراوەتەوە بە چەندین توخم یان هۆکار کە ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان کاریگەرییان لەســەر پرسی پێناسە کردنی کەمایەتییەکان هەیە.

**تیشک : ئەو توخمانە چین ؟**

ئاسـۆ حەسـەن زادە : یەکێک لەو ئێلێمێنتانە بۆ نموونە مەسـەلەی ژمارەیە. دەڵێن کەمایەتی بەو کۆمەڵـە مرۆڤە بە کەلتور جیاوازانە دەڵێن کە ژمارەیان لە زۆرایەتیی وڵات کەمتـرە. ئەوە زۆربەی کات راسـتە بەڵام وەک دواتر ئیشـارەی پێ دەکەم مەسەلەکە کەمێک لەو فۆرموولە ریازییە ئاڵۆزترە، چونکە لە هەموو وڵاتێک زۆرایەتی و کەمایەتی بە روونی دەستنیشان ناکرێ. قەدیم هێندێک دەوڵەت وەک دەوڵەتانی باڵت لە یاسـادا ئەوەیان دەگونجاند کە کەمایەتییەک بۆ ئەوەی لە مافەکانی سوودمەند بێ بۆ نموونە دەبێ لانیکەم سێ هەزار کەسی هەبێ کە رابگەیەنن سەر بەو گرووپەن. لە مەتنەکان و پراکتیکی نێونەتەوەییدا ژمارەیەکی دیاریکراو وەک لانیکەم دانەنراوە، بەڵام زۆربەی جار ئیشـارە بەوە کراوە کە بۆ ئەوەی دەوڵەتێک لەسـەری بێ لەسەر خەرجی خۆی هەنگاوی موسبەت بۆ کەمایەتی‌یەک باوێ، پێویستە ئەو کەمایەتی‌یە لە ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی پێک هاتبێ.

مەسـەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە ئایا کەمایەتی لە چ ئاستێک دا چاو لێ دەکەین. ئایا بۆ بەهرەمەند بوون لە مافەکانی کەمایەتی پێویسـتە لەسـەر ئاستی سەرجەم وڵاتدا کەمایەتی بی، یان دەشـکرێ تەنیا لە ناوچەیەکی دیاریکراوی وڵاتدا کەمایەتی بی؟ سەرەڕای بڕیارێکی قسەلەسـەری کۆمیتەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە پێوەندی لەگەڵ مافی ئینگلیسـی زمانەکانی هەرێمی فەڕانسـەیی زمان لە کانادا رایگەیانـد کە کەمایەتی تەنیا ئەوان کە لە ئاسـتی هەموو وڵاتدا کەمایەتین، ئەمڕۆ بۆچوونی باوی نیهادە نێونەتەوەیی‌یەکان ئەوەیە کە گەلێک کە لە ئاسـتی سەرجەم وڵاتدا یا لە ئاستی هەرێمی خۆیدا زۆرایەتییە بەڵام لە یەکێک لە هەرێم یا ناوچەکانی وڵاتدا دەکەوێتە حاڵەتی کەمایەتییەوە، ئەویش دەتوانێ سیستمی پارێزگاری لە مافی کەمایەتییەکانی لەسەر پیادە بکرێ.

سەبارەت بە ئێلێمێنتەکانی دیکە، دەکرێ ئیشارە بە چەند شتێک بکەم. بۆ نموونە ئەوە کە گرووپە ئێتنیکەکە لە رۆژگارانی دوورەوە لە وڵاتەکە نەبووبن و درەنگتر لەو وڵاتە جێگیر بووبن، یان ئەوە کە ئەندامانی ئەو گرووپە تەبەعییەتی وڵاتەکەیان نەبێ، وەیان

بەشێوەی چڕ و پڕ لە ناوچەیەکی دیاریکراو نەژین و پەرش و بڵاو بن، هیچ کام لەوانە بـــە خودیی خۆی وەک دەلیلی بێبەش کردنـــی ئەوانە لە مافەکانی کەمایەتی قبووڵ ناکرێ. دەکرێ ئەو کەمایەتی‌یانەی ئەو تایبەتمەندییانەیان تێدایە بەتایبەتی لە بواری بەشداریی سیاســـیدا خاوەنی مافی کەمتر لەچاو کەمایەتییە سوننەتییەکان بن (واتە ئەوانە کە چڕ و پڕ لە ناوچەیەکی وڵات و لە رۆژگارانی هەرە دوورەوە لەوێ نیشتەجێن یـــا تەبەعییەتـــی وڵاتەکەیان هەیە). بەڵام لە هێندێک بـــواردا و تەنانەت لە بواری بەشـــداریی سیاسییشدا بەتایبەتی لە ئاستی لۆکالی (محەللی)دا هێندێک لە مافەکانی کەمایەتی هەر دەیانگرێتەوە ( پەیماننامەیەکی ســـاڵی **١٩٩٢** مان هەیە کە راست بۆ مافی بەشداریی خاریجییەکان لە کاروباری سیاسیی محەللی‌دا تەرخان کراوە).

مەســـەلەیەکی دیکە جیاوازی و پێوەندیی نێوان کەمایەتی‌یەکان و گەلانی بوومی‌یە. بەو پێناسەیە کە پەیمانی ژمارە **١٦٩** ی رێکخراوی نێونەتەوەییی کار لە گەلانی بوومیی کـــردووە، جیا لە مەرجە عەینـــی و زەینی‌یەکان، گەلانی بوومی بە دوو تایبەتمەندی ڕا دەناســـرێنەوە : یەکەم ئەوە کە گەلانێکن کە پێش لە گەیشتنی ئوروپایی‌یەکان بۆ ســـەرزەمینە کەشف یان تەسخیر کراوەکان لەوێ دەژیان (بۆ نموونە هیندییەکانی ئامریـــکا)، دووهەم ئەوە کە پێوەندی‌یەکی قووڵ لەنێوان ئەو گەلانە و خاکەکەیان‌دا هەیە و ئەو پێوەندییە بەشێکە لە هۆوییەت و کولتوری وان. دیارە لێک جیا کردنەوەی کەمایەتییەکان و گەلانی بوومی هەمیشـــە ئاســـان نیە و زۆر جار دەوڵەتێک بۆ خۆ بـــواردن لە دانی ئەو مافانەی لەژێر یەکێک لەم چەمکانەدا بە رەســـمی ناســـراون، گرووپەکانی وڵاتەکەی لەژێر چەمکەکەی دیکەدا پێناســـە دەکا، وەیان بە هۆی ئەوە کە زۆر جار گەلانی بوومی مافی پێشکەوتووتریان بۆ بەڕەسمی ناسراوە، کەمایەتییەک خۆی وەک گەلی بوومی لە قەڵەم دەدا. بەهەرحاڵ چەمکی گەلی بوومی و کەمایەتی ئەگەرچـــی دوو چەمکی جیاوازن و مێکانیزمی پارێزگاریی جودا لە یەکتریان لە مافی نێونەتەوەیـــی‌دا بـــۆ داندراوە، بەڵام پێوەندی‌یەکی گەرم لـــە نێوانیاندا هەیە و ماف و رێوشوێنەکانی پێوەندیدار بە یەکتر دەوڵەمەند دەکەن. کۆمیتەی مافی مرۆڤ و دادگای ئەمریکایی مافی مرۆڤ بۆ دیفاع لە گەلانی بوومی زۆر جار لە مافی کەمایەتی‌یەکانیش هەڵدێنجن.

ئاخر شـــت کە پێویستە باســـی بکەم پێوەندیی نێوان پێناســـەی کەمایەتی و پرسی بەشداریی سیاسییە. جارێ دەبێ ئەوە بڵێم کە بەشداریی کەمایەتییەکان لە حەوزەی عموومی‌دا زۆر بوار و بابەت دەگرێتەوە کە یەک لەوان خودی پرســـی پێناسە کردنە. بەو مانایە کە دەوڵەت لەســـەریەتی کە لە کاتی پێناســـە کردن یان ساغکردنەوەی

کەمایەتییەکاندا یەکلایەنە بڕیار نەدا و کەمایەتییەکانیش لەو پرۆسەیەدا بەشدار بکا. پاشان بە لەبەر چاوگرتنی ئەو شتانەی ئیشارەم پێ کرد و کۆمەڵێک شتی دیکەش، دەتوانم بڵێم مەسەلەی ئەسڵی ئەوە نیە کە بڕیین بڵێین فلانە گەل یان فیسارە گرووپ کەمایەتییە یا نا. دەبینی ئەورۆ گرووپێک لە روانگەی مافی نێونەتەوەیی‌یەوە بە کەمایەتی دادەندرێ ( میللەتی خۆمان بۆ نموونە)، سبەینێ سەربەخۆیی وە دەست دێنێ و دەبێتە دەوڵەت، ئەوجار مافی نێونەتەوەیی بە گەلی ناو دەبا! کافییە سیاسەت گۆڕانی بەسەردا بێ بۆ ئەوەی یاساش بەشوێنی دا بێت. هەر بۆخۆمان وەک کورد بە ئاسانی حازر نین نەتەوەی خۆمان بە کەمایەتی ناو بەرین و هەقیشمانە.

**لێک جیا کردنەوەی کەمایەتییەکان و گەلانی بوومی هەمیشە ئاسان نیە و زۆر جار دەوڵەتێک بۆ خۆ بواردن لە دانی ئەو مافانەی لەژێر یەکێک لەم چەمکانەدا بە رەسمی ناسراون، گرووپەکانی وڵاتەکەی لەژێر چەمکەکەی دیکەدا پێناسە دەکا، وەیان بە هۆی ئەوە کە زۆر جار گەلانی بوومی مافی پێشکەوتووتریان بۆ بەرەسمی ناسراوە، کەمایەتییەک خۆی وەک گەلی بوومی لە قەڵەم دەدا**

کەوابوو دروستتر وایە باسی وەزعییەتی کەمایەتی بکەین و مەسەلەی ئەسڵی «لە حاڵەتی کەمایەتی‌دا بوون»ە. گەلێک یا گرووپێک لە خەڵک لە حاڵەتی کەمایەتیدایە لە پێوەندی لەگەڵ نۆرمێک، مێکانیزمێک، یا ڕێوشوێنێک. هەر بۆیە ئەمن لە کارەکەمدا بەو ئاکامە گەیشتم کە باشترین پێوانە بۆ پێناسەی کەمایەتی یان دیاریکردنی ئەوە کە کام گرووپانە دەبێ لە مافەکانی کەمایەتی سوودمەند بن نیسبەت و کەیفییەتی بەشداریی سیاسی وانە. لە هەر شوێنێک و لە هەر ئاستێکدا گەلێک یان کۆمەڵێکی بەرچاو لە مرۆڤەکان کە خاوەنی زمان یا کەلتووری تایبەت بە خۆیانن و دەیانەوێ ناسنامەی خۆیان بپارێزن، بەڵام کۆنترۆڵی تەواوی کاروباری خۆیان و چارەنووسی سیاسیی خۆیانیان لە دەست دا نەبوو ئەوانە لە حاڵەتی کەمایەتیدان و لە مافەکانی کەمایەتی سوود مەند دەبن.

ئەو پێوانەیە بەتایبەتی لەو لایەنەوە بەکەڵکە کە لە هێندێک وڵاتدا هیچ گەلێک زیاتر لە نیوەی خەڵکی وڵات پێک ناهێنێ (دوور نییە هەر لە ئێرانی خۆماندا وابێ). ئەگەر قەرار بێ نەخشەی دیمۆگرافیی سیاسی-ئێتنیکی وڵات موزائیکێک بێ لە چەندین

گەل و نەتەوە و گرووپ کە هیچیان زۆرایەتیی موتڵەق نەبن، زۆر سروشتی‌یە کە لە هێندێک لە حاڵەتەکاندا هەر هەموویان بەهەرحاڵ لە یەک ئاستدا چاو لێ بکرێن، ئەوە هەم بە قازانجی بەڕەســمی ناسینی مافی ئەو گەلانە بۆ نموونە کوردە کە مەسەلەن لە ئێران ژمارەیان لە فارسەکان و لە ئازەرییەکان لە خوارترە، وە هەم بە قازانجی ئەو کەمایەتی‌یە فارس و ئازەرییانەشە کە لە کوردستان دەژین. لەلایەکی دیکەوە وڵاتی وامان هەبووە وەک لە ئەفریقای باشــووری ســەردەمی ئاپارتاید کە زۆرینەی رەش پێست لەلایەن کەمینەی سپی پێستەوە دەچەوسایەوە، یان لە بۆلیوی کە زۆرایەتی لە گەلانی بوومی پێکهاتووە بەڵام لە ئاستی نیهادی و سیاسی‌دا لە حاڵەتی کەمایەتیدان ( دیارە لەم دوایی‌یانەدا کابرایەکی سەر بە گەلانی بوومیان بە سەرۆککۆمار هەڵبژارد، بەڵام لە مەجمووعدا شــتەکان هێشتا گۆڕانی بنەڕەتییان بەسەردا نەهاتووە). کەوابوو بە مێعیار گرتنی واقعییەتی بەشداریی سیاسی وڵامی زۆر پرسیار لەگەڵ خۆی‌دا دێنێ. ئەو پێوانەیە هەروەها ئەو پرسەش چارەسەر دەکا کە لە خۆمان بپرسین کەمایەتی لە ئاســتی هەموو وڵاتدا چاو لێ دەکەین یا لە ئاستی هەرێم و ناوچەکانیش. بۆ نموونە «کۆمیسیۆنی ئورووپایی بۆ دێموکراسی لە رێگای یاساوە» ناسراو بە کۆمیسیۆنی ڤێنێز لە پێوەندی لەگەڵ گەلانی بێلژیکدا رایگەیاند کە نەک هەر ئاڵمانی زمانەکان کە لە قانوون‌دا بە کەمایەتی ناسراون، بەڵکوو فەڕانسەیی زمانەکان و هولەندی زمانەکانیش کە دوو نەتەوەی ســەرەکیی ئەو وڵاتەن هەر کامەیان بە نۆرەی خۆیان لە هێندێک شــوێنی ئەو وڵاتە بەپێی ئەوە کە چەندە لە نیهادە حکوومەتییەکاندا دەسترۆیشتوون دەکرێ ئەوانیش بە کەمایەتی دابنرێن.

**تیشک : بنەمای تیۆری بەشداری پێکردنی کەمینە نەتەوەییەکان لە دەسەڵاتی سیاسیدا چیە ؟**

ئاسۆ حەسەن زادە : ئەمن تەنیا لە گۆشە نیگای مافی نێونەتەوەیی و لە چوارچێوەی تێزەکەمدا بۆ شتەکە دەچم. وەک پێشتر باسم کرد، گرینگترین ئامانجی من لەو تێزەدا گەڕان بەدوای ئەوەدا بوو کە ئایا مافی نێونەتەوەیی پشتیوانی لەو شتە دەکا کە ئەمن لە تێزەکەمدا ناوم نابوو بەشداریی تایبەتیی کەمایەتییەکان لە کاروباری حکوومەتی‌دا ؟ مەتنی کۆنڤانسیۆن و رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و رێنوێنی و راسپاردەکانی ئۆرگانە نێونەتەوەیی‌یــەکان کۆمەڵێک فاکتی بەهێز بە قازانجی ئەو مافە پێناســە کراوەیان تێدایە کە دەکرێ وەک بنەمای فەرمیی مافی بەشداریی تایبەتیی کەمایەتییەکان چاو لێ بکرێن. بــەڵام بنەمای تیئۆریک لە روانگەی منەوە و لە بوارێکی وەک ئەوەی

تێزەکەی مندا پێش هەموو شـــتێک پێوەندیی بە فەلسەفەی حقووقەوە هەبوو. وەک باسم کرد سیستمی پارێزگاریی نێونەتەوەیی مافی کەمایەتییەکان بەشێکە لە سیستمی گشـــتیی پارێزگاریی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ و تەواوی دەقە نێونەتەوەیییەکان لە دیباچە یان ماددەکانی یەکەمیاندا بە وەبیر هێنانەوەی ئەو پرەنسیپە دەست پێ دەکەن کە مافی کەمایەتییەکان بەشێک لە مافەکانی مرۆڤن و مافی مرۆڤ بنەمای مافەکانی کەمایەتییـــە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە پێشـــنیاری بەشـــداریی تایبەتیی کەمایەتییەکان بۆخۆی لەو ئاکامگیرییەوە سەرچاوە دەگرێ کە مێکانیزمەکانی دێموکڕاسیی زۆرایەتی کـــە پێوەندیی‌یەکی قووڵیـــان لەگەڵ مافی هاووڵاتی و یەکســـانیی مافەکانی مرۆڤ بەبێ هیچ جیاوازیدانانێک هەیە ناتوانن وڵامدەری پێویستییەکانی بەشداریی سیاسیی کەمایەتییەکان بن. شتێک کە بە مانای هێنانە ژێر پرسیاری بنەمای مافی مرۆڤ وەک تەنیا بنەمای مافەکانی کەمایەتییە. هەر لەپاش دامەزرانی «کۆمیسیۆنی فەرعیی نەتەوە یەکگرتـــووەکان بۆ خەبات بە دژی تەبعیز و بۆ پارێزگاری لە کەمایەتییەکان»، یانی نزیک بە شەست ساڵ لەمەوبەر، دان بەو راستییەدا نراوە  کە نەک هەر پێوەندیی‌یەکی راستەوخۆ لەنێوان نەبوونی تەبعیز و پارێزگاری لە کەمایەتییەکاندا هەیە، بەڵکوو رەچاو نەکردنی تەبعیز بە تەنیا کافی نییە و پێویســـتە هەنگاوی موســـبەتیش بۆ پاراستنی مافەکانی کەمایەتییەکان هەڵگیرێتەوە. لەلای دیکەوە ئەو بۆچوونەش هەرچی هاتووە زیاتـــر لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە ئەکادیمیی‌یـــەکان و نیهادە نێونەتەوەیی‌یە پێوەندیدارەکاندا جێی گرتووە کە راستە فەلسەفەی جەوهەریی مافەکانی مرۆڤ فەلسەفەیەکی جیهانی (یوونیڤێرسال) بەبێ وەبەرچاوگرتنی تەعەلوقاتی تایبەتیی مرۆڤەکانە، بەڵام بۆ کاریگەر بوون ناتوانین کۆنتێکست یان ئەو زەمینە و موحیتە تایبەتییە پشت گوێ بخەین کە تاکەکانی تێدا دەژین.

هەموو ئەو تەعدیل و تەوجیهانە هێشتا هەر کافی نین بۆ ئەوەی بڵێین کە مافی مرۆڤ بەپێی ئەو خوێندنەوە سوننەتی بەتایبەتی لیبرالییە کە بۆی دەکرێ دەتوانێ وەک خۆی ببێتە بنەما و چوارچێوەی تیئۆریکی بەشداریی تایبەتیی کەمایەتییەکان بەبێ خوڵقاندنی کۆمەڵێک کێشە و دژایەتیی جەوهەری کە لە نەتیجەدا و لە مەیدانی کردەوەدا دەبنە هۆی لەرزۆکیی دیزاینی نیهادە سیاســـییەکان و دڕدۆنگی و لێکنەگەیشـــتنی گەل و نەتەوە و گرووپە قەومییەکانی خەنیمی یەکتر. هێندێک فۆرم لە بەشـــداریی تایبەتیی کەمایەتییەکان راستەوخۆ نەک هەر لەگەڵ تەفسیری سوننەتی لە مافی مرۆڤ بەڵکوو لەگەڵ کۆمەڵێک پرەنسیپی دیکەی مافی دەستووری و مافی نێونەتەوەیی‌یش دەکەونە ئیستکاک و تەشەنوجەوە. هەربۆیە پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتی بە خوێندنەوەی بنەما

سوونەتییەکەی پارێزگاری لە مافی کەمایەتییەکان کە هەروەک گوتم تابعی بنەماکانی مافی مرۆڤە پێویستە. ئەو پێداچوونەوەیەش نەک بە مانای وەلانانی بەتەواویی بنەمای مافی مرۆڤ، بەڵکوو هەم بە مانای پێشنیاری جێبەجێکردنی کۆنتێکستیی مافی مرۆڤە (واتـــە بە وەبەرچاوگرتنی تەعەلوقاتی فەرهەنگی و ئێتنیکیی کەمایەتییەکان و دەرک کردن و هەوڵی قەرەبوو کردنەوەی ستەم و تەبعیزی رابردوو لە دژی کەمایەتییەکان)، و هەم بەتایبەتی پێشـــنیاری بنەمایەکی قائیم بە زات کە هەڵقووڵاو لە مافی مرۆڤ نیە، بەڵکوو لە مێکانیزمە ئیسلاحییەکانی دێموکڕاسیی زۆرایەتی و لە بەرەسمی ناسینی فرەنەتەوایەتییەوە سەرچاوە دەگرێ. بۆ ئەوەش چەندین تەوجیهی تیئۆری و مەیدانی دەتوانـــن یارمەتیـــدەر بن، وەک زەق کردنەوەی بوعـــدی جەمعیی مافەکانی مرۆڤ، پێویســـتییەکانی ئاشتیی نێونەتەوەیی کە ئەمڕۆ زۆر بەستراوەتەوە بە تەبایی و رەبایی نێوان گەلانی نێوخۆی وڵات، زەرووەتی کاریگەر کردنی سیستمی پارێزگاریی مافی کەمایەتییەکان (شـــتێک کە لە پاش کۆنفرانســـی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە **۱۹۹۳** لەلایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەیییەوە بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ راگەیاندراوی **۱۹۹۲** ی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بێ وچان پێی لەسەر داگیراوەتەوە).

پارێزگاریی مافی کەمایەتییەکان کاتێک بەڕاســـتی دەتوانێ کاریگەریی تەواوی خۆی وە دەست بێنێ کە بوعدی نیهادیی مافەکان و بایەخی خاک و سەرزەمین بۆ زۆربەی کەمایەتییەکان بە رەســـمی بناســـرێ (ئاخر هەبوونی نیهادگەلی تایبەت بە خۆت و هەقی بەڕێوەبردنی خاک و ناوچەی خۆت بەشێک لە گرینگترین ئاکامەکانی بەشداریی تایبەتیین). لەلایەکـــی دیکەوە هەر ئەو کاریگەری و واقعییەتەی رێزگرتن لە مافی کەمایەتییەکان بە شـــێوەیەکی حەیاتی بە بەشـــداریی سیاسیی وانەوە بەستراوەتەوە. یەکێک لە کەم و کوڕییە هەرە دیارەکانی سیستمی کلاسیکی پارێزگاریی نێونەتەوەیی لە مافی کەمایەتییەکان، جیا لەوە کە زۆرتر فەردگەرا بووە، ئەوەیە کە مافەکانی زۆرتر سروشـــتێکی فەرهەنگییان هەبووە نەک سیاسی. ئەو شتە بەڵام ئەورۆ زۆری گۆڕان بەســـەردا هاتووە و مەبەستی منیش زۆرتر گوزارش کردنەوە لەو گەشەسەندنە نوێیانە بووە. بەڵام خۆ ئەگەر تەنانەت وەک هێندێک دەوڵەت ئیدعا دەکەن وای دابنێین کە مافەکانی کەمایەتییەکان تەنیا مافی پێوەندیدار بە پاراســـتنی هۆوییەتی فەرهەنگیین، زۆر لە نیهادە نێونەتەوەیییەکان و یەک لەوان «گرووپی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان لەســـەر کەمایەتییەکان» بەردەوام رایانگەیاندووە کە باشترین رێگای جێبەجێکردنی ماددەی **۲۷** ی پەیمانی مافە مەدەنی و سیاسییەکان (پاراستنی هۆوییەتی فەرهەنگیی کەمایەتییەکان) ئەوەیە کە ئەوان بەشـــدارییەکی کاریگەرییان لە حەوزەی سیاسی و

حکوومەتی‌دا هەبێ و بەڕێوە بردنی کاروباری خۆیان بە عۆدەی خۆیان بێ. دەوڵەمەند کردن و ساغکردنەوەی بنەمای تئیۆریی بەشداریی تایبەتیی کەمایەتییەکان هەروەها بەوە وە دەست دێ کە ئێمە ئەو تەشەننوجاتە کە وەک گوتم ئەو بەشدارییە تایبەتییە لەگەڵ کۆمەڵێک ئەسڵ و نۆرمی دیکە دروستیان دەکا چارەسەر بکەین.

**تیشک : ئەو پرەنسیپانە چین کە مافی سیاسی گەلانی بێدەوڵەت دژایەتی لەگەڵ ساز دەکا و تەشەنوجەکان چۆن حەل دەکرێن ؟**

ئاسۆ حەسەن زادە : بەو جۆرەی ئەمن لە تێزەکەمدا بۆ مافی بەشداریی تایبەتیی کەمایەتییەکان چووم، پێویست بوو پێوەندیی نێوان ئەم مافە یان ئاکامەکانی جێبەجێکردنی ئەو مافە لەگەڵ سێ جۆر مافی دیکە وەیان مافەکانی سێ جۆر سووژەی دیکەی حقووقی کە هەم لە مافی نێونەتەوەیی‌دا و هەم لە یاسای دەستووری‌دا بنەما و نێوەرۆکی قایم و پێناسە کراویان هەیە روون بکەینەوە. ئەو مافانەش بریتین لە مافی گەلان، مافی دەوڵەت و مافی مرۆڤ.

پێوەندیی نێوان مافی گەلان و مافی کەمایەتییەکان بابەتێکی زۆر بەربڵاوە و کورت کردنەوەی لە چەند دێڕدا زۆر زەحمەتە. لە جیهاندا بە دەیان گرووپی ئێتنیکی هەیە کە مافی نێونەتەوەیی وەک کەمینە چاویان لێ دەکا، لە حاڵێکدا کە هەموو یان زۆربەی ئەو مەرجانەی بۆ گەل یا نەتەوە بوونیان کە پێویستە تێدایە و نوخبەکانیشیان لە خەباتی خۆیاندا مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک بنەمایەکی وتاری سیاسیی خۆیان بەکار دەبەن (بڕوانە پێشەکیی بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبەکەی خۆمان). بەڵام لە مافی نێونەتەوەیی‌دا هەوڵ دراوە مافی گەلان لە مافی کەمایەتییەکان جیا بکرێتەوە. بۆچوونی باو لە رووی حقووقییەوە ئێستاش هەر ئەوەیە کە مافی گەلان بە مانای سەربەخۆیی و سەروەری جگە لە دەوڵەتانی مەوجوود تەنیا هی ئەو گەلانەیە کە یان موستەعمەرە ( کۆلۆنییەکانی ئەفریقا)، داگیرکراو (گەلی فەلەستین) یا قوربانیی تەبعیزی نژادی (سەرزەمینەکانی ژێر چەپۆکی ئاپارتاید) بوون وە یان لە ئاکامی گۆڕانی واقعی کۆنترۆڵی سەرزەمینێکدا و بەرەسمی ناسینی نێودەوڵەتی‌دا دەبن بە دەوڵەت (مەسەلەن سەربەخۆیی بەنگلادش). رەوتی لەبەریەکهەڵوەشانی فێدراسیۆنەکانی شووڕەوی و یووگۆسلاڤیش کاریگەرییەکی بنەڕەتیی لەسەر ئەو دۆخی حقووقییە نەبوو کە لە دەهەکانی شەست و حەفتای زایینی و لە سەردەمی رەوتی رزگاری لە ئیستعماردا خەملێندراوە (بەتایبەت بڕیارنامەکانی **١٥١٤** و **٢٥٢٦** ی کۆڕی گشتیی یوو ئێن). دیارە مەرج نیە ئەو دۆخە هەر وا بمێنێتەوە. ئەمن لە تێزی ماستەرەکەمدا کە

لەســـەر کۆسۆڤۆم نووسیبوو باسی پێوەندی‌یەکم کردبوو کە لەنێوان ئەسڵی «یووسی پۆســـێدیتی» و بنەمای بە ســـەربەخۆیی گەیشـــتنی کۆمارەکانی نێو دوو فێدراسیۆنە سۆسیالیستییە موزمەحیلەکەدا هەیە. یووسی پۆسێدیتی مانای ئەوەیە پاش ڕۆیشتنی ئیستعمار تەقسیمبەندی‌یەکی ئیداری کە دەوڵەتی ئیستعمار لە داخڵی سەرزەمینی ژێر سوڵتەی خۆی‌دا دایبنابوو دەکرێتە بنەما بۆ دیاریکردنی سنووری نێونەتەوەیی‌یەکانی ئەو دەوڵەتانەی پاش ڕۆیشـــتنی ئیستعمار بە ســـەربەخۆیی دەگەن، بەبێ وەبەرچاوگرتنی تەرکیبی قەومیی ئەو سەرزەمینانە. سەرزەمینەکانی نێو ئەو دوو فێدراسیۆنە بەپێی مافی نێونەتەوەیی موستەعمەرە نەبوون کەچی بە تەقلید لە قانوونی ئیستعمارزدایی یووسی پۆسێدیتی بە جۆرێک جێبەجێ کرایەوە و تەنیا سەربەخۆیی ئەو هەرێمانە بەڕەسمی ناسرا کە پێشـــتر لە چوارچێوەی فێدراسیۆن‌دا ستاتووی فێدراڵیان هەبوو. جا کۆسۆڤۆ کە بەپێی ئەو دۆخە حقووقییە هەقی ســـەربەخۆیی نەبوو ئێســـتا سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندووە و زۆربەی دەوڵەتانی دێموکڕات و دەستڕۆیشتووی دونیاش بە ڕەسمی‌یان ناســـیوە. قەرارە هەر لەو ڕۆژانەدا دادگای لاهە لەپێوەندی لەگەڵ مەشـــرووعییەتی ئیســـتقلالی کۆسۆڤۆدا نەزەری خۆی ڕابگەیەنێ. هەرچەند دیوانی نێونەتەوەیی عەدل بەرەورووی بڕیارێکی سەخت و دیلەمایەکی بێ سابقە بۆتەوە، بەڵام پێشبینی دەکەم بڕیارەکە شتی چاکی تێدا بێ.

بەهەرحاڵ وەک گوتم ئەوەی تا ئێســـتا زاڵ بووە ئەوە بووە کە مافی گەلان و مافی کەمایەتییـــەکان بە جیا چـــاو لێ بکرێن و تێکەڵی یەکتر نەکرێـــن. تەنانەت نیهادە نێودەوڵەتییەکانیش و بەتایبـــەت کۆمیتەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان قەت حازر نەبوون شکایەتی خەڵکانی سەر بە کەمایەتییەکان لە چوارچێوەی مافی گەلان (مـــاددەی ١ ی هاوبەش لەنێوان هـــەردوو پەیماننامەکەی **١٩٦٦**) دا تاوتوێ بکەن. ئەمن لە تێزەکەمدا هەوڵم داوە بە پشت بەستن بە کۆمەڵێک گەشەسەندن و فاکتی نوێ لە بایەخی ئەو دۆخە حقووقییە کەم بکەمەوە و بڵێم بە بێگانە زانینی مافی گەلان و مافی کەمایەتییەکان لە یەکتر ئێستا ئیدی تەعبیر لە واقعییەتی مافی نێونەتەوەیی نـــاکا. چونکە ئەگەرچی ئەو چوارچێـــوە حقووقییە ناڕەوا و بەرتەســـکە کە لە مافی نێونەتەوەیی‌دا بۆ مافی جیابوونەوە و سەربەخۆیی داندراوە جارێ لەسەر یەک هەر لە جێی خۆیەتی، بەڵام بەڵگە و هۆکاری زەقکردنەوەی پێوەندیی نێوان مافی گەلان و مافی کەمینەکان زۆرن، تەنانەت ئەگەر باسی سەربەخۆییش نەکەین.

ئەو مافناســـانەی داکۆکی لە وەزعییەتـــی مەوجوودی پێوەندیدار بە مافی گەلان یان لە ســـەروەریی دەوڵەتانی مەوجوود دەکەن ئیدعا دەکەن کە هێندێک لە ئاکامەکانی

بەشـــداریی تایبەتیی کەمایەتییەکان بۆ نموونە خودموختاریی سیاســی لەگەڵ مافی گــەلان لــە دژایەتیدایە. ئەوان کە باس لە مافی گەلان دەکەن مەبەســتیان مافی گەلــی حاکم یان بەهەرحاڵ ئــەو کۆمەڵە گرووپ و مرۆڤانەیە کــە لەنێو دەوڵەتی مەوجووددا کۆ کراونەوە و تێیدا توێندراونەوە. ئیستدلالیشیان بۆ ئەو بە ناو دژایەتییەی نێوان مافی گەلان و مافی سیاســیی پێشــکەوتوو بۆ کەمایەتییەکان ئەوەیە دەڵێن هەمــوو هاووڵاتییان پێکەوە و بە قەولی وان گەل یەکجێ و بەپێی بڕیاری زۆرایەتی سیستمی سیاسیی خۆی دیاری دەکا، جا مەگەر هەموو وڵات خۆی فیدرالیزە بکات و سەرجەم پێکهاتەکانی وڵات بۆ یەک ئاست بێنێتە سەرەوە، دەنا ناکرێ لەسەر حیسابی مافە سیاســییەکانی سەرجەم هاووڵاتییان ئیستســنا و تەبعیزی موسبەت بە قازانجی بەشێک لە هاووڵاتییان قایل بین. ئەو قسەیە لە مەیدانی عەمەلدا مانای خۆی هەیە چونکە دەقیقەن مافە سیاسییە تایبەتییەکانی کەمایەتی‌یەکان کۆمەڵێک ئاکامیان هەیە کە ئەولاتر لە ســنوورەکانی ئەسڵی یەکسانیی سیاسیی سەرجەم هاووڵاتییان دەچن. ســەرفەنەزەر لەو تەوجیهاتە کە لە پێوەندی لەگەڵ بەرابەری‌دا هەن، قسەی من لەو تێزەدا بە پشت بەســتن بە بۆچوونی زۆر سەرچاوەی نەهادی و ئەکادیمی ئەوە بووە کە بڵێم مافی دیاریکردنی چارەنووســی ســەرجەم خەڵکی وڵات نەک هەر دژایەتیی لەگەڵ جێبەجێکردنی مافی بەشداریی سیاسیی تایبەتیی کەمایەتییەکان نییە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە مافــی گەلان و مافی دیاریکردنی چارەنــووس بۆخۆی دەکرێ وەک بنەمای ئەو بەشدارییە تایبەتییەی کەمایەتییەکان بەکار بێن. چۆن ؟

جارێ هەر لەو مەتنانەی کۆڕی گشــتیی ڕێکخــراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە لە سەردەمی ڕەوتی ڕزگاری لە ئیستعماردا فۆرمەکانی جێبەجێکردنی مافی چارەنووسیان تێدا سیســتماتیزە کراوە، باســی کۆمەڵێک مێکانیزمی بەشداریی سیاسی ( بۆ نموونە خودموختاری) کراوە کە نابنە هۆی ســەربەخۆیی و جیابوونەوە. پاشــان دەبێ بزانین کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان لە مافی نێونەتەوەیی‌دا تەنیا لایەنی دەرەکی واتە مافی هەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی نیە، بەڵکوو لایەنێکی نێوخۆییشی هەیە بەو مانایە کە لە چوارچێوەی دەوڵەتی مەوجووددا خەڵک سەربەســتانە سیستمی سیاسیی حاکمی خۆیان دیاری دەکەن. بەپێی ئەو تەفســیرانە کە لە مەتنەکانی ســەردەمی ڕزگاری لە ئیستعماریش و لە مەتنە نوێیەکانیش دەکرێ، تەواوەتیی ئەرزیی دەوڵەتی مەوجوود ئەو وەختە پارێــزراوە کە ئەو دەوڵەتە حکوومەتێکی هەبێ کە نوێنەرایەتی هەمــوو پێکهاتەکانی وڵات بەبێ هیچ جۆرە تەبعیزێک بەتایبەتی لە رووی قەومی و نەژادی‌یەوە بکا. بە واتایەکی دیکە و بەپێی ئەو بیرۆکەیە کە من لە تێزەکەمدا داکۆکیم

لـێ کردووە، لەو وڵاتانەدا کە فرەنەتەوەن و کەمایەتییەکانیان یان گەلانی بێدەوڵەت داوای مافی پێشـکەوتووی سیاسـی دەکەن ڕێزگرتن لە مافە سیاسییەکانی مرۆڤ و لە مافـی کەمایەتییەکان بە کردەوە تەنیا کاتێـک وەدی دێ کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی سەرجەم خەڵکی وڵات لە پێوەندی لەگەڵ ئەو گەل و کەمایەتییانەدا بە مانای هەبوونی نیهادە تایبەتەکانی خۆیان و ڕەنگدانەوەی بەرەسمی ناسرانی هۆویەتیان لە بنەماکانی دەسـەڵات و لە سـتروکتوریی دەسـتووریی وڵاتدا بێ. ئەوە شتێکە کە کاتی خۆی «کۆمیسـیۆنی مافناسـانی کۆمەڵی نەتەوەکان « لەپێوەندی لەگەڵ کەمایەتیی سـوئێدی زمانی دوورگەی «ئالاند»ی فینلاند بە روونی باسی کردبوو، و لەو سـاڵانەی دواییدا کۆمیسیۆنێکی کانادایی بۆ هەڵسەنگاندنی هەقی جیابوونەوەی گەلـی کێبێک لە کانادا دووپاتی کردۆتەوە. هەروەها زۆر نیهاد و سـەرچاوەی وەک «کۆمیسـیۆنی داوەری بۆ ئاشـتی لە یووگۆسلاویی پێشـوو» و کۆمسیۆنی ڤێنیزی شوورای ئورووپا و ڕێکخراوی یوونسکۆ و هەر دوو کۆمیسیۆنی ئەمریکایی و ئەفریقایی مافـی مرۆڤ داوای پێداچوونەوە بە چەمکی گەل لـە مافی نێونەتەوەییدا و کەڵک وەرگرتـن لە پۆتانسـیەلە تاقینەکراوەکانی مافی گـەلان و موتەرادیف کردنی مافی چارەنووسی کەمایەتییەکان و هەقی خودموختاری دەکەن. جیا لەوانەش زۆر مەوردی پێشنیاری نێونەتەوەیی بۆ چارەسەری کێشە ئێتنییەکانمان هەیە کە لەواندا بەشداریی سیاسـیی تایبەتی و خودموختاری لەسـەر بنەمای مافی چارەنووسی گەلان گەڵاڵە کـراون، وەک بۆ نموونە لە پێوەندی لەگەڵ «ناگۆرنۆ قەرەباغ» لەلایەن شـوورای ئەمنییەت و هاوکاری لە ئورووپا یان لە پێوەندی لەگەڵ قیبرس لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

شـتێکی دیکە کە ئەمن ئەویشم هەر بە مەسـەلەی مافی چارەنووسەوە بەستۆتەوە چەمکـی «باش بەڕێوەبردنی حکوومەت»ە کـە چەمکێکە هەتا دێ زیاتر لەلایەن کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکانەوە (لە بانکی جیهانی ڕا بگرە تا کۆمیسـیاری بەرزی مافـی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتـووەکان) بەتایبەتی لەبـواری جێبەجێکردنی فاکتەرە هانابەخشەکانی گەشە سـەندن و بەرپرسیار کردنی نیهادە دەوڵەتییەکاندا پەرەی پێ دەدرێ و قووڵ دەکرێتەوە. ئەمڕۆ دوو پارامێترمان هەیە کە بە لیسـتی پارامێترەکانی بـاش حکوومـەت کردنەوە زیاد کراون : یەکێکیان ڕێزگرتـن لە کەمایەتییەکان و ئەوی تریشیان لامەرکەزییەتە. وە لە واقعدا پێکەوە گرێدانی ئەو دوو پارامێترە بۆخۆی دەتوانێ پشتوانەیەکی تیئۆریی سوودمەند بێ بۆ جێبەجێکردنی خوێندنەوەیەک لە مافی چارەنووس لە ڕوانگە نێوخۆییەکەیەوە کە بە قازانجی بەڕەسـمی ناسینی بەشداریی

سیاسیی تایبەتیی کەمایەتییەکان تەواو بێ.

ئێســـتا سەبارەت بە تەشەنوجی نێوان بەشداریی تایبەتیی کەمایەتییەکان و مافەکانی دەوڵەت. لێرەدا دەکرێ شـــتەکە لە دوو ئاســـتدا چاو لێ بکەین. یەکەم لە رووی بنەما فەلسەفییەکانی دەوڵەتەوە کە ئەمەیان زۆرتر پێوەندیی بە زانستی سیاسی و بناخەی دەستووریی دەوڵەتەوە هەیە. لێرەدا بەشداریی تایبەتی دەتوانێ لەگەڵ دوو چەمکـــی بنەڕەتی بکەوێتە گرژییەوە، دەوڵەتی نەتەوەیی و دەوڵەتی لیبرال. دەوڵەت-نەتەوە یا ئێتاناسیۆن تێگەیشتنێکی بێگیان و وشک لە دەوڵەتە. لە ئێتاناسیۆن‌دا سەروەری بەرهەمی ئیرادەی نەتەوەیە کە ئەویش بریتییـــە لە کۆی هەمـــوو هاووڵاتییان. لە ئێتاناســـیۆندا دەوڵەت تاکە نوێنەری میللەتە و وەک لـــە راگەیاندراوی مافی مرۆڤ و هاووڵاتیی شۆڕشـــی فەڕانسەدا گوتراوە نابـــێ هیچ پێکهاتێکی میانەیی لەنێوان دەوڵـــەت و تاکەکان‌دا وجوودی هەبێ. بەو پێیەش نەک هەر نەخشـــی سیاسیی پێناسەکراوی کەمایەتی، بەڵکوو لە بنـــەڕەتڕا مەوجوودییەتی قانوونیی کەمایەتیی نەتەوەیی ئاستەمە.

**سەبارەت بە ئەگەری گرژی لەنێوان بەڕەسمی ناسینی بەشداریی سیاسیی کەمایەتییەکان و مافی مرۆڤدا کە دیارە تا ئێستا هێندێک شتمان باس کردووە کە ئەو لایەنە لە تەشەنوجەکەش دەگرێتەوە. با مافەکانی تاکەکانی سەر بە کەمایەتیی خاوەنی بەشداریی تایبەتی و مافی تاکەکانی سەر بە زۆرایەتی یان سەر بە گەل و کەمایەتییەکانی دیکە بە جیا چاو لێ بکەین**

بـــەڵام لـــە راســـتیدا ئەو تێگەیشـــتنە تێگەیشتنێکی سوونەتیی بەسەرچوویە. ئەمڕۆ بەلەبەرچاوگرتنی پێویســـتییەکانی حوکمڕانیی کاریگەر و تەبایی، ئێتاناسیۆنە هەرە کـــۆن و دیارەکانیش (بۆ نموونە فەڕانســـە لە پێوەندی لەگەڵ دوورگەی کۆرس یان ئەو کۆنە موســـتەعمەرانەدا کە لەگەڵی ماون) ناچار بوون، لە ئاســـتی یاســـایی و نیهادی‌دا هێندێک مێکانیزم بۆ لەبەرچاوگرتنی کەمایەتییەکان لەبەرچاو بگرن کە ئەو مێکانیزمانە لە راســـتیدا لەگەڵ جەوهەری ئێتاناســـیۆن یەک ناگرنەوە. لـــەوەش گرینگتر ئەمڕۆ زەق بوونەوە و پەرە ئەســـتاندنی چەمکی مولتی ناســـیۆن یان فرەنەتەوایەتییە. دەوڵەتی مولتی ناسیۆنال پێشـــینەی مێژوویی بەتایبەتی لە ئوتریش- مەجارستان و لەژێر کاریگەریی سۆسیال

دێموکراســـیدا هەیە. پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ســـارد زۆر لە دەوڵەتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات بە ڕەسمی فرەنەتەوایەتییان لە دەستوور یان لانیکەم یاسا دەستوورییەکاندا گونجاند. ئەوە لە ئاستی نێونەتەوەییشدا ڕەنگدانەوەی هەبوو و بۆ یەکەم جار چەمکی ناســـیۆن وەک چەمکێکی حقووقی لە مەتنە نێونەتەوەیی‌یەکاندا ئیشارەی پێ کرا. بۆ نموونە ڕێنوێنینامەی (٢٠٠١) ١٧٣٥ ی ئەنجوومەنی پارلمانیی شـــووڕای ئورووپا باس لـــەوە دەکا کە ئەمڕۆ هەتا دێ زیاتر لە دەوڵەتـــی نەتەوەیی‌یەوە دەگوێزینەوە بەرەو دەوڵەتی فرەنەتەوەیی.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر لیبرالیزمی سیاسییش، فەلسەفەی فەردگەرایانەی لیبرالیزم لەگەڵ بەرەســـمی ناســـینی گرووپەکان یەک ناگرێتەوە. بەڵام لێرەشدا، پاش ئەوەی دەرکەوتووە کە ئەو یەکسانییەی لیبرالیزم ئیدعای دەکا لە مەیدانی کردەوەدا هەمیشە بە قیمەتی سەپاندنی زمان و کولتووری یەکێک لە نەتەوەکان بەسەر گەل و نەتەوەکانی دیکەدا تەواو بووە، ڕەوتێکی ڕیفۆرمیســـتی لەنێو لیبرالیزمدا کە لە کردەوەشـــدا لە زۆر دەوڵەتی لیبرالدا جێبەجێ کراوە، بە جەخت کردن لەســـەر ئەوە کە مرۆڤەکان مافی بەکۆمەڵیشـــیان هەیە هەوڵی داوە لە حاددیی ئەو تـــەزادە کەم بکاتەوە. وە گرینگتر لەوەش تیئۆرییەکانی ناســـراو بە کۆمۆنۆتاریسم (کۆمەڵگەرایی) کاریگەریی باشیان لەســـەر پێکهێنانی ئـــەو قەناعەتەدا هەبووە کە نابێ هەموو شـــتێک لە چوارچێوەی بنەماکانی لیبرالیزمدا چاو لێ بکرێ و پێویســـتە لە پەنـــا مافی هاووڵاتی، بنەماکانی بەڕەسمی ناسینی میللییەتەکان وەک خۆیان دابڕێژرێن و ئەوەش بکرێ بە پایەکەی دیکەی دێموکڕاسی.

هەر لەپێوەندی لەگەڵ دەوڵەتدا ئەگەری گرژییەک هەیە لەنێوان بەشداریی تایبەتیی کەمایەتییـــەکان و مافە نێونەتەوەیی‌یەکانی دەوڵـــەت یان ئەو مافانەی پارێزگاری لە سەروەریی دەوڵەت دەکەن. سێ ئەسڵ لێرەدا مەترەحن. یەکەم، ئەسڵی سەربەستیی نیهادیی دەوڵەتانە. دیوانی نێونەتەوەیی عەدل لە قەزیەی سەحەرەی ڕۆژئاوا (١٩٧٥) دا ڕایگەیاند کە مافی نێونەتەوەیی بەسەر دەوڵەتاندا ناسەپێنێ کە سیستمێکی سیاسی یان فۆرمێکی حکوومەتی تایبەتیان هەبێ و بۆخۆیان ئازادن لە دیاریکردنیدا. لە زۆر مەوریددا بەشـــداریی تایبەتیی کەمایەتییەکان بەبێ داڕشتنەوەی نیهادەکانی ناوەند و دێسانترالیزاسیۆن و خودموختاری و شتی لەو بابەتە جێبەجێ نابێ. وە ئەگەر قەرار بێ مافی نێونەتەوەیی لە سۆنگەی بەشداریی تایبەتیی کەمایەتییەکانەوە دەوڵەت ناچار بەو ئاڵوگۆڕە نیهادییانە بکا، ئەوە لە ڕوانگەی هێندێک کەس و لایەنەوە بەدژی ئەســـڵی سەربەستیی نیهادی و دەستووریی دەوڵەتانە. لە وڵامی ئەو ئیدیعایەدا و بۆ چارەسەری

ئەو بەناو دژایەتییە دەتوانین بڵێین کە راستە مافی نێونەتەوەیی کاری بەوە نیە کە داخوا فۆڕمی دەوڵەت فیدرالی‌یە یا ناوەندگەرا، وەیان سیســـتمی حکوومەتی سەرکۆماری‌یە یـــا پارلمانی، بەڵام لە عەوەزدا مافی نێونەتەوەیی بەســـەر دەوڵەتاندا دەســـەپێنێ کە شـــەرعییەتی دێموکراتیکیان هەبێ، ئەو شەرعییەتەش بە ڕێزگرتن لە مافی نێوخۆیی دیاریکردنی چارەنووس (کە وەک لە ســـەرەوە گوتمان بەشـــی کەمایەتییەکان وەک خۆشیان دەگرێتە خۆی) وەدەست دێ و هەمووی ئەوانە و تەنانەت مافەکانی مرۆڤی کەمایەتییەکانیـــش لە ڕێگای ئەو فـــۆرم و مۆدێلانە لە حوکمڕانییەوە جێبەجێ دەبن کـــە دەبنە مایەی ئەوە کـــە کەمایەتییەکان و گەلانی پێکهێنەری وڵات لە حەوزەی عموومی‌دا وەک پێکهاتەی خاوەن کەسایەتیی حقووقی بەڕەسمی بناسرێن. ئەوەش تەنیا تەوجیهێکی تیئۆری نیە. لە رابردوودا چ لە پێوەندی لەگەڵ ئەو سەرزەمینە ئورووپایی و ناموســـڵمانانەی لەدەســـت دەوڵەتی عوســـمانی‌دا بوون، و چ بەتایبەتی لە سەدەی بیســـتەمدا لە پێوەندی لەگەڵ زۆر کەیسی وەک ئالاند، ئێتیۆپی-ئێریترە، فەلەستین، قبرس، تیرۆلی جنووبی لە ئیتالیا، بۆســـنی هێزرەگۆڤین، کۆسۆڤۆ، تیمۆری رۆژهەڵات، سۆمالی، جنووبی سوودان، هەرێمە موسڵمانەکانی فیلیپین، ناوچەی تامیلەکانی سری لانکا، ... هتد کۆمەڵگای نێونەتەوەیی پاش تێوەگلانی بە قەیرانی ناوچەیەکی گرفتار بە کێشەی قەومی، تەنیا بە هەڵوێست گرتنێک یان ناردنی هێزێکی پاراستنی ئاشتی قەناعەتی نەکردووە، بەڵکوو چ لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا و چ لە ڕێگای ڕێکخـــراوە ناوچەیی‌یەکانەوە بۆخۆی هاتۆتە نێو حەوزەی دەســـتووریی حکوومەت و ئەگەر هەر بۆخۆیشـــی بنەما و ستروکتوری دەستووریی وڵاتی بە قازانجی بەشداریی تایبەتیی کەمایەتییەکان یان گەلانی پێکهێنەری وڵات دانەڕشتبێتەوە، لانیکەم گەڵاڵە و پێشنیاری لەم جیهەتەدا بە پەسند گەیاندووە. جیا لە کەیسە ناسراوەکانی وەک ئەو دەستوورەش کە ساڵی **١٩٩٦** لە دایتۆنی ئەمریکا بۆ بۆسنی هێرزەگۆڤین داڕێژرا، تا ئێستا بە دەیان گەڵاڵەی دەستوور و چاکسازیی دەستووری بەتایبەتی لە ئورووپای رۆژهەڵات و نێوەڕاســـت هەبوون کە کۆمیسیۆنی ڤێنیزی شووڕای ئورووپا ئامادەی کردوون یان پێیاندا چۆتەوە جا دوایە بە پەسندی مێکانیزمە بڕیاردەری‌یە نێوخۆیی‌یەکان (ریفراندۆم، پارلمان، ... ) گەیشتوون.

ئەســـڵی دووهەم کە هەر درێژەی ئەسڵی یەکەمە و لەگەڵ وی عیللەت و مەعلوولی یەکترن، ئەســـڵی دەســـتێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانـــە کە لە مادەی **٧-٢** ی مەنشـــووری نەتەوە یەکگرتووەکاندا راگەیاندراوە و دادگای لاهەش بەتایبەتی لە کەیســـی دەخالەتی نیزامیی ئەمریکا لە نیکاراگوا (**١٩٨٦**) بە وردی شـــیی کردۆتەوە.

ئێستاشی لەگەڵ بێ مافی نێونەتەوەیی هەروا دژایەتی لەگەڵ دەستێوەردانی دەوڵەتێک لــە کاروباری نێوخۆیی دەوڵەتێکی دیکە دەکا. بەڵام ئــەوە بەو مانایە نیە کە وەک هەر ئێســتا گوتمان کۆمەڵگای نێونەتەوەیی رێی نەبێ بچێتە نێو حەوزەی عموومیی دەڵەتەوە. لە مافی نێونەتەوەیی‌دا ئەو بوارانەی بە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان دادەنرێن هەمیشە لە ئاڵوگۆڕدان و هەتا هاتووە مافی نێونەتەوەیی ژمارەیەکی هەرچی زۆرتر لەو بابەتانەی لە رابردوودا بە بابەتی نێوخۆیی دادەنران، بەنێونەتەوەیی کردووە. یەکێک لەو بابەتانە کە ئیدی هیچ دەوڵەتێک ناتوانێ بڵێ ئەوە کاروباری نێوخۆیی منە و کارتان پێ نەبێ، مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و لەنێو وانیشدا مافە سیاسییەکانی کەمایەتییەکانە.
ئەسڵی سێهەم ئەسڵی تەواوەتیی ئەرزی دەوڵەتانە کە لە هەموو مەتنەکانی پێوەندیدار بە مافــی دیاریکردنی چارەنووس و بە مافی کەمایەتییــەکان‌دا وەبیر هێندراوەتەوە. بەداخەوە زۆر دەوڵەت لەژێر بیانووی ئەو ئەســڵەدا لە دانی مافی سیاسیی پێشکەوتوو بە کەمایەتییەکان بەتایبەتی لەســەر بنەمای خاک  و سەرزەمین خۆ دەبوێرن. ئەمرۆ نیهادە نێونەتەوەیی‌یەکان بۆ نموونە کۆمیســێری بەرزی کەمایەتییە نەتەوەیی‌یەکان (وەک لە پێوەندی لەگەڵ هەرێمی «کریمە»ی ئۆکرایندا گوتی) بێوچان رادەگەیەنن کە مادام گەلی بێدەوڵەت یان کەمایەتییەکە بە رەســمی چ لە رێگای سەمبولەکان و چ لە پراکتیکی نیهادی و یاسایی‌دا مەوجوودییەتی سیاسیی خۆی وەک پێکهاتەیەکی سەربەست بەڵام تەنیا لەنێو چوارچێوەی دەوڵەتەکەدا پێناسە بکا نەک وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئیدی دەوڵەتان بۆیان نیە تەواوەتیی ئەرزی بکەنە بیانوویەک بۆ خۆ بواردن لە بەڕەسمی ناسینی مافی سیاسیی پێشکەوتوو بۆ کەمایەتییەکان.
وە ســەرەنجام ســەبارەت بە ئەگەری گرژی لەنێوان بەڕەســمی ناسینی بەشداریی سیاســیی کەمایەتییەکان و مافی مرۆڤدا کە دیارە تا ئێســتا هێندێک شــتمان باس کردووە کە ئەو لایەنە لە تەشــەنوجەکەش دەگرێتەوە. با مافەکانی تاکەکانی ســەر بە کەمایەتیی خاوەنی بەشــداریی تایبەتی و مافی تاکەکانی ســەر بە زۆرایەتی یان سەر بە گەل و کەمایەتییەکانی دیکە بە جیا چاو لێ بکەین. ئەوەندەی پێوەندیی بە مافی تاکەکانی ئەندامی کەمایەتییەکەوە هەیە، بەشداریی تایبەتی تەشەنوجی لەگەڵ پرەنســیپی ئازادیــی تاکەکان لە هەڵبژاردنی ئەوەدا هەیە کــە خۆیان وەک ئەندامی گرووپ یا کەمایەتییەکە پێناسە بکەن یا نا و لەئاکامدا ئەوە کە ناچار نەکرێن ئەسڵ و نەســەبی ئێتنیکیی خۆیان ئاشــکرا بکەن. بۆ نموونە لە زۆر شــوێنی دنیا وەک لە هەرێمی «بۆلزانۆ»ی ئیتالیا یا لە بۆسنی هێرزە گۆڤین فەڕزە کە لە کاتی هەڵبژاردنی بەجیــای نوێنەرانــی هەر کام لە گەل و نەتەوەکاندا یان بۆ پڕکردنەوەی ســەهمییە

فیکسەکان لە پۆستە حکوومی و ئیدارییەکاندا، کاندیداکان تەعەلووقی قەومیی خۆیان بەڕەسمی ڕابگەیەنن. لە هێندێک وڵات وەک لە مەجارستان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەران لە ئۆرگانەکانی خودموختاریی کەسییدا وایان دانابوو کە کاندیداکان بەبێ ڕاگەیاندنی ئەو تەعەلوقە هەڵبژێردرێن. بەڵام ئەزموونەکە سەرکەوتوو نەبوو، چونکە نوێنەرانی سەر بە زۆرایەتی کە دەستڕۆیشتووتر بوون چووبوون بە ناوی نوێنەری کەمایەتییەکان خۆیان بە هەڵبژاردن دابوو و لە ئاکامدا تەواوی سیستەمەکە لە مانا و مەفهووم بەتاڵ کرابۆوە.

ئەمن لە تێزەکەمدا پێشنیاری حەللی ئەو تەزادەم لە دوو لایەنەوە داوە، لایەنێکی تیئۆری و لایەنێکی عەمەلی. یەکەم، ئەوە کە واقعبینانە نییە کە بڵێین هۆویەتی کەمایەتییەکان دەبێ بەڕەسمی بناسرێ و پارێزگاریی لێ بکرێ، لە هەمان کاتیشدا پێمان وابێ کە تاکەکانی سەر بە کەمایەتی نابێ هۆوییەتی خۆیان ئاشکرا بکەن. خۆ نیهادە نێونەتەوەیییەکانیش بێ وچاون ئەوان هان دەدەن کە دوودڵ نەبن لە ئاشکرا کردنی هۆویەت و تەعەلوقاتی خۆیان و تەنانەت داوا لە دەوڵەتانیش دەکەن کە حەتمەن ڕێگا بە هەبوونی ڕەسمیی ئامارە قەومییەکان بدەن. لەلایەکی دیکەوە، ئەمن لەو باوەڕەدا بووم و هەم کە ئەو دوودڵییەی تاکەکانی سەر بە کەمایەتی تەنیا لەو وڵاتانەدا هەیە کە ئەو ڕەگ و ڕیشە نەتەوەیی یان ئیتنیکییە سەرچاوەی تەبعیز و بەکەمگرتن بێ. ئەگەر لە وڵاتێکدا دێموکراسی هەبێ و بەشداریی تایبەتیی کەمایەتییەکانیش قبووڵ بکرێ، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو تەبعیز و بەکەمگرتنە وجوودی نیە، یا لانیکەم ئیرادەی دەوڵەتی بۆ لەنێو بردنی هەیە و هەر بۆیە تاکەکانی سەر بە کەمایەتیش جیا لەوە کە وەک سروشتێکی ئانترۆپۆلۆژییانەی مرۆڤ شانازی بە ڕەگ و ڕیشەی قەومی و زمانیی خۆیانەوە دەکەن، ئامادەشن لە حەوزەی عموومیدا ئەو ڕەگ و ڕیشە فەرهەنگییەی خۆیان نیشان بدەن و چ لە ڕەفتاری سیاسی و چ لە مامەڵەی کۆمەڵایەتیدا بەکاری بێنن. وە بەهەرحاڵ وەک لە ئەزموونەکەی مەجارستاندا ئیشارەم پێ کرد، زۆربەی مێکانیزمەکانی بەشداریی تایبەتی بەبێ ئاشکرا کردنی هۆویەتی تاکەکان جێبەجێکردنیان مومکین نیە. دووهەم، ئەگەر وای دابنێین کە لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا کەسانێک هەن کە حەز ناکەن سەر بە هیچ قەومییەتێک بن و پێیان خۆشە وەک هاووڵاتییەک چاویان لێ بکرێ و هۆگری چەمکی شارۆمەندیی مەدەنیین، زۆر باش دەکرێ لە پەنا ئەو سەهم یان چوارچێوانەدا کە بۆ گەلان و کەمایەتییەکان داندراون، سەهمێکیشمان هەبێ بۆ هەموو ئەوانەی خۆیان وەک ئەندامی هیچ گەل و کەمایەتییەک پێناسە ناکەن. ئەو شتە لە هێندێک وڵاتی وەک

بۆسنی وئیتالیا هەیە و پێی دەڵێن دەستەی «ئەوانی دیکە».
هەر لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی ئەندامانی کەمایەتی‌دا شتێکی گرینگی دیکە هەیە کە پێویستە وریای بین. زۆر جار نەیارانی بەشداریی تایبەتیی کەمایەتییەکان دژایەتیی خۆیـــان بەوە پاســاو دەدەن کە دەڵێن ئەوە کە مرۆڤێــک ناچار بکرێ بەپێی نۆرم و عادەتەکانـــی گرووپێکی دیاریکراو بژی (شــتێک کە رەنگـــە یەکێک لە ئاکامەکانی خودموختاری بێ) مەترسیدارە، چونکە ئەو گرووپانە بەتایبەتی گرووپە سوونەتییەکان هێندێک داب و نەریتیان هەیە کە بەپێچەوانەی مافی مرۆڤن. لێرەشدا من گوتوومە کە ئەوەڵەن لەســـەر عەرزی واقیع ئەو حاڵەتانە کە ئینسانەکان لە تەعەلوقی قەومیی خۆیـــان ئەوەندە بێزار بن کەمن و ئەوە هەر نووســەرە ئیدئالیســـتەکانی کتێبەکانی ناسیۆنالیزمی مەدەنیین کە ئەوەندە خۆ لە دەروونناسیی سیاسیی گەلان گێل دەکەن. پاشان ئەگەر تەنانەت ئەندامانی گرووپ یا کەمایەتییەکە تابعی رێوشوێنە سوونەتی یان خۆجێیی‌یەکانی قانوون و قەزاوەتیش بن، زۆر ئاسان دەتوانین دەستنیشانی بکەین کە کامە داب و نەریتانە بەپێچەوانەی مافە بنەرەتییەکانی مرۆڤن و پێویســـتە پێشیان پێ بگیرێ، وە بۆ پاراســـتنی مافە بنەرەتییەکانی مرۆڤ قانوونی گشـــتی و ستانداردە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤ وەک خۆی جێبەجێ بکرێن.
ئێستا سەبارەت بە تەشەنوجی نێوان بەشداریی تایبەتی و مافی ئەو مرۆڤانەی لە دەرەوەی گـــرووپ یا کەمایەتییەکەدان بەڵام لە ناوچـــە و هەرێمی تایبەت بە کەمایەتی‌یەکەدا دەژین. لە هێندێک وڵات بەشداریی تایبەتی بۆتە هۆی سنووردار کردنی مافی سیاسی و مەدەنیی ئەو کەسانەی سەر بە زۆرایەتیین یا بەهەر حاڵ سەر بە کەمایەتییەکە نین و لە ناوچەی وی دەژین. بۆ نموونە لە هەرێمی ئالاندی فینلاند بە مەبەستی پاراستنی تەرکیبی قەومیی ســوئێدییەکان مەرجەکانی کڕینـــی زەوی و زار و ئەموالی غەیری مەنقول یان دەنگدانی هەرێمی بۆ خەڵکی غەیرە ســوئێدی ســـەختترە. ئەوەش نەک هەر لە ئاستی دەستووریی وڵاتێکی پێشکەوتوو و دێموکڕاتیکی وەک فینلاندا بەڵکوو لەســـەر بنەمایەکی نێونەتەوەیی نەوەد ساڵ پێش ئێســـتا کۆمەڵی نەتەوەکان بڕیاری لەسەر داوە. وەک لە باسی پێناسەدا ئیشارەم پێ کرد، ئەندامانی زۆرایەتی لە ناوچەی کەمایەتـــی یان ئەندامانی کەمایەتییەکانی دیکە لە هەمان ناوچە بە نۆبەی خۆیان لە مافەکانی کەمایەتی سوودمەندن. بەڵام تەشەنوجەکە لایەنێکی ئاڵۆزی تیئۆریی هەیە : وەک پێشـــتر باسم کرد، مافی مرۆڤ فەلســـەفەیەکی جیهانگەرایانەی بێ جیاوازیی هەیە. بەڵام هەمـــوو مەتنە بنەڕەتییەکانی پارێزگاریـــی نێونەتەوەیی لە مافی مرۆڤ ئەوە بە روونی قبووڵ دەکەن کە لە خەبات بۆ ســـەقامگیر کردنی بەرابەریی واقعی‌دا

دەکرێ حیســابی هەموو مرۆڤەکان وەک یەک نەکرێ و بۆ نەهێشــتنی نابەرابەری لەبەرچاوگرتنی هەنگاوی موسبەت و تایبەتی مەشرووعە.

بەڵام کێشــەکە لێرەدایە کە ئــەو مەرجانەی لە قانوونی مافی مــرۆڤدا بۆ هەنگاوە موسبەتەکان داندراون زۆر لەگەڵ بواری بەشداریی سیاسیی کەمایەتییەکان ناگونجێن. با ئیشارە بە دوو مەرجی سەرەکی بکەم : یەکێکیان ئەوەیە کە هەنگاوە موسبەتەکان نابێ ببنە هۆی ئەوە کە مرۆڤەکان لەســەر بنەمــای ئێتنیکی لێک جیا بکرێنەوە، و ئەوی تریشــیان ئەوەیە کە هەنگاوە موســبەتەکان پێویســتە کاتی بن و کاتێک بە ئەنجامــی خۆیان کــە بریتییە لە قەرەبوو کردنەوەی تەبعیــزی رابردوو و وەدیهێنانی یەکســانیی بە کردەوە گەیشتن، دەبێ کۆتاییان پێ بهێنرێ. زۆربەی مێکانیزمەکانی بەشداریی تایبەتی بۆ نموونە دەنگدانی بەجیای ئەندامانی کەمایەتی یان خودموختاری دژایەتییان لەگەڵ هەردووکی ئەو مەرجانە هەیە، چونکە هەم راست دەبنە هۆی لێک جیا کردنەوەی گرووپەکانی نێو کۆمەڵگا لەسەر بنەمای قەومییەت، وە هەم مەعموولەن کە مێکانیزمی بەشــداریی تایبەت دادەنرێ، ئەوە بۆ شەش مانگ یانساڵێک و دوو ســاڵ نیە و حاڵەتێکی دائیمیی هەیە (بۆ نموونە لە هیندوســتان سیستمی کۆتا کە بۆ نوێنەرایەتیــی کەمایەتییەکان لە پارلمان و ئەنجوومەنــە ئەیالەتییەکاندا داندرابوو، لە سەرەتادا قەرار بوو تەنیا دە ساڵ خۆ بگرێ، کەچی ئەوە زیاتر لە نیو سەدەیە هەر دە ســاڵ دە ساڵ تەمدیدی دەکەنەوە). جا هێندێک کەس رەخنە دەگرن کە مەسەلەن فیکــس کردنی چوارچێوەی نیهادی لەســەر بنەمای قەومییەت نــەک هەر بەدژی پرەنسیپی جەوهەریی لیبرالیزم کە سەربەستیی تاکە، بەڵکوو بە زیانی کرانەوە و نەرمی و ئیستعدادی ئاڵوگۆڕی دێموکراتیکیشــە. ئەمن لە کارەکەمدا هەوڵم داوە بیسەلمێنم کە لە وڵاتێکی دێموکراتیکدا کە فرەچەشــنایەتی لە ئاســتی دەستوور و نیهادەکان و بەتایبەت لە عەقلییەتەکاندا قبووڵ کرا، راست لە رێگای مێکانیزمە دێموکراتیکەکانەوە هەمیشــە دەرفەتی پێداچوونەوە و گونجاندنی نیهادەکان دەبێ و دەشمێنێ. پاشان لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە ئامانجی مافی مرۆڤ و دێموکراسی خۆ تەنیا سەربەستیی تاکەکەسی نیە، بەڵکوو ئامانجی مافی مرۆڤ و دێموکراسی زەمانەت کردنی پلوورالیسمی گرووپەکان لە کۆمەڵگاشدایە. بۆچی؟ چونکە - هەروەک کە ماددەی **۲۹** ی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤیش زۆر جوان دانی پێدا ناوە - گەشەسەندنی کەسایەتیی تاکەکان و جێبەجێبوونی راستەقینەی مافەکانی مرۆڤ تەنیا لە موحیتێکی جەمعی و لە چوارچێوەی هۆویەتێکی بەکۆمەڵدا (بۆ نموونە قەومییەت) مومکینە.

**تیشــک : ئایا بۆ ئەوەی لە وڵاتێکدا نەتەوەکان یان کەمینەکان بتوانن لە دەســەڵاتی سیاسیدا بەشدار بن پێویستی بە چ زەمینەیەکی سیاسی و حقوقی هەیە؟**

ئاســۆ حەسەن زادە : پرسی زەمینەی بەشداری سیاسیی کەمایەتییەکان لە تێزەکەمدا لە گۆشەنیگای پێشمەرجەکانی ئەو بەشــدارییەوە باس کراوە. زۆر پارامێتری گشتی لــەو پێوەندییەدا دەکرێ دەخیل بن، وەک بوونی کەلتووری دێموکڕاتیک و ڕەعایەتی مافی مرۆڤ و گونجاویی ئەو دۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی دەتوانێ ئاستی وشیاریی مەدەنیی تاکەکان بەرێتە سەر و دەرفەتی واقعیی بەشداریی سیاسییان بۆ بڕەخسێنێ. بەڵام ئەمن لەوێدا تێکۆشاوم سەرنجی زیاتر بخەمە سەر سێ دەستە لە پێشمەرجەکان کە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بەو پێوانە مێتۆدیکە نیهادییەوە هەیە کە بۆ ساغکردنەوەی حەوزەی عموومی و جۆرەکانی بەشداریی سیاسی بەکارم بردبوو.

پێشمەرجی یەکەم بریتی‌یە لە بەڕەسمی ناسینی دەستووری و نیهادیی پێکهاتەی فرە نەتەوایەتی، فرە زمانی، فرە کەلتووری و بەگشتی فرە چەشنیی وڵات. ئەوە بێگوومان بەڕەسمی ناســینی حقووقیی کەمایەتی و گەلانی پێکهێنەری وڵات دەگرێتە خۆی. بــەڵام هێندێک ئاکامی دیکەشــی هەیە. بۆ نموونە نیهــادە نێونەتەوەیی‌یەکان زۆر ڕاشکاوانە دژایەتی لەگەڵ پراکتیکی ئەو دەوڵەتانە دەکەن کە چ لە شێوەی ناوهێنانی ڕەسمیی وڵاتدا و چ لە دەستووردا ئیدیعا دەکەن کە وڵاتەکەیان لە باری ئێتنیکییەوە یەکدەستە، وەیان دەوڵەت لەگەڵ تەنیا یەکێک لە قەومەکانی وڵات هاوسان دەکەن. لەلایەکــی دیکەوە چ لە قانــووندا و چ لە پراکتیکی نیهــادی‌دا دەبێ بە چاوێکی موسبەت  چاو لە جیاوازییە کەلتوورییەکان بکرێ و ئەو جیاوازی و هەمەڕەنگییانە بە شانسێک بۆ وڵاتەکە چاو لێ بکرێ کە پێویستە بپارێزرێن و پەرە پێ بدرێن. بە کورتی پێویستە کارێک بکرێ کە دەوڵەت ببێتە ماڵی هاوبەشی هەموو پێکهاتەکانی وڵات.

پێشــمەرجی دووهەم مافــی هاووڵاتی‌یە، واتە مافی هەبوون، وەرگرتن و پاراســتنی تەبەعییەتــی دەوڵەتەکە. لە زۆر وڵاتدا کەمایەتییــەکان تەنانەت لە هەقی هەبوونی تەبەعییەتی وڵاتیش بێبەشن. ڕێوشــوێن و پێوانەکانی دانی تەبەعییەت نابێ لەسەر بنەمای ئێتنیکی تەبعیز بکەن. دیارە وەک پێشــتر گووتم مافی نێونەتەوەیی هێندێک لە جۆرەکانی بەشداری سیاسی بەتایبەتی لە ئاستی مەحەللی‌دا بۆ ئەوانەش ڕەچاو دەکا کە تەبەعییەتیان نییە.

دەســتەی سێهەم لەو پێشمەرجانەی ئەمن لە کارەکەمدا بە گرینگترم لە قەڵەم داون لەو مافە سیاسییانە پێک هاتووە کە بۆ بەشداریی سیاسیی هەموو کەس و لەنێو واندا کەسانی سەر بە گەل و کەمەنەتەوەکان بایەخی بنەڕەتییان هەیە. لەنێو ئەو مافانەشدا

ئەمــن دوو دانەیانم زۆرتر زەق کردۆتــەوە. یەکەمیان پێوەندیی بە ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆڵی مێدیا و بەشـــی کەمایەتییەکان لە مێدیا دەوڵەتییەکان و ئازادیی دامەزران و کارکردنی مێدیای تایبەت بە کەمایەتی یا گەلانی وڵات بە زمانی خۆیانە. لەو شوێنەدا کە ئازادیی ڕادەربڕین و پرسی بەشداریی سیاسیی کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەکانم پێکەوە بەستۆتەوە، بە پشت بەستن بە ئەدەبیاتی حقووقیی نیهادە نێونەتەوەیی‌یەکان بەتایبەتی دادگای ئوروپایی مافی مرۆڤ، ئەوەم وەک ئەســڵێک بەرجەستە کردۆتەوە کە ئەوە کە پارتێکی سیاسی، سیاســەتمەدارێک لە بەرنامەی سیاسیی خۆی‌دا یان بەرەسمی دیفاع لە شــێوەیەکی پێشکەوتوو لە بەشداریی سیاسیی کەمایەتی‌یەکان بکا بەشێکە لە ئازادیی ڕادەربڕین، تەنانەت ئەگەر خیتاب و خەباتی سیاســیی ئەو کەس و لایەنە بە مانای بردنە ژێر پرســیاری ساختاری دەستووریی ئێستای وڵاتیش بێ. بۆ نموونە حیزبێکی سیاســی دەکرێ لە بەرنامەکەی دا نەک هەر دیفــاع لە فیدرالیزە کردنی وڵات، بەڵکوو دیفاع لە مافی چارەنووســی گەل و نەتەوەکە تا ڕادەی جیابوونەوەش بکا (قەزیەی ئۆزدەپ لە دژی تورکیە، دادگای ستراسبورگ **١٩٩٩**). ئەوە شتێکی کەم نیە ئەگەر بزانین کە لە زۆر وڵات کە خۆیان پێ دێموکڕاتیکیشـــە، وتاری سیاســـی وا کـــە داکۆکی لە مافی چارەی خۆنووســینی کەمایەتی‌یەک بکا بە جورم لە قەڵەم دەدرێ و ئاکامی جینایی قورسیشـــی بەدواوەیە. لەلایەکی دیکەوە گرینگە بزانین کە بواری دیکە هەیە کە لەواندا دادگای ستراســبورگ بەو قورس و قایمییەوە دیفاع لە مەجالی بەیانی هەموو جۆرە خیتابێکی سیاســی ناکا. بۆوێنە هەر لەپێوەندی لەگەڵ تورکیەدا دادگا ئەوە بە هەقی دەوڵەت دەزانێ کە پارتێکی سیاسی هەڵوەشێنێتەوە کە بۆ جێگیر کردنی شەریعەی ئیسلام لە حەوزەی عموومی و حکوومەتی‌دا تێدەکۆشێ. بۆچی؟ چونکە دادگا لەو باوەڕەدایە کە هەوڵێکی لەو بابەتە ئەگەر ســەرکەوتوو بێ لە نیهایەتــدا بە قیمەتی تێکدانی بنەماکانی دێموکڕاســی تەواو دەبێ. لە عەوەزدا دادگا پێی وایە کە پارێزگاری لە کەمایەتی‌یەکان یەکێک لە پێویســتییە هەرە ژیارییەکانی دێموکڕاسییە تەنانەت ئەگەر خەباتی نوێنەرانی کەمایەتی بۆ داڕشتنەوەی سەر لەنوێی سیســتمی سیاســیی وڵات یا تەنانەت بۆ جیابوونەوەش بێ، مادام ئەو خەباتە توند و تیژی بەکار نەبا و خودی دێموکڕاسی نەباتە ژێر پرسیار، نابێ بەربەستی بۆ دابتاشرێ. لـــە ڕوانگـــەی منەوە و وەک لـــە کارەکەمدا زەقم کردۆتەوە، ئەو قســانەی دادگای ستراسبورگ ناراستەوخۆ بەو مانایەشە کە قەوارەیەکی ناوەندگەرا و یەکدەست کە لەودا بەبیانووی یەکێتیی سیاســیی وڵات مافی پێکهاتەکانی وڵات بەرەسمی نەناسراوە و دەسەڵات لەسەر بنەمای مافی وان و بەشێوەی ئەستوونی دابەش نەکراوە، بە خودیی

خۆی هیچ قودســـییەتێکی نیە و بردنە ژێر پرســـیار و خەبات کردن بۆ گۆڕینی زۆر شتێکی ئاسایی و ڕەوایە.
مافێکی دیکەی سیاسی کە هەر پێوەندیی بەوەی پێشووەوە هەیە، مافی کەمایەتی‌یەکان بۆ دامەزراندنی ئەنجوومەن و حیزبی سیاسیی تایبەت بە خۆیانە. لە زۆر وڵاتدا ئەحزابی قەومی یا هەرێمی لە دەســـتووردا قەدەغە کـــراوە. لە مافی نێونەتەوەیی‌دا کۆمەڵێک ئیجبار بەســـەر دەوڵەتاندا داندراوە کە ڕێگا نەدەن هیچ کەس و لایەنێک رق و قینی قەومی و راسیزم و یەکتر تەحەمول نەکردن پەرە پێ بدا. بەڵام هەر لەو کاتەدا مەتن و نیهادە نێونەتەوەیی‌یەکان پێ لەســـەر ئەوە دادەگرن کە دەوڵەتان بۆیان نیە کە نە بەو بەهانەیە و نە بە بیانووی هەڕەشـــە لە یەکێتیی سیاســـی یا لە تەواوەتیی ئەرزیی وڵات پێش بە تێکۆشـــانی ئاشـــتیخوازانە و دێموکڕاتیکی حیزبێکی قەومی بگرن و هەبوونی ئەنجومەن و ئەحزابی وا کە تایبەتن بە خەبات بۆ ماف و ئازادییەکانی گەل یا کەمایەتییەک بەشێک لە مافە سیاسییە سەرەتایی‌یەکانی ئەو گەل و کەمایەتی‌یەیە (دادگای ستراسبورگ، قەزیەی سیدیرۆپوولۆس بە دژی یوونان، **١٩٩٩**).

**تیشـــک : هەر بەپێی ئەو تەوەرانەی باسەکە کە لە سەرەتادا ئیشارەتان پێکرد، ئێستا با بچینە سەر باسی مکانیسمەکان کە یەکیان بواری هەڵبژاردن بوو. حەق و حقووقی کەمینەکان لە هەڵبژاردندا چۆنە ؟**
ئاسۆ حەسەن زادە : بەپێی ئەو تەفسیرە ڕەسمییە کە لەلایەن نیهادە حقووقییەکانەوە لە مەتنی پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکانی پارێزگاری لە مافە سیاسییەکانی مرۆڤ کراوە (مەنشـــووری مافی مرۆڤ، پەیمانە ئوروپایـــی، ئەمریکایی و ئەفریقایی‌یەکانی مافی مـــرۆڤ، و پەیماننامەی بنەبڕ کردنی تەبعیزی نـــژادی، ... هتد)، دەوڵەتان دەبێ لە پراکتیکی ئینتخاباتیی خۆیان‌دا نەک هەر خۆ لە تەبعیز بەدژی کەمایەتی‌یەکان ببوێرن، بەڵکوو بەپێی پێویســـت مێکانیزمی تایبەت بە خۆشیان بۆ وەبەرچاو بگرن. لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵێک مەتنی بەنرخ لەلایەن ئۆرگانە نێونەتەوەیی‌یەکانی چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردنەکانەوە چ لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا (یەکەی ئۆپەراسیۆنەکانی هەڵبژاردن) و چ بەتایبەتی لە چوارچێوەی شـــووڕای ئوروپا (کۆمیســـیۆنی حقووقی و مافی مرۆڤ + کۆمیســـیۆنی ڤێنیز) و شـــووڕای ئەمنییەت و هاوکاری لە ئوروپا (ئۆفیسی نیهادە دێموکراتییەکان + کۆمیسێری بەرزی پارێزگاری لە مافی کەمایەتییە نەتەوەیی‌یەکان)دا و هەروەها لەلایـــەن ئەنجوومەنە نێونەتەوەیی‌یەکانی چاوەدێری

بەسەر هەڵبژاردنەکاندا پەسند کراون کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ بۆ مافی کەمایەتی‌یەکان لە بواری هەڵبژاردن‌دا تەرخان کراون. ئەمن ئەو مافانەم بەسەر دوو بواردا دابەش کردووە. بواری یەکەم پێوەندیی بە بەشداریی کەسانی سەر بە کەمایەتی‌یەکان لە هەڵبژاردن‌دا هەیە، و بواری دووهەم دەگەڕێتەوە سەر کاریگەریی سیستمی هەڵبژاردن لەسەر کەم و کەیفیی نوێنەرایەتیی کەمایەتییەکان لە ئۆرگانە دێموکراتیکەکاندا.

سەبارەت بە مافی بەشداری لە هەڵبژاردندا، دەنگدەرانی سەر بە کەمایەتییەکان دەبێ بتوانن بەبێ هیچ تەبعیزێک وەک باقیی هاووڵاتییان بەشداری دەنگدان بن، بەو مانایە کە نابێ مەرجی وایان بۆ نموونە لە بواری زانینی زمانی ڕەسمیی وڵات‌دا بۆ دابنرێ کە بۆیان دژوار بێ، کۆسپ بخرێتە سەر پرۆسەی تۆمار کردنیان وەک دەنگدەر، لە ڕۆژی دەنگدان‌دا بکەونە بەر هەڕەشە و توند و تیژی، وە یان بە ئەنقەست ناوەندەکانی دەنگدان لە شوێنی نیشتەجێ بوونی وان دوور دابنرێن. نەبوونی تەبەعییەتی وڵات نابێ خود بە خود ببێتە هۆی پێشگیری لە بەشدارییان لە هەڵبژاردندا، و ئەگەر هات و لەنێوخۆی وڵاتەکەش بەهۆی شەڕ شوور کەمایەتییەکان تووشی ئاوارەیی بوون و لە ناوچەی خۆیان هەڵقەنان، پێویستە بەپێی چوارچێوەیەکی گونجاو ئەو مافەیان بدرێتێ کە ئەگەر نیازی گەڕانەوە بۆ ناوچەی خۆیانیان هەیە، بۆ حەوزەکانی تایبەت بە ناوچەی خۆیان دەنگ بدەن. مافی بەشداری لە هەڵبژاردندا هەروەها هەقی کاندید بوون دەگرێتەوە. لێرەشدا پێویستە بۆ کاندیداکانی سەر بە کەمایەتی‌یەکان لەو مەرجانە چاوپۆشی بکرێ کە جێبەجێ کردنیان نامومکین یا سەختە. جارێ ئەوە کە لە وڵاتێکدا مەرج بکرێ کە تەنیا کەسانی سەر بە نیژاد یان قەوم یان مەزهەبێکی دیاریکراو مافی کاندید بوونیان هەبێ قەدەغەیە. پاشان

**سەبارەت بە لەبەرچاوگرتنی کەمایەتییەکان لە سیستم و تێکنیکەکانی هەڵبژاردندا، پێش هەموو شتێک پێویستە ئەو ئەسڵەمان لەبیر بێ کە وەک ئاکامێکی سەربەستیی دەستووریی دەوڵەتان، ئەوان ئازادن هەر سیستمێکی هەڵبژاردن کە بۆخۆیان پێیان خۆشە بەکار بێنن. بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە بواری هەڵبژاردن چاوەدێرییی و نێونەتەوەیی بەسەرەوە نیە و بگرە بەپێچەوانەشەوە**

بۆ نموونە ئەگەر بۆ حیزبە سەراسەری یان کاندیداکانی دیکە (واتە ئەوانە کە سەر بە کەمایەتی نین) مەرج بێ کە پارت یان کاندیدایەکە لە تەواوی ناوچەکانی وڵاتدا پێگەی هەبێ یان لەسەر ئاستی سەرجەم وڵاتدا خاوەنی دەرسەدێک لە پشتیوانیی خەڵک بێ، ئەو مەرجی هەبوونی پێگەی خەڵکی بۆ کاندیدا و حیزبەکانی سەر بە کەمایەتییەکان پێویستە نەک لەسەر ئاستی سەرجەم وڵاتدا بەڵکوو تەنیا لەسەر ئاستی ناوچە یا ناوچەکانی تایبەت بە خۆیاندا چاو لێ بکرێ. مەسەلەیەکی دیکە شارەزایی لە زمانی رەسمیی وڵاتە. بەپێچەوانەی ئەو شتە کە سەبارەت بە دەنگدەران باسم کرد، ئەمن بەو ئاکامە گەیشتم کە بەپێی مافی نێونەتەوەیی ئەوە کە لە وڵاتێکدا فەرز بکرێ کە کاندیداکان زمانی رەسمیی وڵات بزانن مەرجێکی نامەشرووع نییە و رەوایە. بەڵام ئەو مەرجە نابێ بکرێتە ئامرازێک بۆ پێشگرتن لە بەشداریی کاندیداکانی کەمایەتییەکان لە هەڵبژاردندا. هەم کۆمیتەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان (کەیسی «ئیگناتان» بە دژی لێتۆنی، ٢٠٠١) و هەم دادگای ئورووپایی مافی مرۆڤ (شکایەتی «پۆدکۆلزینا» بە دژی لێتۆنی، ٢٠٠٠) لە چەند بڕیار لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی لێواری دەریای باڵت دا ڕەد کردنەوەی کاندیداتۆریی نوێنەرانی کەمایەتیی رووسی ئەو وڵاتانەیان بە بیانووی باش نەزانینی زمانی رەسمیی وڵات - لەحاڵێکدا کە ئەو کاندیدایانە زۆر بە سەرکەوتوویی تاقیکارییەکانی زمانیان تێپەڕاندبوو- مەحکووم کرد، بەتایبەتی کە ئەو لێژنانەی دەسەڵاتی تەئید یا رەددی کاندیداکانیان پێ درابوو لێژنەگەلێکی سیاسی و حکوومەتی بوون و سەربەخۆ نەبوون.

هەر لەپێوەندی لەگەڵ مافی بەشداری لە هەڵبژاردندا، کۆمەڵێک رێوشوێن و ئیمتیازاتی دیکەش شایانی ئیماژە پێکردنن لە بواری رێگەدان بە تەبلیغاتی ئینتخاباتی بە زمانی کەمایەتییەکان و پشتیوانیی ماڵی لە کاندیداکانی سەر بە کەمایەتییەکان و دەستەبەر کردنی بوونی نوێنەرانی کەمایەتییەکان لە کۆمیسیۆنەکانی هەڵبژاردندا کە پێویستە کۆمیسیۆنگەلی سەربەخۆ بن.

ئێستا سەبارەت بە لەبەرچاوگرتنی کەمایەتییەکان لە سیستم و تێکنیکەکانی هەڵبژاردندا، پێش هەموو شتێک پێویستە ئەو ئەسڵەمان لەبیر بێ کە وەک ئاکامێکی سەربەستیی دەستووریی دەوڵەتان، ئەوان ئازادن هەر سیستمێکی هەڵبژاردن کە بۆخۆیان پێیان خۆشە بەکار بێنن. بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە بواری هەڵبژاردن چاوەدێریی نێونەتەوەیی بەسەرەوە نیە و بگرە بەپێچەوانەشەوە. سیستمی هەڵبژاردن تەنیا بەو مەرجە جێگای پەسندی نیهادە نێونەتەوەیی‌یەکانە کە تەبعیزگەرا نەبێ و دژایەتیی لەگەڵ مافی بەشداریی سیاسیی گەلان و مافە سیاسییەکانی مرۆڤ بە هی کەمایەتییەکانیشەوە

نەبێ. بەڵام لێرەشدا وەک لە باقیی بوارەکاندا، ستانداردە نێونەتەوەیی‌یەکان خۆیان تەنیا لە نەبوونی تەبعیزدا خولاسە ناکەنەوە و هەنگاوی موسبەت بۆ لەبەرچاوگرتنی دۆخی تایبەتیی کەمایەتییەکان لە نەزەر گیراوە. سیســـتمی هەڵبژاردن بابەتێکی تێکنیکیی ئاڵۆزە کە لێرەدا دەرفەتی شـــیکردنەوەی نیە. دیارە کـــە دەڵێین بابەتێکی تێکنیکی بەو مانایە نیە کە شـــتەکە لە چەند فۆرموولی بێ گیانی ریازیدا خولاســـە دەبێتەوە. سیستمی دەنگدان یەکێک لە گرینگترین ئامرازەکان ئەگەر نەڵێم گرینگترین ئامرازی نێوەرۆک بەخشـــین بە نیهادە حکوومەتی‌یەکانە، هەربۆیەش کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر رادە و چۆنیەتیی نوێنەرایەتیی کەمایەتی‌یەکان و بەگشتی لەسەر پێکەوە ژیانی ســـازگارانەی گەل و نەتەوەکانی وڵات هەیە. بەشێوەیەکی گشتی هەتا سیستمێکی هەڵبژاردن زیاتر نیســـبی بێ، شانسی ئەوە کە نوێنەرانی کەمایەتییەکان هەڵبژێردرێن زۆرتـــر دەبێ، مەگەر ئەوە کە کەمایەتی‌یەکان لەو ناچانەی کەوتوونە نێو حەوزە یان حەوزەکانی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی چڕ و پڕ بژین و زۆرایەتیی خەڵکەکە پێک بێنن و لەو حاڵەتەدا سیســـتمی زۆرایەتی زیاتر بە قازانجیانە. هەروەها ئەو سیســـتمانەی لەوانـــدا زۆرترین دەرفەتی هەڵبژاردن بە دەنگـــدەران دەدرێ، بەو مانایە کە دەتوانن نەک هەر لەنێوان لیستەکاندا هەڵبژێرن بەڵکوو لە داخڵی لیستەکانیشدا کاندیداکانی جێگای پەســـندی خۆیان پێش و پاش بکەن یا تەنانەت تێهەڵکێشی کاندیدای نێوان لیستی جیاواز بکەن، هەم بە قازانجی پارێزگاری لە کەمایەتییەکانە و هەم هاریکاری و دۆستایەتیی نێوان قەومەکانیش پەرە پێ دەدا.

ســـەبارەت بە شێوەی داڕشتنی لیستی کاندیداکان بەتایبەتی تەرتیبی ناوەکان نیهادە نێونەتەوەیی‌یـــەکان داوا لە حیزبە سەراســـەرییەکان دەکەن کە نەک هەر نوێنەرانی کەمایەتییەکانیش بخەنە نێو لیستی کاندیداکانیانەوە، بەڵکوو ئەوەندەش لە سەرەتا یا لە سەرەوەی لیستەکەوە نزیکیان دابنێن کە شانسی ئەوەیان هەبێ هەڵبژێردرێن. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر شێوەی بڕینی حەوزەکانی هەڵبژاردنیش، دەوڵەتان لەسەریانە خۆ لەوە بپارێـــزن کە ناوچەکانی گەل یـــا کەمایەتییەکان بە جۆرێک بکەنە حەوزە حەوزە کە ئەو گەل یا کەمایەتییە لەنێو حەوزەکان‌دا ببێتەوە کەمایەتی و پێویستە چەندی بکرێ حەوزەکان تابعی ناوچەی ژیان و نیشتەجێبوونی ئەو گەل و کەمایەتییانە بن. سەرەنجام لەپێوەندی لەگەڵ شێوەی بژاردن و دابەشینەوەی کورسییەکاندا، مەعموولەن حەددی نیســـابێک هەیە واتە لیست یا کاندیداکان دەبێ بگەنە دەرسەدێکی دیاریکراو لەسەر ئاستی سەرجەم دەنگە موعتەبەرەکان بۆ ئەوەی بتوانن لە دابەشینەوەی کورسییەکاندا بەشدار بن کە ئەو ڕێژەیە لە زۆربەی وڵاتاندا لە دەوری لە سەتا پێنج یا شتێک زۆرتر

و شتێک کەمتر دەخولێتەوە. نیهادە نێونەتەوەیی‌یەکان داوایان ئەوەیە کە لەپێوەندی لەگەڵ پارت و بەربژێرانی ســەر بە کەمایەتییــەکان ڕێژەیەکی کەمتر و خوارتر لەوە بکرێتە مەرج بۆ ئەوەی شانسی بەشدارییان لە دابەشینەوەی کورسییەکاندا زیاد بێ.
ســەرەڕای هەموو ئەوانەش زۆر جار کەمایەتییەکان - چ بە هۆی ژمارەی لاوازیان و چ بە هۆی پەرش و بڵاوییان - لە هیچ ڕێگایەکەوە سەرکەتوو نابن کە نوێنەرانی خۆیان بنێرنە پارلمان، مەگەر ئــەوە کە ژمارەیەکی فیکس لە نوێنەرانیان لە ئۆرگانە هەڵبژێراوەکاندا بۆ دیاری بکرێ واتە کۆتا یان سەهمییەیان پێ ببەخشرێ و ئەوە شتێکە لــە مەتنە نێونەتەوەیی‌یە پێوەندیدارەکاندا بە ڕوونی هاتووە و لە دەیان وڵاتی دنیادا و لە زۆر ڕێککەوتنی نێونەتەوەیی‌دا جێبەجێ کراوە. پێشتر ئیشارەم بە تەشەنوجێک کرد کە دەکرێ لەنێوان بەشداریی تایبەتیی کەمایەتییەکان و پرەنسیپە یەکسانیخوازەکانی مافی مرۆڤدا هەبێ. ئێرە نموونەیەکی باشی ئەو حاڵەتەیە. مەعموولەن لە هەڵبژاردندا هەر تاکێک تەنیا یەک دەنگی هەیە. ئەگەر بێت و بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی پارلماندا ڕێگا بە دەنگدەرانی کەمایەتییەکان بدرێ کە هەم دەنگ بەو نوێنەرانەیان بدەن کە لە چوارچێوەی سیستمی کۆتادا دەیانبێ و هەم بۆ سەرجەم ئەندامانی پارلمان لە چوارچێوەی کۆلێژی گشتی‌دا دەنگ بدەن، ئەو وەختە ئەو پرسیارە دێتە پێش کە ئایا ئەو دوو جار دەنگدانە مەشرووعە؟ بەپێی زۆر دەقی وەک «خەتە گشتییەکانی پەرەپێدانی بەشداریی کەمایەتییەکان لە هەڵبژاردندا» و سیاسەتی نیهادە نێونەتەوەیی‌یەکان بەگشتی ئەوە کە ڕێگا بە کەمایەتییەکان بدرێ لە چوارچێوەی هەردوو بەشی هەڵبژاردندا دەنگ بدەن، شتێکی بەجێ و ڕەوایە.

**تیشــک : ئایا مکانیســمی بەشداری کەمینە نەتەوەییەکان لە حکومەتدا چین و بە چ شێوەیەک ماف و ئازادییەکانی کەمینەکان لەوێدا زامن کراوە؟**
ئاســۆ حەســەن زادە : بەشــداریی کەمایەتی‌یەکان لە حکوومــەتدا بوارێکی زۆر بەربــڵاوە و دەیان بابەت و مێکانیــزم دەگرێتەوە و بە مانایەک دەکرێ بڵێین هەموو سووژەی بەشــداریی سیاسیی کەمایەتییەکان دەخاتە ژێر ســەردێری خۆی. نیهادە نێونەتەوەیی‌یەکان بەشداریی سیاسیی کەمایەتی‌یەکانیان بەشێوەیەکی فراوان پێناسە کردووە و جەختیان لەســەر بەشــداری لە هەموو ئاستەکاندا و لە هەموو قۆناغەکانی گەڵاڵەکردن و جێبەجێکردن و بەدواداچوونی یاسا و پەسند کراوەکان کردووە (سەرنجی گشتیی کۆمیتەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، ژمارە **٢٥**). لە پێوەندی لەگەڵ کۆنفرانســێکی دەســتووری‌دا کە لەودا قەرار وابوو پرسی بەشداریی سیاسیی گەلانی

بوومیی کانادا تاوتوێ بکرێ، کەمایەتی‌یەک لەلای کۆمیتەی مافی مرۆڤ شکایەتێکی تۆمار کردبوو لەسەر ئەوەی کە نوێنەرانی وان بۆ ئەو کۆنفرانسە دەعوەت نەکرابوون. لەو کەیســـەدا کۆمیتەی مافی مرۆڤ رایگەیاند کە هیچ گرووپێک لە کۆمەڵگادا نابێ پێی وابێ کە مافی بێئەملاوئەولای بەشداری لە مێکانیزمێکی دیاریکراوی بڕیاردەریدا هەیە (کەیســـی گەلی «میکماک» بە دژی کانـــادا، **١٩٩١**). ئەو بڕیارەی کۆمیتەی مافی مرۆڤ یەکێک لە رەخنە لێگیراوترین بڕیارەکانی نێو ئەدەبیاتی حقووقیی نیهادە نێونەتەوەیی‌یەکان بوو. سەرفەنەزەر لە تایبەتمەندییەکانی ئەو کەیسە وەیان رەوا بوونی دانانی چوارچێوە و مەرج و پێوانە بۆ شێوەی بەشداری، ئەوە ئەسڵێکە — وە ئەمن لە تێزەکەمدا دیفاعم لەوە کردووە — کە هەر ئەوەندە کافی نییە کە دەوڵەت کۆمەڵێک رێوشوێن و مێکانیزم بۆ بەشداریی سیاسیی کەمایەتییەکانی لەبەر چاو بگرێ. بەڵکوو پێویستە کەمایەتییەکان لە خودی پرۆسەی دیاریکردنی ئەو رێوشوێن و مێکانیزمانەشدا شـــدار بکرێـــن و پرس و راوێژیان پێ بکرێ. «کۆمیتەی مەشـــوەرەتیی شـــوورای ئورووپا» کە چاوەدێری بەســـەر جێبەجێکردنی «پەیمانی چوارچێوەیی بۆ پارێزگاری لە کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەکان»دا دەکا، لە کاتی هەڵســـەنگاندنی راپۆرتی دەوڵەتانی ئەندام لە شـــوورای ئورووپادا هەر کاتێک لە بوارێک دا پێشێلکاری و کەموکورییەک دەبینێ، بە دەوڵەتەکە تەوســـیە دەکا کە لە کاتـــی پێداچوونەوە بە رەفتاری خۆی و چاکسازی لە چوارچێوەی قانوونی و نیهادیی پێوەندیداردا نوێنەرانی کەمایەتییەکانیش لەو پرۆسەیەدا بەشدار بکا.

ئەوە لە پێوەندی لەگەڵ بەشداری‌دا بە شێوەیەکی گشتی. ئێستا سەبارەت بە خودی بەشداری لە حکوومەتدا، وەک لە سەرەتادا ئیشارەم پێ کرد ئەمن لە کارەکەی خۆمدا و لە بەشـــی پێوەندیدار بـــە رێگا چارە نیهادییەکاندا، بەشـــداریی کەمایەتی‌یەکان لە کاروباریی گشـــتیی ولاتم لە بەرامبەر بەڕێوە بردنی خودموختارانەی کاروباری تایبەت بە خۆیان داناوە. بەشـــداری لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشـــتیی ولاتیشم لەژێر ناوی هاوبەشـــیی کەمایەتی‌یەکان لە پرۆســـەی بڕیاردەریی میللی (بە مانا سەراسەری و کیشـــوەری‌یەکەی)دا لێک داوەتەوە. ئەو هاوبەشی‌یەشم بەسەر دوو پۆل دا دابەش کردووە. دەستەی یەکەم ئەو مێکانیزمانە دەگرێتەوە کە هاوبەشیی کەمایەتییەکان لە پرۆســـەی بڕیاردانی ناوەندی یا سەراسەری‌دا ئاسان دەکەنەوە و لەوە زیاتر نارۆن کە روانگەکانی کەمایەتی‌یەکان ببیسترێن. دەستەی دووهەمیش ئەو مێکانیزمانەن کە ئەو هاوبەشـــی‌یە دەستەبەر دەکەن واتە دەبنە هۆی ئەوە کە روانگەکانی کەمایەتی‌یەکان بەشێوەی راستەوخۆ کار بکەنە سەر نێورەرۆکی بڕیارەکان.

سـەبارەت بە دەسـتەی یەکەم، لەپێشدا ئەسـڵێکم زەق کردۆتەوە کە پێوەندیی بە فەلسـەفەی حوکمڕانییەوە هەیـە و گوتراوە کە بەبـێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە نوێنەرانـی کەمایەتییەکان لە نیهادە سیاسـییەکاندا حزووریان هەیە یا نا وەیان ئەوە کە ئایا مێکانیزمی تایبەتیی بەشدارییان بۆ لە نەزەر گیراوە یا نا، دەوڵەت دەبێ بزانێ کە ئەو وەختە دەتوانێ بە تەواوی وڵامدەری ئیلزاماتی مەشـرووعییەتی دێموکراتیک و تەبـا لەگەڵ ئامانجی کۆتایـی و وردەکاری‌یەکانی جێبەجێکردنی بەکردەوەی مافە سیاسـییەکانی مرۆڤ بێ کە لە داڕشتن و پیادە کردنی سیاسەتە گشتییەکانی خۆی‌دا تایبەتمەندی و نیاز و پێویستییەکانی کەمایەتییەکانی لەبیر بێ و ئەو لەبەرچاوگرتنەش لە سیاسەتگوزاری‌دا بەبێ پێچ و پەنا رەنگ بداتەوە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر مێکانیزمە کۆنکرێتەکانیش، هەموو ئەو مێکانیزمانەی یارمەتی بە ئاسـانکردنەوەی هاوبەشـیی کەمایەتییەکان لە پرۆسـەی بڕیاردەری‌دا دەکەن چ لە ئامانجدا و چ لە رێوشـوێن‌دا پێوەندییان بە ئەسـڵی مەشـوەرەت پێ کردنەوە هەیە. ئەو مەشوەرەتەش لە رێگای کۆمەڵێک نیهادی راوێژکارییەوە ئەنجام دەدرێ، بۆ نموونە شـوورا مەشوەرەتی‌یەکانی کەمایەتی‌یەکان کە لە نوێنەرانی کەمایەتی‌یەکان و بە بەشـداریی نوێنەرانی دەوڵەت پێک دێن کە پێویستە ژمارەی نوێنەرانی کەمایەتی‌یەکان لەوێدا لە ژمارەی نوێنەرانی حکوومەت زۆرتر بن، ستاتووی روونی قانوونییان هەبێ، ئیمکاناتی تەواوی ماددی‌یان بۆ دابین بکرێ، و راوێژ پێکردنیان لەلایەن بەرپرسـانی حکوومەتی و وەزارەتەکانەوە راوێـژ پێکردنێکی کاریگەر و راسـتەقینە بێ. هەروەها دەکـرێ حکوومەت بۆخۆی وەزارەتێک یان دیپارتمانێکی گشتی بۆ کاروباری پێوەندیدار بە کەمایەتی‌یەکان دابنێ یا لە وەزارەتەکاندا بەشـی پێوەندیدار پێک بێنێ کە پێویسـتە رێکخراو و نوێنەرانی کەمایەتی‌یەکانیش لە کار و بڕیارەکانیاندا شـەریک بکرێن. ئەزموونێکی سـەرکەتوو ئەو شتەیە کە بە مێزی گردی کەمایەتییەکان ناوی دەرکردووە و زۆربەی کات لەژێر چاوەدێریی راستەوخۆی سەرۆک کۆمار یان سەرۆکی حکوومەتدا بۆ ئەوە پێک دێ کە هەر لە سەرەتاوە کەمایەتی‌یەکان بۆخۆیان لەسەر مافەکانیان و مێکانیزم و رێوشوێنە پێوەندیدارەکان گفتگۆ بکەن و گەڵاڵەی سیاسەتە گشتی‌یەکانی دەوڵەت لەو بوارەدا بۆ پەسند کردن لەلایەن پارلمانەوە پێشنیار بکەن. مێکانیزمێکی دیکەی شایانی باس ئەو کۆمیسیۆنانەن کە لە چوارچێوەی پارلماندا بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژەکانی پێوەندیدار بە مافی کەمایەتی‌یەکان پێک دێن و مەعموولەن لەو پارلمانتێرانە پێک دێ کە نوێنەری کەمایەتی‌یەکانن.

شـتێکی پێویسـتە لێرەدا باسـی بکەم ئەوەیە کە لە مافی نێونەتەوەیی‌دا ئیجباراتی

دەوڵەتان بۆ مەشـــوەرەت کردن بە کەمایەتییەکان بەو قووەت و روونی‌یەی ئیلزامی مەشوەرەت بە گەلانی بوومی رانەگەیاندراوە. ئەمن لە کارەکەی خۆمدا هەوڵم داوە بە دژی ئەو تەبعیزە راوەستم. ئەوەش بە پشت بەستن بە ئەدەبیاتی حقووقیی کۆمیتەی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ( تا رادەیەکیش هی کۆمیتەی خەبات بە دژی تەبعیزی نەژادی) و لەســـەر ئەو ئەساســـە کە کۆمیتـــەی مافی مرۆڤ بە تەفســـیرێکی دینامیک کە لە ماددەی ٢٧ ی پەیمانی مافە مەدەنی و سیاسی‌یەکانی دەکا، بەسەر دەوڵەتاندا فەرز دەکا کە بۆ هەر پرۆژەیەکی ئابووری یا پیشەسازی کە لـــە ژینگـــەی گەلانـــی بوومی‌دا بەرێوە دەچێ پێویســـتە پێشتر پرس بە گەلانی بوومیی نیشتەجێ لەو ناوچەیە بکات (کەیسی «ماهوویکا» بە دژی نیوزلاند، کۆمیتەی مافی مرۆڤ، ٢٠٠٠)، چونکە لە روانگـــەی کۆمیتەوە خاکی گەلانی بوومی بەشێکە لە کەلتووریان و ئـــەو کاروبارەی کاریگەری لەســـەر فەرهەنگ و هۆوییەتی گەلانی بوومی دەکەن دەبێ پاش مەشوەرەتی جیددیی وان بڕیاریان لەسەر بدرێ. جا هەوڵی مـــن ئەوە بووە کە بڵێـــم دەلیلێک نیە کە ئەو پرەنســـیپە لە هەموو بوارەکانی پێوەندیدار بە فەرهەنگ و هۆوییەت ( کە لە واقعدا دنیایەک شت دەگرێتەوە) تەعمیم نەدەین و هەروەها لە گەلانی بوومیشەوە بە روونی نەیگوازینەوە بۆ کەمایەتی‌یەکان، بەتایبەتیش کە کۆمیتەی مافی مرۆڤ لەو راڤەکارییە ئازایانەیەیدا پشـــتی بە ماددەیەک بەســـتووە کە لە ئەســـڵدا بۆ پارێزگاری لە کەمایەتی‌یەکان دارێژراوە نەک لە گەلانی بوومی.

**ۆربەی هەرە زۆری هێزە سیاسییەکانی نێو بزوتنەوەی کورد ئەمرۆ داوای سەربەخۆیی و جیابوونەوەی کوردستان ناکەن.کەوابوو ئەوەی ئێمە و باقیی هێزە سیاسییەکانی کورد داوای دەکەین، لەگەڵ هەموو جیاوازییەک کە لە ئەنگیزە و شێوەی گەڵاڵە کردندا دەکرێ لەنێوانماندا هەبێ، بریتی‌یە لە کۆمەڵێک مافی رەوا کە گرینگترین و بنەڕەتی‌ترینیان مافی بەشداریی سیاسییە**

پۆلی دووهەم وەک باســـم کرد ئەو مێکانیزمانەن کە هاوبەشـــیی کەمایەتی‌یەکان لە پرۆســـەی بڕیاردەریی میللی‌دا دەســـتەبەر (گەرەنتی) دەکەن. لێرەدا شتەکە تەنیا بە ئاگادارکردنەوە و پرس و راوێژێک یان راپرســـییەکی غەیرە ئیلزامی کۆتایی پێ نایە،

بەڵکوو کەمایەتی‌یەکان بۆخۆیان ئامرازی یەکلاکەرەوەی بڕیاردان یان پێشگرتن بە پەسند بوونی بڕیاریان بەدەستەوەیە. ئەمن لێرەدا دوو مێکانیزمی گرینگم زەق کردۆتەوە کە بریتین لە یەکەم ئەو شتانە کە ناوم ناوە ڕێوشوێنە تایبەتی‌یەکانی پەسند کردنی یاسا، بەو مانایە کە بۆ ئەو بوارانەی بایەخی حەیاتییان بۆ کەمایەتی‌یەکان و گەلانی پێکهێنەری وڵات هەیە زۆرایەتیی موتڵەق کافی نییە و زۆرایەتیی پێناسە کراو بۆ نموونە سێ لەسەر چوار پێویستە، ئەمە جیا لەوە کە دەبێ هەردوو ژووری پارلمان بە هەمان قورسی‌یەوە پرۆژەکە پەسند بکەن (وەک لە بێلژیک). دووهەم هەقی ڤیتۆیە و لێرەشدا بۆ هەمان ئەو بوارانە کە گرینگی‌یەکی بنەڕەتی‌یان بۆ پێکەوە مانەوەی ئاشتییانە و بۆ هەرمانی گەل یا کەمایەتی‌یەکە هەیە، دەرفەتی کاریگەری پێشگیری لە پەسند کردنیان پێشکەش دەکرێ. دیارە بۆ بلۆک نەبوونی مێکانیزمەکانی حوکمڕانی لەو حاڵەتانەدا مێکانیزمی چارەسەری ناکۆکییەکانیش - چ قەزایی چ سیاسی- دادەندرێ کە لەوانیشدا گەل و کەمایەتی‌یەکان بە هۆی ئەوەی رادەیەک لە نوێنەرایەتی لە ئۆرگانەکانی چارەسەری کێشەیان بۆ دابین دەکرێ، دەرفەتی شوێندانانیان هەر دەمێنێ.

بە دوای مێکانیزمەکانی هاوبەشی لە پرۆسەی بڕیاردەریی میللی‌دا، باسی هەموو ئەو مێکانیزمانەم کردووە کە لە ڕێگایانەوە گەلانی بێدەوڵەت دەتوانن لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا لە کار و بڕیارەکاندا بەشدار بن. لێرەشدا لەلایەک نەخش و توانای حقووقیی هەرێمە خودموختار یا فێدرالەکان (نموونەی کێبێک و تاتارستان جالبن) لە بواری سیاسەتی دەرەوەمدا لێک داوەتەوە و مێکانیزمەکانی نوێنەرایەتی بەجیای وان یان هاوبەش لەگەڵ حکوومەتی ناوەندییم ریز کردوون (بۆ نموونە ئەوە کە لە دانمارک بۆ گرۆئنلاند و دوورگەکانی «فارۆ» لە نەزەر گیراوە). لەلایەکی دیکەوە، بۆ ئەو گەل و کەمایەتی‌یانەی لە هەرێمی خودموختار یا فیدرال بێبەشن، ئەو ڕەوتە تازەیەم ڕوون کردۆتەوە کە لەودا ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکان بەتایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان فۆرۆم و مێکانیزمی تایبەتییان دامەزراندوون بۆ ئەوەی هەرچی بکرێ زیاتر کەمایەتی‌یەکان لە گەڵاڵە کردن و چاوەدێری بەسەر جێبەجێکردنی مافەکانیاندا لە ئاستی ستاندارد و نیهادە نێونەتەوەیی‌یەکاندا بەشدار بکرێن.

بەگشتی ئاکامگیریی من لە هەڵسەنگادنی مێکانیزمەکانی بەشداری لە ئاستی سەراسەری‌دا ئەوە بوو کە پێوەندی‌یەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان بەشداریی کاریگەر لە ناوەندا لەلایەک و خودموختاریی سیاسی یا فیدرالیزم لەلایەکی دیکەوە هەیە. بەو مانایە کە زۆرتر ئەو کاتە کەمایەتی‌یەکان بە شێوەیەکی جیدی و واقعی دەرەتانی

نەهادینە کراوی بەشداریی کاریگەر لە پرۆسەی بڕیاردەریی سەراسەرییان هەیە کە لە بەڕێوەبردنی هەرێم و کاروباری تایبەت بە خۆشیاندا مافی پێشکەوتوویان بۆ بەڕەسمی بناسرێ و لە ئاستی دەستوورییشدا وەک کۆڵەکەیەکی فرەچەشنایەتیی وڵات دانیان پێدا بنرێ.

**تیشک : ئەو پرسە (پرسی خودموختاری) ئێستا لە یاساکانی نێودەوڵەتیدا لە چ بارێکدایە ؟**

ئاسۆ حەسەن زادە : ئەمن لە تێزەکەمدا دوایین فەسڵم بۆ ئەو مەسەلەیە یانی مەسەلەی ئۆتۆنۆمیی کەمایەتی‌یەکان تەرخان کردووە. جارێ با ئەوە بڵێم لەو روانگەیەی ئەمن کردبووم بە هی خۆم لە مافی نێونەتەوەیی‌دا کاتێک بە شێوەیەکی گشتی و لەپێوەندی لەگەڵ کەمایەتییەکان‌دا ئیستلاحی ئۆتۆنۆمی بەکار دەبەین، ئەوە دەبێ هەموو ئەو شکڵانە لە لامەرکەزییەت و خۆبەڕێوەبردن بگرێتەوە کە دەبنە هۆی ئەوە کە بەشێک یان هەموو کاروباری پێوەندیدار بە گەل و هەرێمەکان بە نوێنەرانی ئەو گەل و هەرێمانە بسپێردرێ. کەوابوو مەبەست لە بەکارهێنانی دەستەواژەی خۆبەرێوەبردنی خودموختارانە یان ئۆتۆنۆم تەنیا خودموختاری وەک مۆدێلی تایبەتی نیە و شکڵە پێشکەوتووترەکان و یەک لەوان فیدرالیزمیش دەگرێتەوە، چونکە وەک دەزانین فیدرالیزم بۆخۆی بەرهەمی جێبەجێکردنی هاوکاتی هەردوو پرەنسیپی بەشداری لە ناوەندا و خۆبەڕێوەبردن لە هەرێمە.

لە جەلەسەی دیفاعییەی تێزەکەمدا یەکێک لەو رەخنانەی بەرەورووم کرایەوە ئەوە بوو کە سەرۆکی لیژنە لە راپۆرتی خۆی‌دا نووسیبووی ئایا ئۆتۆنۆمی لە تێزێکدا کە بۆ باس لە بەشداری تەرخان کراوە چ دەکا و پێویستە لابچێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پۆلێنبەندی و چەمکسازییانەی لە ئەدەبیاتی نیهادە نێونەتەوەیی‌یەکان و مەتنە پێوەندیدارەکان‌دا کراوە بۆ نموونە دەقی ناسراو بە «رێنوێنییەکانی لوند لەسەر بەشداریی کەمایەتییە نەتەوەیی‌یەکان لە حەوزەی عوومی و حکوومەتی‌دا» (**١٩٩٩**)، و بە پشت بەستن بە رای زۆرینەی لیژنە ئەو تێبینییەم قبووڵ نەکرد و لەو مەوریدەدا هەر لەسەر ئەو رێڕەوە مامەوە کە پێشتر هەڵم بژاردبوو، ئەویش ئەوە کە جیا لە سەربەخۆیی و جیابوونەوە، هەموو مێکانیزمەکانی دەخیل کردنی کەمایەتی‌یەکانی لە پرۆسەی سیاسیی نێوخۆیی‌دا، هەر چەندێکیش پێشکەوتوو بن، نە کەم و نە زیاد دەبێ بە شکڵێک لە بەشداریی سیاسی دابنێین. گرینگیی ئەو مەسەلەیە لە روانگەی منەوە لەوەدایە کە تەنیا بەم جۆرە دەتوانین هەم لە رووی مەفاهیمەوە و لە پێوەندی لەگەڵ بنەماکانی بەشداریی

تایبەتی کەمینەکان دا لە ئینسجامدا بین و هەم بڕ و بیانووی دەوڵەتانیش کە بۆ نەدانی مافی خودموختاری بە کەمایەتییەکان خودموختاری وەک شکڵێک لە تەجزیەتەڵەبی و وەک وێستگەیەک لەسەر ڕێگای سەربەخۆیی لە قەڵەم دەدەن بەرپەرچ بدەینەوە.

پاش شیکردنەوەی کۆنسێپتی ئۆتۆنۆمی و ئەو تێگەیشتن و جێبەجێکردنە جۆربەجۆرانە کە لێی کراوە، ئەو فاکتەرانەی ڕێگاخۆشکەرن بۆ دابین کردنی ئۆتۆنۆمیی کەمایەتی‌یەکان خراونە ڕوو. لە ڕوانگەی منەوە مافەکانی کەمایەتی‌یەکان ئەگەر بە دروستی جێبەجێ بکرێن لە زۆربەی نزیک بە تەواوی حاڵەتەکان‌دا لە بەرەســمی ناسینی خودموختاری چ لەســەر بنەمای خاک و چ لەسەر بنەمای کەسیی چڕ دەبێتەوە. هەروەک چۆن بۆ دامەزرانی دەوڵەت ســێ فاکتەری خاک، خەڵک و حکوومەت پێویستن، لە پێوەندی لەگەڵ ئۆتۆنۆمیی کەمایەتییەکانیشــدا ساغکردنی چوارچێوەی سەرزەمین و پاراستنی تەرکیبــی قەومی و هەبوونی نیهادگەلی تایبەت بە کەمایەتی‌یەکانم وەک بنەماکانی ئۆتۆنۆمی باس کردووە.

پــاش ئەوە بە جیا بۆ هەر یــەک لە کەمایەتی‌یەکان و گەلانی بوومی بەدوای مافی خودموختاری لە تێکســتەکان و لە پراکتیکی نێونەتەوەیی‌دا گەڕاوم. بەڵام لێرەشــدا بەو ئاکامە گەیشــتووم کــە تەبعیزێک لەنێوان گەلانی بوومــی و کەمایەتی‌یەکاندا هەیە. مەتنەکانی پێوەندیدار بە گەلانی بوومی بەتایبەتی ســتانداردەکانی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار و پاشانیش بەیاننامەی مافی گەلانی بوومی کە تازە لەلایەن کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە پەسند گەیشتووە کۆمەڵێک بەندیان لە خۆ گرتووە کە ئەگەر وە ســەر یەکیان بخەینەوە هەقــی خودموختاری بۆ گەلانی بوومی‌یان بە ڕوونی لێ دادەچۆڕێ. هەرچی کەمایەتی‌یەکانیشــە، بەداخەوە کۆمەڵێک پێشنیاری بە ڕەسمی ناسینی مافی خودموختاری بۆ کەمایەتی‌یەکان و یەک لەوان ئەو پێشنیارە کە ســاڵی **١٩٩٣** بە ئیبتکاری لیشتنشتاین خرایە دەستووری کاری کۆمیسیۆنی سێهەمی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئاکامی دڵخواز نەگەیشتوون. بەڵام ڕەوتەکە ڕانەوەستاوە و کۆمەڵێک گەشەسەندنی هیوابەخش ڕوویان داوە. لەلایەک لە ئورووپا چەندین مەتنی کۆنڤانســیۆن لەبواری خودموختاریــی محەللی و ناوچەیی بەتایبەتی لە چوارچێوەی «کۆنگرەی دەســەڵاتە محەللی و ناوچەیی‌یەکانی ئورووپا»دا پەسند کراون. لەلایەکی دیکەشەوە نیهادەکانی چاوەدێری بەسەر جێبەجێکردنی پەیمانەکانی مافی مرۆڤ و مافی کەمایەتی‌یەکان وردە وردە موحافزەکاریی پێشوویان وەلا دەنێن و تا دێ ڕوونتر و باشــتر ستایشی خودموختاری و فیدرالیزم دەکەن. جیا لەوانەش بە دەیان نموونەی بەڕەسمی ناسینی خودموختاری لەسەر بنەمای نێونەتەوەیی و بە دانانی

گەرەنتیی نێونەتەوەییمان هەیە و لە واقعدا ئۆتۆنۆمی بە هەموو شـــکڵییەکانەوە وەک ئامرازی چارەسەری کێشە قەومییەکان کە یەکێتیی سیاسیی وڵات و مەوجوودییەتی سیاســـیی کەمایەتی‌یەکان پێکەوە ئاشت دەکاتەوە بە رەسمی ناسراوە. گومانم نیە لە ساڵەکانی داهاتوودا شاهیدی گەشەسەندنی بەکەڵکتر و هیوابەخشتریش دەبین. چەند ســـاڵێکە هێندێک پرۆژە ( بۆ نموونە بەرنامەی ناســـراو بە «هابیتا») بۆ بەرەسمی ناسینی خودگەردانی و خودموختاری لە چوارچێوەی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەکردن‌دا لە ئارادان کە ئەگەرچی زۆرتر هەڵقووڵاو لە پێویستییەکانی حوکمڕانیین و باسی گەلانی بێدەوڵەتیان تێدا نەکراوە، بەڵام کاتێک بە پەسند گەیشتن بێگوومان بۆ وانیش سوود بەخش دەبن.

**تیشک : کاك ئاسۆ بەڕێزتان لە دەرەوەی وڵاتن و لەم بوارەدا خوێندنتان تەواو کردوە و هەروەها هەر لەم بوارەدا چالاکیشـــتان هەبووە و ســـەرەڕای ئەوانەش ئێســـتا وەك ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە دەرەوەی وڵات چالاکی سیاســـی دیپلۆماسی و حقووقیتان هەیە. دەکرێ ئاماژە بەوە بدەن کە چ شتێك پێویستە لە دەرەوەی وڵات لەم بوارەدا بکرێ، ئایا هێزە سیاســـییەکانی کورد  لە دەرەوەی وڵات لەم بوارەدا تا چ رادەیەك چوونەتە پێش، بە تایبەتی ئەگەر دەکرێ ئاوڕ لە پلان یان هەوڵەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بدەنەوە.**

ئاســـۆ حەســـەن زادە : زۆربەی هەرە زۆری هێزە سیاسییەکانی نێو بزوتنەوەی کورد ئەمڕۆ داوای ســـەربەخۆیی و جیابوونەوەی کوردستان ناکەن (ئێستا چاک دەکەن یا خراپ دەکەن ئەوە باسی ئێمە نی‌یە). کەوابوو ئەوەی ئێمە و باقیی هێزە سیاسییەکانی کـــورد داوای دەکەین، لەگەڵ هەموو جیاوازییەک کە لە ئەنگیزە و شـــێوەی گەڵاڵە کردنـــدا دەکرێ لەنێوانماندا هەبێ، بریتی‌یە لـــە کۆمەڵێک مافی رەوا کە گرینگترین و بنەڕەتی‌ترینیان مافی بەشـــداریی سیاســـییە. هەربۆیە ئەو رێگاچـــارە نیهادییانەی هەوڵم داوە لە کارەکەی خۆمدا ســـەرنجیان پێ بدەم شتێکی بێگانە نین لەو داخوازە سیاسییانەی لە خەباتی ئەمڕۆ و رەنگە سبەینێی خۆماندا دەیانخەینە ڕوو و لە واقیعدا ئامرازی خورد کردنەوە و جێبەجێ کردنی ئەو داخوازییە سیاسییانەن. لەلای دیکەوە، زۆر جار نەیارانی فێدرالیزاسیۆنی ئێران و بەرەسمی ناسینی مافی گەلانی ئەو وڵاتە و یەک لەوان کورد بە ئێمە دەڵێن کە ئەوەی ئێوە داوای دەکەن بۆ ئێران ناگونجێ و لە دواڕۆژدا زۆر کێشـــەی دیکەی چارەهەڵنەگری لێ دەکەوێتەوە و لەو قسانە.  جا بۆیە گرینگە کە ئێمە بە پشـــت بەستن بە ئەزموونی وڵاتانی دیکەی جیهان و ستانداردە نێونەتەوەیی‌یـــە پێوەندیدارەکان خۆمان  بە وڵامی موســـتەنەد و فۆرموولی گونجاو و

سەلمێنەر تەیار بکەین.

بەڵام توێژینەوەی زانستی شـــتێکە و لۆبیگەریی سیاسی شتێکی دیکە. توێژینەوەی زانســـتی بۆ دەوڵەمەند کردنی ژێرخانی سیاسەت یەکجار پێویستە، بەڵام نابێ لەگەڵ سیاســـەتمان لێ تێک بچێ. لە گوتاری سیاســـی و لە لۆبیگەریـــی نەتەوەیی‌دا خۆ خەریک کردن و خۆبەســـتنەوە بە وردەکارە تیئۆری و تەکنیکی‌یەکان نە عەمەلی‌یە و نە هەمیشـــەش بە قازانجە. گرینگ ئەوەیە ئێمە لە خەتە گشتییەکانی سیاسەت و لۆبیگەریی خۆماندا کۆمەڵێک شت گەڵاڵە بکەین و لە هەر سێ ئاستی کوردستانی و ئێرانی و نێونەتەوەیی‌دا بیبەینە پێش، و ئەو خەتە گشتی‌یانە هەم لەبارەی جەوهەری پێشکەوتووی ویستە سیاسییەکانمان و هەم لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ژێرخانە تیئۆری و زانستییەدا کە باسم کرد لەگەڵ هزری باوی زانستی دا تەبا بن و ژیری و دووربینی‌یان تێدا رەچاو کرابێ. ئەگەر بەڕاستی بایەخی تەواو بۆ مەفاهیم دابنێین و شارەزاش بەوە بین کە تێگەیشتنی ئەکتەرەکانی دیکە یان تەرەف مەعامەلەکانی ئێمە لە سیاسەت‌دا لە هەمان ئەو چەمکانە چییە، ئەو وەختە خەتە گشتی‌یەکان و چەمکە بنەڕەتی‌یەکان بهـــو جۆرە کە ئێمە زەقیان دەکەینـــەوە، خود بە خود هەڵگری کۆمەڵێک ئاکامگیری لە رووی حقووقی و لە ئاســـتی تێکنیکی و نیهادی‌دا دەبن کە لە کاتی خۆی‌دا ئەو توێژینەوە و لێکدانەوانەی ئەمڕۆ و لێر و لەوێ کردوومان دەتوانن بە شێوەی جۆراوجۆر یارمەتیدەر و پشتیوان بن و بەکورتی رێگا چارە نیهادییەکان بە شێوەیەکی سروشتی لەو خەتە گشتییانەی بۆخۆیان بنەمای زانستییان هەیە دادەچۆڕێن.

ســـەبارەت بەو کارەش کە ئێمە لە دەرەوەی وڵات کردوومانە و دەیکەین مەسەلەکە بە هەمان چەشنە. ئەوەی لەلایەن حیزبی ئێمەوە لە دەرەوەی وڵات و بەتایبەتی لە سێ دەهەی رابردوودا کراوە، لەلایەک گەیاندنی فاکتەکانی پێوەندیدار بە چەوسانەوەی میللەتەکەمـــان بە گوێی کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان و لەلایەکی دیکەشـــەوە روونکردنەوەی بوعدی سیاسیی ئەو خەباتە و لۆبیگەری بۆ تێگەیشتنێکە کە ئێمە وەک کورد لە چارەســـەری مەسەلەی کورد و بەگشتی مەسەلەی میللی لە ئێرانمان هەیە. پێوەندی‌یەکانی ئێمە بەتایبەتی لە ســـاڵانی رابردوودا لەسەر هەردوو ئاستی پێوەندی لەگـــەڵ دەوڵەتان و دامودەزگا حکوومی و حیزبی‌یـــەکان لەلایەک و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان (چ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و چ رێکخراوە غەیرە دەوڵەتییەکاندا) چۆتە پێش. لەلایەکی دیکەوە دۆســـتایەتی لەگەڵ کەســـایەتی و نیهاد و شـــەبەکە فەرهەنگـــی و کۆمەڵایەتی و مێدیایی‌یەکان و ناوەندەکانـــی توێژینەوە ئامانجێکی پلانی کاری ئێمە بوون. شـــتێکی تازە کە ئێمە لە ساڵانی دوایی‌دا هەوڵمان بۆ داوە،

لەلایەک تاقیکردنەوەی کۆمەڵێک کاناڵی نوێ و تا ڕادەیەکیش خۆ نەبەستنەوە بەو مەرزبەندییە ئیدئۆلۆژیکانەی تا بیست ساڵ لەمەوبەر باو بوون، و لەلای دیکەشەوە هەوڵی بە سیستم کردن و پلانسازی لە بواری پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکاندا بووە کە تا ڕادەیەکی باش لە مەجمووعی ئەو شتانەدا و لە قەدەر ئەو ئیمکاناتە ماددی و مەعنەوییە مەحدوودەی هەمانبووە چووینە پێش.
ئەو تابلۆ نیسبەتەن موسبەتە کە ئەمن بە کورتی کێشامەوە بەتایبەتی دەبێ لەو لایەنەوە تەعدیل بکرێ کە ئەگەر قبووڵمان بێ کە خەباتی ئێمە خەبات بۆ ئازادیی میللەتێکە و خەڵکی دیکە و ئەحزابی دیکەش بۆ ئازادیی هەمان ئەو میللەتە خەبات دەکەن، گرینگترین خاڵی لاوازی تێکۆشانی ئازادیخوازانی کورد لە دەرەوەی وڵات ئەوەیە کە لەبواری پاڕادیپلۆماسیدا تەقریبەن هیچ کارێکی هاوبەش لەلایەن هێزە سیاسییەکانی کوردەوە نەهادینە نەکراوە و هەوڵ و ئینیتکارەکان هێشتا بەداخەوە پەرش و بڵاون. ئەوەش لە ڕاستیدا بەستراوەتەوە بەو پەرش و بڵاوی و نایەکگرتوویی‌یەی لە مەیدانی خەباتی هێزە کوردییەکان لە کوردستان هەیە. ڕاستە هێندێک کاری هاوبەش دەکرێ بکەین کە لەسەر تەوافوقی ئەساسی و کوللی مەحتەل نین، بەڵام تەنیا کاتێک بەڕاستی دەرەتانی پایەداری کاری هاوبەش لە دەرەوە پێک دێ، کە پێشتر لە کوردستان ئەحزابی کوردی بۆ خەباتی هاوبەش پێک هاتبن.




# تێڕوانینێك له‌ چه‌مكه‌ بنچینه‌ییه‌كانی نه‌ته‌وه‌، میلییه‌ت و ناسیۆنالیزم


ن: سالار سیف الدینی

و: سه‌ید جه‌لال ساڵحی




**پێشەکی:**
ناسیۆنالیزم و کۆمەڵێک چەمکیتری وەک نەتەوە و ناسیۆنالیتی(ملیت) کە لە پێوەندی ئەو دان، زۆر ئاڵۆز و پێچەڵاوپێچن و بۆ ئەوەی بچینە سەریان، پێویستی بە تاوتوێ کردن و هەڵ سەنگاندن و تێڕوانینێکی بەرین هەیە. هەر بەو ئەندازەی کە بە ناسیۆنالیزمیان هەڵ گوتووەو تاریفیان کردوە، لە لایەن بیرمەندان و پسپۆڕانەوە کەوتۆشتە بەر ڕەخنەوە. ئاوری شەڕی دووهەمی جیهانی بواری بۆ هاتنە کایە و بڕوبیانووگەلێکی زۆری بە دژی ناسیۆنالیزم خۆش کرد. بەرهەڵستکار و نەیارەکانی دەڵێن: ئەم ڕێبازە بووە هۆی هەڵایسانی ئاوری شەڕی دووهەمی جیهانی و نیزامە فاشیستییەکان سەدەی پێشوو دەخەنە پاڵ ناسیۆنالیزم، بەم شێوەیە کە نووکی ڕەخنەکانیان ڕووی لە ناسیۆنالیزمە.
نووسەر و بیرمەندانی نەتەوەیی وڵاتی ئێرانیش لە سێ دەیەی ڕابردووەوە لە جیاتی ئەوەی بچنە سەر تاوتوێ کردن و هەڵسەنگاندنی تایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و دووبارە پێناسەی بایەخەکانی، داخوازییەکانی و پرۆژەکانی، توانایی زیاتری خۆیان لەسەر ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی لایەنە دژبەرەکان لە گەڵ ناسیۆنالیزمی ئێرانی و هەروەها پان توورانیزم و سەهیۆنیزم و هەندێک لەو جووڵانەوە قەومییانە چڕ کردۆتەوەو بەکاریان هێناوە، بە شێوەیەک کە بەرهەم هێنانەوە، پێناسە و ناسینی نەتەوایەتیی ئێرانی لە بیر کرا.
لە لایەکیترەوە بزووتنەوە خۆڕسکە نیشتمان پەروەرەکان لە نێو لاوانی ئێرانیدا کە خاوەن دەنگ دانەوەیەکی مەیل و بەریانی نیشتمانی بوو، بە شێوەیەک تووشی هێماکان و هێماپەرستییەکان بوو کە لە تیۆرییە ناسیۆنالیستی، ئامانج، بەرنامە، ستراتیژی، ڕێکار و تاکتیکەکان و ... زۆر دوور کەوتەوە. ئەم هێما پەروەرییە تا ڕادەیەک لە نێو لایەنگرانی شوناسی نەتەوەییش دا شیاوی لێک دانەوەو تێڕامانە. بەڵام کورت کردنەوەی ناسیۆنالیتی و ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە هێما کۆنینەکان، ئوستوورەیی و قارەمانەتی و ... دەتوانێ لە ماوەیەکی دووردا ببێتە هۆی ناهۆمێدی و دڵساردیش. گوتاری ناسیۆنالیزم بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و نەتەوەیەک

بە پێی پێویستییە نەتەوەییەکان هەڵگری بەرنامە و ئامانجە. پێشینەی مێژوویی نەتەوەیەک (سەرەڕای پێک هێنانی پێکهاتەی شوناسی نەتەوەیی) تەنیا دەتوانێ چرایەک بۆ داهاتوو و پەیژەیەکی پێشکەوتن بێ. کەوابوو لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین بە تێڕوانینێکی خێرا لەسەر پێناسەکان، بنەماکان و مەرام و تیۆریی ناسیۆنالیستی جارێکی دیکە پێداچوونەوەیەک بە ناوەڕۆکی ئەم بیرۆکە بەرزەی مرۆڤایەتیدا بکەین.

پێش هەموو شتێک پێناسەی پرەنسیپ و بنەماکان لە بواری تیۆریکدا گرینگییەکی زۆری هەیە، بە لێک دانەوەی سۆقرات هیچ کات ناتوانین بە بێ پێناسەی دیاردەکان و دیاری کردنی سنوورەکان و تایبەتمەندییە پێک هێنەرەکانیان بگەینە دەسکەوتە بنیاتنەر و دڵخوازەکان و زۆرێک لە تێنەگەیشتن و گەنگەشە کۆمەڵایەتییەکانمان بەرەنجامی هەر ئەو نەبوونی پێناسە، شوناسایی و هەڵسەنگاندنی پێناسەکانە. لەم نووسراوەدا هەوڵ دراوە کە لە پەنا بیرۆکە و تیۆرییە باوە جیهانییەکان، ڕوانگە و بۆچوونەکانی بیرمەندە ناسیۆنالیستە ئێرانییەکانیش ڕەنگ بداتەوەو لە هەر بابەتێکیدا پێداچوونەوەیەک بە بۆچوونی کۆمەڵگای ڕۆشنبیری و پێشڕەوانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی بکرێ. بەم مەبەستە کە باسە پێشنیار کراوەکان تەنیا لە تیۆریدا کورت نەکرێتەوەو پارادایمە چەسپاوەکانی لە وڵاتەکەی ئێمەش دا تاوتوێ بکرێ.

**نەتەوە و پێناسەکانی**

نەتەوە بە کۆمەڵە خەڵکێک دەگوترێ کە لە بواری زمان، خوێن، خاک، مێژوو، ئایین و کلتووردا خاوەن پەیوەندییەکی بەهێزە. دەکرێ نەتەوە بە یەکەیەکی گەورەی مرۆڤایەتی دانێین کە لە ڕەوتی مێژوودا پێک هاتووەو بەسەر بنەمای وڵات و ئابووری و پێشینە و کولتووری نەتەوەیی هاوبەش دا جێگیر و پایەدارەو هۆکاری ئەو پەیوەندییەش کولتوور و وشیاری نەتەوەییە. لەم پەیوەندییەوەیە کە هەستی پێوەندارێتی بە یەک و هەستی یەکگرتوویی نێوان ئەندامانی بەستراوە بەو یەکەوە دروست دەبێ. هێندێک لە نەتەوەکان خۆیان بە پێی ئایین یا زمان و ... پێناسە دەکەن، تاقمێکیتریش خواستی ژیانی بە کۆمەڵ یا ڕابردووی هاوبەش و یادەوەری مێژوویی، بیرەوەرییە هاوبەشەکان و یا چەند توخمی سەرەکیی لەبەر چاو دەگرن.

نەتەوەکان بەرهەمی مێژووی جیهانن و مێژووی جیهانیش شتێکی جیا لە ڕوودان و شەڕی نەتەوەکان نیە. یادەوەری مێژووی هاوبەش، خواستی هەمووان بۆ پێکەوە ژیان لە چوارچێوەیەکدا لە توخمەکانی دیکەی ئەم پێناسەیە. لە نموونەیەکی تایبەتمەندییەکانی هەر نەتەوەیەک بوونی مەڵبەندێکی سیاسیی و جوغرافیای هاوبەش واتە نیشتمانە و لە ئاکامدا لە هاوپێوەندی و خزمایەتی ئەو خەڵکانەی کە لە یەک ڕەچەڵەک و بنەوبنەچەی هاوبەشن لە گەڵ نیشتمان(خاک) بناغەکانی دەوڵەت ــ نەتەوەیەک دادەڕێژێ. سەرەڕای ئەوەش، هێزی هەرە پێویست و پێوەندانی نەتەوە لە هەستی ئینتما بە مێژوو، ئایین، کولتووری تایبەتی هاوبەش و هەروەها زمانی نەتەوەیی هاوبەشەوە هەڵ دەقوڵێ. بوونی هاوبەشە مێژوویی، کلتووری، ئایینیەکان و بەرژەوەندییە هاوبەشە ئابوورییەکانی نێوان گرووپە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤی نیشتەجێی نیشتمانێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێک هاتنی نەتەوەیەک دەژمێردرێن. هەرچی ئەم پێوەندییانە زیاتر بن، هەستی پێوەندی و نزیکی بە نەتەوەیەکەوە، لە نێو ئەندامەکانیدا بە ڕادەیەک زۆر دەبێ کە دەتوانن ببنە هۆی هەستی پێوەندارێتی بە نەتەوەیەکی تاکی نێوان چەندین گرووپی زمانی، ڕەچەڵەکی و کلتووری کە بە ڕواڵەت جیا بێتەوە.

هەروەک باس کرا پێناسەگەلێکی جۆراوجۆر بۆ نەتەوەو توخمە پێک هێنەرەکانییەوە کراوەو خستراوەتە ڕوو. قوتابخانەی تۆڕەمەیی کە کەسانێکی وەک «کۆنت دو گۆبینۆ، وارشێر دولاپۆژ و چەمبێرلین» لە پێشڕەوانی بوون، ڕەچەڵەکیان بە هۆکار و بناغەی پێک هێنانی نەتەوە سەیر کردوە. قوتابخانەی زمانی کە «فیختە» لە پێشڕەوانیەتی، زمان بە ناوەڕۆکی پێناسەی نەتەوەیی دادەنێ، لە هەندێک وڵاتەکانی وەک بەنگلادێش، پاکستان، مالێزی و ... ئایین بە هۆکاری پێک هێنانی نەتەوە ناسراوە. بۆ وێنە جیاوازی خەڵکی پاکستان لە گەڵ هێندییەکانی دیکەدا لە چوارچێوەی ئایینی ئیسلام دایە. کەسانێکیش پشتیان بە چەمکەکانی دیکەی وەک جوغرافیای هاوبەش یا بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و تەنانەت پەیمانە کۆمەڵایەتییەکان بەستووە.

لە پێناسەی نوێ و ئەمڕۆییدا، نەتەوە کۆمەڵێک لەو تایبەتمەندییە کاریگەرانەی سەرەوەن لە گەڵ ئابووریی هاوبەش و خواستی گشتی بۆ پێکەوە ژیان لە جوغرافیایەکدا. لە کۆتاییدا «ئانتۆنی سمیت» سەرەڕای ڕابردووی هاوبەش

و کلتووریی نەتەوەیی و ئەرکە هاوبەشـــەکانیش ئاماژەی بە پێناســـەی نەتەوە کردوە.

**جیاوازی قەوم(خێڵ) و نەتەوە**

خەڵک ناس و کۆمەڵ ناسەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئێمە سەر و کارمان لە گەڵ دوو جۆر گرووپی قەومیدا هەیە.

یەکەم: گرووپە قەومییەکان بە پێی پێوەندییە عەشیرەییەکان، تایفی و هۆزی و لە ئەندازەیەکی گچکەتردا بنەماڵەیی و بنەچەییدا.

دووهەم: گرووپ گەلێکن کە بە پێی ئەمبەراوبەر کردنی گرووپە مرۆییەکان پێک هاتووەو کۆی ئەوان لە پەنا یەک دا نەتەوە پێک دێنن.

قەوم لە بواری کۆمەڵ ناســـانەوە خاوەن پێناسەیەکی کولتوورییە. قەوم یا هۆز، کۆمەڵە خەڵکێن بە تایبەتمەندییەکی دیاری کراوەوە. «ئانتۆنی گیدنێز» پێناسەی قەومییەت بە نۆرم و بەها کولتووریەکان دەزانێ کە ئەندامانی گرووپێکی دیاری کراو لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە. ناوبراو گرووپە قەومییەکان بە خاوەن شوناسێکی کلتووری هاوبـــەش دەزانێ.(گێڕانەوە بە واتا: گیدنێز، کۆمەڵگاناســـی). بەڵام «نەتەوە» هەڵگری واتایەکی بەهێزی سیاسییە. واتە بە کۆمەڵێکی گەورەتر لە «قەوم» دەگوترێ کە خاوەنی دەوڵەت، وڵات و ڕابردووی هاوبەشن، هەربۆیە نەتـــەوە لە بەراورد لە گەڵ قەوم دا هەم لە ڕووی «واتا» و هەمیش لە ڕووی بابەتی(عینی)یەوە بەربڵاوتر و گەورەترە. لە سەرتاسەری جیهاندا نەتەوە لە چەند قەوم(هۆز، تیرە، تایفە، خێڵ، عەشیرە) پێک هاتووە. [١]

هـــۆز، خێڵ و قەوم فـــۆڕم گەلێکی مێژوویی و کۆنـــی کۆمەڵگای مرۆڤایەتین کـــە بەر لە پەیدابوونی نەتەوەکان بوون و لە ســـەردەمی فۆڕم گرتنی دەوڵەت ـــ نەتەوەکان واتە ســـەردەمی مۆدێرنیتە لە پرۆسەیەکی سروشتی بە لێکدان و تێهەڵکێشـــان و یەکگرتوویی لە قەوارەی میللەت دا، شـــوێنی خۆیان دا بە چەمکێکی بانتر بە ناوی نەتەوە.

لە باری کاتـــی پەیدابوونـــی نەتەوەکان(بە واتای مۆدێرنـــی ئورووپاییەکەی) دەگەڕێتەوە بۆ ســـەردەمی لەبەریەک هەڵوەشانی دەرەبەگایەتی و ڕیشە گرتن و پتەوبوونی شێوەی بەرهەم هێنانی بورژوازی و کۆمەڵگای سەنعەتی و پەیدابوونی بازاڕێکی تاک. سەرمایە نەتەوەییەکان کۆتایی بە لێک جیایی و دابڕانەکان دێنێ

و له بواری ئابوورییەوە خەڵکەکەی پێکەوە بەستۆتەوەو ناوەندێتی سیاسی پێک هێنــاوەو بارودۆخی پتەوی پێوەندییە نەتەوەییــەکان خۆش دەکەن. «قەوم لە کۆمەڵگاکانی کۆیلەداری و دەرەبەگایەتیدا جۆرێکیتر لە هاوبەشی کەسانێکە کە پەیوەندی خزمایەتییان هەیە و نیشتمان(وڵات) و زمان و کولتووری هاوبەشیان هەن، بەڵام ئێستاشـــی لە گەڵدا بێ ئەم هاوبەشییە بە تەواوی سەقامگیر نیە و ئێستاش لە پێوانەی وڵات دا هاوبەشی ئابووریی کامڵ نیە». [٢]

زۆربەی تیۆریســـیەن و بیرمەندان لە بواری هاوپێوەندی چەمکی قەومییەت لە گەڵ ســـەردەمی پێش مودێرن دا هاوبیرن و لەم باســـەدا هاوڕا و هاوپەیڤن کە چەمکی قەمییەت و شوناســـە خێڵی و هۆزییەکان چەمکێکە ســـەر بە دەورانی دەرەبەگایەتی واتە، ســـەر بە سەردەمە سەرەتاییەکان. بە واتایەکیتر، قەومەکان زیاتر خاوەن زمان و ئایین و یەک بیرەوەری گشـــتی و زۆر جار یەک ڕەگەزن، بەڵام نەتەوەکان، بە مانا مودێرن و نوێیەکەی، ئاوێتەیەکن لە قەومییەتەکان. لـــە دونیادا، جیا لە هەندێ وڵاتی زۆر بچـــووک، وێ ناچێ نەتەوەیەک هەبن کـــە تەنیا لـــە قەومییەتێک پێک هاتبێ. نەتەوەکان کۆمەڵـــە مرۆڤێکن کە لە چوارچێوەی جوغرافیایەکی دیاری کراو لە ژێر دەسەڵاتدارەتی دەوڵەتێکدا بەسەر دەبەن و دەژین. لەوەها وێنا و پێودانگێک دا لە چەمکی نەتەوە ـــ کە وێنایەکی پاش مودێرنە ـــ دەوڵەت بە دەسەڵاتی بەدیهاتوو لە ویستی خەڵکەوە دەزانن و نیشتمان یا وڵات بە هی خەڵک، و دەوڵەتیش بە پارێزەر و نیگابانی یەکپارچەیی ئەو دادەنێن. هەر بۆیە، دەکرێ سێ چەمکی وڵات، نەتەوە، دەوڵەت بە جێگای یەکتری بەکار بێنین. بەڵام قەومەکان تا ئەو کاتەی کە دەوڵەتیان دانەمەزراندوە، ناکرێ بە پێی ئەم مانایە ناوی نەتەوەی لێ نێین. نەتەوە مودێرنەکان بێ هاوتایی خۆیان زیاتر لە پێکهاتەیەکی بێ وێنەی سیاســـی ـــ ئابوورییەوە وەردەگرن تا یەکپارچەیـــی زمانی ـــ کولتووری. دوایین یەکگرتوویی زمانی ـــ کولتووریی مەبەســـتێکە کە دواتر بە بەکارهێنانی لۆسە سیاســـییە ـــ ئابوورییەکان، لەبەر تیشکی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم و خوێندنەوەی لە مێژووی نەتەوەییدا، وەدووی کەوتوون. ئەم پرۆسەیە، بە هەڵایسانی مەیلی ناسیۆنالیستی لە ئەورووپادا، توانی بە مانای مودێرنەکەی نەتەوەکانی ئەورووپایی پێک بێنێ و مەیلی شوناســـێکی نوێی پێدان واتە، ئینتما بە نەتەوە لە جیاتی ئینتما بە قەومییەت. بە واتایەکیتر،

لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا «ڕۆحی نەتەوەیی» بەسەر ڕۆحی قەومی ـــ هۆزیدا زاڵە و لەنێو خۆیدا دەی توێنێتەوە یا ئەوەی کە دەیخاتە ژێر سێبەر و دەسەڵاتی خۆی». [٣]

## ڕۆڵی زمان لە پێناسەی نەتەوەدا

یەکێـــک لە دژوارترین ئەو مەســـەلانەی کە هەمیشـــە بەرۆکی تیۆریســـیەنە ناسیۆنالیســـتەکانی گرتووەو کێشـــەی بۆ ناونەتەوە، پێناســـەی نەتەوە و دیاری کردنی سنوورەکەیەتی. ئەم مەسەلە بە تایبەتی کاتێک زەق دەبێتەوە کە باسی زاراوە جۆراوجۆرەکانی زمانێک و تاکە زمانەکانی نێو ســـنوورەکانی نەتەوەیەک بێتە گۆڕێ. لە ناســـیۆنالیزمی ئورووپاییدا مەسەلەگەلێکی وەها بە چەندین جار کەوتۆتە بەر تاوتوێ کردن و مشت و مڕەوە. بۆ وێنە ئایا زمانی «سیسیلی» و «وندیکی» نەتەوەیەکی جیا پێک دێنێ یا ئەوەی کە دەبێ ئەوان بە بەشـــێک لە نەتەوەی ئیتالیا دانێین؟ ئایا ئۆتریشـــییەکان بەشێک لە نەتەوەی ئەڵمانن یا جەماوەرێک لەوان؟ ئایا نەتەوەی مەقدوونیە هەیە یا مەقدوونییەکان بەشـــێک لە بۆلغاریەکانن یا ڕەگەزێک لە ســـلاوییە باشـــوورییەکانن؟ ئایا کرواتەکان بە بەشێک لە نەتەوەی یۆگوســـلاڤی و لە ئاکامدا سلاوک دەژمێردرێن یا خاوەن ڕیشەگەلێکی نەتەوەیی جیان. ئەدی چارەی قەومەکانی «ئالزاسی، کۆرسیکاکان، باسکەکان و بریتۆنەکان لە گەڵ فرانکەکان لە فەڕانسە»دا چیە؟ کەمایەتییەکانی «کاتالۆن، باسک و فلاندێری لە ئیسپانیا و لاز، کورد، ئەڵبانیەکان، چەرکەس و ... لە تورکیە»دا چۆن پێناسە دەکرێن؟

ناکرێ زمان بە تەنیا بە نیشـــانەی شوناســـی نەتەوەیی هاوبەش و ســـەرتۆپی شوناسایی و پێناسەی نەتەوەیەک دانێین. لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا خەڵکانێک هـــەن بە زمان گەلێکی جۆراوجۆر کە لە حاڵی ژیان دان و هەر لەو کاتەشـــدا خاوەن هەســـتێکی هاوپێوەندی بە کۆمەڵن و خەڵکانێکیش هەن بە یەک جۆر زمان و خاوەن هەســـتێکی نەتەوەیی جیا و زۆر جاریش وەک یەک نادوێن. بۆ وێنە ئیرلەندییەکان و ئینگلیزەکان لە گەڵ ئەوەی کە خاوەن زمانێکی هاوبەشن، بەڵام هیچ ئیرلەندییەک خۆی بە ئینگلیزی نازانێ. خەڵکی سکاتلەند لە باکووری بریتانیا و وێلز لـــە ڕۆژئاوای بریتانیا لە گەڵ ئەوەی کە ئینگلیزی زمانن، بەڵام هیچ کات میللیەتی(Nationality) ئینگلیزییان بۆ خۆیان نەویستووەو خۆیان

به ئینگلیزی دانەناوە. هەروەکی شوناسی ئەمریکایی لە گەڵ شوناسی ئینگلیزی جیایە.

ئەڵمانییـــەکان و ئۆتریشـــییەکانیش لە گەڵ ئەوەی ئەمڕۆکـــە خاوەن زمانێکی هاوبەشـــن، بەڵام بە نەتەوەگەلێکی جیا دەژمێردرێن. پێچەوانەکەشی ڕاستە. لە سوئیس خەڵک بە چوار زمانی ئاڵمانی، فەڕانسەیی، ئیتالیایی و «ڕومنش» قسە دەکەن، بەڵام هەر هەموویان خۆیان بە هاووڵاتی سوئیسی دادەنێن. چینییەکان و هێندییەکان لە گەڵ ئەوەی کە لە نێو وڵاتەکەی خۆیاندا خاوەن زمان گەلێکی جۆراوجۆرن، بەڵام لە ناخەوە خاوەن هەستێکی نەتەوەیی هاوبەشن.

لە هێندوســـتانیش نزیک بە هەزار و پێنج سەد زمان هەیە، بەڵام خەڵکەکەی خۆیـــان بە هێندی دەزانن. هەروەها «چین»یش پێک هاتوو لە نەتەوەگەلێکە کە لەودا شـــەش زمانی سەرەکیی و دەیان و سەدان زمان و زاراوەی ناوچەیی باوە، بەڵام لە گەڵ هەموو ئەو بەربڵاوییە زمانە جۆراوجۆرانە، تەواوی خەڵکەکەی خۆیـــان بە چینی دەزانن و جیهانیش بە نەتەوەی چین دەیان ناســـێ. کەوابوو دەکرێ زمان بە تەنیا یەکێک لە مەرجە پێویستییەکان، نەک مەرجێکی تەواو بۆ پێناسەی نەتەوەیەک دانێین. بۆیە هەوڵدان بۆ پێناسەی کێ بوون و میللیەت بە پێی زمانی هاوبەش بە بێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە کولتوورییەکان، پێشینە و خۆشەویستی و هۆگرییە نەتەوەییەکان و ... هتد، لە گەڵ ڕاستییەکاندا یەک ناگرنەوە.

کۆمەڵێک بیرمەند ڕۆڵ گەلێکی زێڕین و زاتیان بۆ زمانی نەتەوەیی لە پێناسەی نەتەوەو میللیەتدا داناوە. بۆ وێنە فیختە(فیلسووفی نەتەوەخوازی ئەڵمانی) زمانی ئەڵمانی بە گەورەترین تایبەتمەندی نەتەوەی ئەڵمان دادەنێ و باقی نەتەوەکانی نۆردیک بۆ وێنە فەڕانســـەویەکانی بە هـــۆی دوورکەوتنەوە لە زمانی بنچینەیی ئەڵمانە کۆنەکان ســـەرکۆنە دەکرد. بە بڕوای ئەو، هەموو نەتەوە لاتینەکان بە هۆی ڕووهێنان بەم زمانە نزم و پەســـتە(لاتین) بۆ خۆشـــیان بە پلەی نزم و پەستی گەیون، بەڵام نەتەوەی ئەڵمان کە لە ڕەگەزی ڕەسەنی ژێرمەنن لە گەڵ ڕێزگرتن و پارێزگاری کردن لە خاک و نیشـــتمان و زمانی یەکەم و لەمێژینەی خۆیان، سەرتۆپی نەتەوەکانی دیکەن، واتە لە هەموو نەتەوەکانیتر کەم وێنەترن. فیختە ئەم تیۆرییەی وەک بنەمایەک قەبووڵ بوو کە زمان ئینسان دروست دەکا

نەک ئینسان زمان. لە ئاکامدا دەبێ زمانی نەتەوەی ئەڵمان لە تێکەڵاوی لە گەڵ زمانەکانی دیکە بە تایبەتی لاتین بپارێزین. هەرچەند کە ڕەنگە بکرێ بۆ تیۆری زمانی فیختە هۆکارگەلێکی دەروون ناسانەی باش و گونجاویشی بۆ بێنینەوە، بەڵام نابێ لەبیرمان بچێ کە زمانی ئەڵمان وەک زمانی ئینگلیزی هیچ کات بێبەر نەبووە لە زمانی لاتین و هەردووکی ئەم زمانانە بە تایبەتی ئەڵمانی لە وێنەی ئەو زمانە زیندووانەی جیهانن کە زۆرترین وشەی بێگانەی لە نێو پێکهاتەی خۆیاندا جێ کردۆتەوەو هاتۆتە نێو زمانەکەیانەوە، دیارە ئەم باسە هیچ کات ستاتیکا و دینامیزمی زمانی ئەڵمانی و شوێنەوارەکەی نەخستۆتە ژێر پرسیار. (گێڕانەوە بە واتا: فیختە، هێندێک وتە بۆ نەتەوەی ئاڵمان).

**دەوڵەت و پێناسەکانی:**

چەمک و پێناسەی دەوڵەتیش بە ئەندازەی نەتەوە یا ڕامیاری ئاڵۆزە. تاکوو ئێستا پێناسەگەلێکی زۆر لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە لە دەوڵەت کراوە. زۆربوونی ئەم پێناسانە بوونە هۆی ئەوە تا تیۆری داڕێژان، ئەم تێگەیشتنانە لە سێ گرووپی سیاسی، فەلسەفی و یاساییدا پۆلێن بەندی بکەن: دەوڵەتیش هەروەک زۆرێک لەم چەمکانەی ئەمڕۆیی، تێگەیشتنێکی نوێ و سەر بە سەردەمی مودێرنیتەیە. دەوڵەت لە پێناسەی فەلسەفیدا پشت بە ئایدیالە مۆڕاڵی تێگەیشتن لە چاکە و خراپە دەبەستێ، بەڵام پێناسەی سیاسی دەوڵەت تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە واقیع خوازی و ڕیالیزم دەبەستێ. دەوڵەت لەم پێناسەدا بنیاتێکی ڕێک خراوی شێوە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگا لە خاوەنداریەتی و ئابوورییەوە بگرە تا چۆنیەتی بەرهەم هێنان و دابەش کردنی سامانە. لە ڕوانگەی «ماکس ڤێبەر»ەوە دەوڵەت بنیاتێکە کە بە پشت بەستن بە تۆپزی و زۆرەملیی یاسایی کۆمەڵگا بەڕێوە دەبا. بەڵام هەر پێناسەیەکی کە بۆ دەوڵەتی هەڵبژێرین بە بێشک خاوەنی توخم گەلێک دەبێ کە لە تەواوی پێناسەکاندا هاوبەشە. هەر دەوڵەتێک دەبێ خاوەن حەشیمەت، دەسەڵاتدارەتی و سەروەری، حکوومەت و نیشتمانی تایبەت بە خۆی بێ و بە بێ هەرکام لەم توخمانە دەوڵەت مانای نیە.

لە نێو بیرمەندانی سیاسیدا سەبارەت بەوەی کە دەوڵەتان بنەمای ڕەوایی خۆیان چۆن بەدەست دێنن، زۆر باس کراوە. پێودانگی ئاخێزگە و سەرچاوەی تیۆریکی دەوڵەت لە سێبەری نادیاری و تیۆرەکیە ئاڵۆزەکاندا خەیاڵێکی تەم و مژاوی و

قورســـی بەخۆوە گرتووە. لە ڕوانگەی نەریت خوازییەوە ڕەوایی دەوڵەت لەسەر بناغەی بایەخە ئاســـمانییەکان هەڵ کەوتووە، بەڵام لە گەڵ لێک هەڵوەشان و ڕووخانی کلیســـا لە ڕۆژئاوادا ڕوانگە عەینییەکان و ئاوەزخوازەکان جێی گرتەوە. هەرکام لە تاک خوازەکان، بڕیارخوازەکان، نەتەوەخوازەکان و مارکسیســـتەکان باوەڕ و تیۆرییە تایبەتەکانی خۆیان لەم بوارەدا پێشکەش کردوە کە هەرکام بوونە بناخەیەک بۆ پێکهاتەی حکوومەتەکانی لیبراڵ، سوسیالیستی و نەتەوەیی.

لـــە دوماییدا دەبـــێ دەوڵەت بە سیســـتمێکی سیاســـی(تێکەڵاوێک لە بنیاتە حکوومی و دەفتەرخانەکان) بزانین کە بەســـەر مەڵبەندێک دا دەسەڵاتدارە کە باڵادەســـتییەکەی بە هۆی قانوون و بەکارهێنانی توانایی و هێزی زۆر پشتیوانی لێ دەکرێ.(گێڕانەوە بە واتا: جامعەشناسی، گیدنز).

بیرمەندانێکـــی وەک «ماکس ڤێبـــەر» و «ئەمیل دورکهایـــم» پیرۆزییەکی تایبەتییـــان بۆ دەوڵەت هەیە. لە ڕوانگەی «دورکهایم»ەوە پێوەندی دەوڵەت و تاک، پێوەندییەکی دەســـەڵاتدار و تاوانبارە. دەوڵەت دەسەڵاتداری بێ ئەم لاو ئەولایـــە و تاکیش بەڕێوەبەری بێ ئیرادەیە. دەوڵەت بنیاتێکە کە هیچ کارێک ناکا، بەڵکوو دەســـتووری بەڕێوەبردنی کارەکان دەدا و خەڵک کەرەسەیەکن بۆ مەبەستەکانی دەوڵەت و لە پەنا دەوڵەت دایە کە بوونی تاکەکە مانای هەیە.

پیرۆزی دەوڵەت لە بیرۆکەی تاقمێک لە تیۆری داڕێژان بە جێگایەک گەیشـــت کە لە هێندێک لە سیستمەکاندا دەوڵەت بووە بوونەوەرێکی زەبەلاح کە توانای هەموو کارێکی هەیە و ئەگەر بە پێی بەرژەوەندی لە بڕگەیەکی تایبەت لە کات لە بەرەوپێش بردنی کارێکدا کەمتەرخەمی دەکا، بە نیشانەی بێ دەسەڵاتی نیە، بەڵکوو بەرژەوەندی و قازانجەکە وا دەخوازێ. لەم جۆرە سیســـتمانەدا دەوڵەت وەک باوکی نەتەوە ســـەیر دەکرێ و هەموو شتێکی نەتەوەش بەو سپێردراوە و ئەویش بە پێی ویســـت و ئیرادەی خۆی کار دەکا و کەســـیش بۆی نیە هیچی تێـــدا بڵێ. موســـولینی بە ئیلهام لە وەها پێش مەرج گەلێکی فیکری پێناســـە داخراوەکانی خۆی لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتێکی فاشیســـت لە بەرگی ســـی و هەشـــتی ئەنسکلۆپێدیای ئیتالیادا دەربڕی. تیۆریسیەنە فاشیستەکان ڕوانگە و بۆچوونەکانـــی «هێگل، هابز و دورکهایم»یان لە مـــەڕ دەوڵەت کردە بناخە و لـــە هەر بوونێتییەک تەنانەت نەتەوەش بـــە بانتریان دانا، هەر بۆیە یەکێک لە

بناخەترین بنەماکانی ناسیۆنالیزم واتە ڕەوایی وەرگرتنی دەوڵەت لە نەتەوەیان ژێر پێ نا.

**دەوڵەتی نەتەوەیی چیە؟**

دەوڵەتی نەتەوەیی شێوەیەک لە لێزانییە کە بناخەکانی ڕەوایی و بوونێتی خۆی پشت ئەستوور بە بناخەی نەتەوەیەکی تایبەت لە سنوورە جوغرافیا دیاری کراوەکان دەزانێ. دەوڵەت چەمکێکی سیاسیی و ژئۆپۆلۆتیکە و نەتەوەش چەمکێکە کولتووریی و مێژوویی. «دەوڵەتی نەتەوەیی» بنیاتێکە کە «دەوڵەت» و «میللیەت»ی خستۆتە پێوانەیەکەوەو بناخەی خۆی لەسەر بنەمای نەتەوە داناوە. هەر بۆیە دەوڵەتی نەتەوەیی لە گەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە لەسەر بناخەی چەمکەکانی تیۆکراتیک، ئۆلیگارشی و ... پێک دێن، جیاوازە.

بۆ پێشینەی «دەوڵەتی نەتەوەیی» دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ساڵەکانی دوای شۆڕشی مەزنی فەڕانسە. لە ڕوانگەی ڕەوتی کۆمەڵگاناسانەوە دەوڵەتی نەتەوەیی لە کاتی سەردەمی تێپەڕبوون لە کۆمەڵگای دەرەبەگییەوە بەرەو کۆمەڵگای سەرمایەداری هاتۆتە گۆڕێ. لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا ڕەوایی دەوڵەت لەسەر مونارشی و ئۆلیگارشییە، بەڵام لە گەڵ گەشەکردنی چینی مام ناوەند، شاری و ڕۆشنبیر، هزرییە نەتەوەییەکان و ترس و نیگەرانی پێک هاتنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی لە تەواوی کۆمەڵگاکاندا توندتر بۆوە. دژایەتی ئامانجە ناسیۆنالیستییەکان لە گەڵ سیستمی دەرەبەگایەتیدا لە کەس شاراوە نیە. ناسیۆنالیزم کە بەدەوری بایەخەکانی چینی مام ناوەند و لە ئامێزی کۆمەڵگای ماشێنی و پیشەییدا گەشە دەکا و لە هەموو جێیەک بەرەنگاری فیئۆدالیزم و نەریتەکانی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی بۆتەوەو ئەمەش کارێکە کە تەواوی کۆمەڵگاکان ئەزموونیان کردوە.

ئانتۆنی گیدنێز لە فەرهەنگۆکی کتێبی «کۆمەڵگاناسی» لە ژێر چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی(Nation-State)دا دەوڵەتی نەتەوەیی بە جۆرێکی تایبەت لە دەوڵەت دەزانێ کە دیاردەیەکی دونیای ئەمڕۆییە و کۆمەڵانی خەڵک لەودا بە هاووڵاتی دەژمێردرێن و خۆیان بە یەک نەتەوە دەزانن. ناوبراو زیاد دەکا کە دەوڵەتی نەتەوەیی لە گەڵ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمدا پێوەندییەکی نزیکیان هەیە کە سەرچاوەکەی ئوروپایە و لەوێوە بۆ سەراسەری جیهان بڵاو بۆتەوەو پەرەی سەندووە.

ناســـیۆنالیزمی ئێرانیش هەر لە ســـەرەتاوە لە گەڵ فیئۆدالیـــزم و پێکهاتەکانی دەرەبەگایەتـــی کۆمەڵگا دژایەتییەکی ئاشـــکرای بـــوو. وەرزێڕ و جووتێری ژێر دەسەڵات و دەستووری خاوەن موڵکەکان تەنانەت لە ناوچەیەکی دێموکڕاتیکدا ملکەچی خاوەن موڵک و ئاغادێ‌کانیانن و لە کاتی هەڵ بژاردنیشـــدا بۆ دەنگ دان چـــاو لە ئاغاکەیان دەکەن واتە پەیـــڕەوی لە دەنگی دەرەبەگەکە دەکەن. ڕیچارد کاتم لە هەڵ ســـەنگاندنی بزووتنەوەی بە نەتەوەیی بوونی نەوتی ئێران ئاماژە بە ڕۆڵی کرێکارانی کەم خوێندەوار یا نەخوێندەواری پیشـــەیی کۆچەر لە دێهاتیشـــەوە دەکا. چونکە ئەم تاقمە هەر بـــەو زەینی دەرەبەگ لێدراوەوە دێنە کۆمەڵگای شاری کە لە ئاکامدا زۆر بە ئاسانی دەبنە داردەستی گرووپە سیاسییە دژە نەتەوەییەکان.(گێڕانەوە بە واتا: کاتم، ریچارد، ناسیونالیزم و ئێران)

چینی مام ناوەندی ئێران بە تایبەتی بازاڕی و تاجرەکان ڕاست لە بەرامبەر ئەم پرۆســـە دان و هەمیشە ئامانجە نەتەوەییەکان و ســـەقامگیری کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی ئابووریی و بە شێوەیەکی گشتیی تەواوی بیرۆکە ناسیۆنالیستییەکان لە ڕوانگەی ئەم چینەوە حاڵەتێکی ئایدیال و ئامانجداری هەیە.

بەڵام ئەم پرســـیارە کە ســـەرەتا دەوڵەتی نەتەوەیی پێک هاتووە یاکوو نەتەوە لە گەڵ پرســـیارگەلێکی لێک نەچـــوو بەرەوڕوویە؟ لە ڕوانگەی تیۆریســـیەنە ناسیۆنالیســـتەکانەوە نەتەوە وتەزایەکی پشت ئەستوور بە خۆی و پێش دەوڵەت هەبووەو دەوڵەتی نەتەوەیی تەنیا پێویستی و داواکارییەکانی خەڵک ڕادەپەڕێنێ. لە حاڵێکدا لە ڕوانگەی تاقمێکیترەوە شوناسی نەتەوەیی و ناسیۆنالیتی بە بەرهەمی سیاســـەتەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی دەژمێردرێ و خودی وتەزای نەتەوەش لەم ڕیسایە جیا نیە. بەڵام گومان لەوەشدا نیە کە لە ڕەوتی پایەداری و بەردەوامی ژیانی نەتەوەکاندا دەوڵەتی نەتەوەیی کاریگەرییەکی شایســـتە و حەیاتی بووە. «فەرەیدوونی ئادەمییەت» ســـەروەری نەتەوەیی بە بنچینەی ڕەسەن و ڕاستی ناسیۆنالیزم دەزانێ و دەڵێ: «ناسینی ئیرادەی خەڵک وەک سەرچاوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و ناسیۆنالیزم واتە چەمکێکە ئاوەزمەندی ڕووت کە لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤی سەدەی هەژدەیەمدا ڕەنگی داوەتەوە». [٤]

«ئانتۆنـــی ئێســـمیت»یش لە گەڵ پێناســـەی دەوڵەتی نەتەوەیـــی، کرداری هاوچەشـــنێتی و یەکیەتیی بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی پێش بینی کردوە. نزیک بە

نەوەد لە سەدی وڵاتانی جیهان چەند قەومی و نزیک بە نیوەشیان زۆر بە توندی گرفتاری کەلەبەرە قەومییەکانن. لەم بارودۆخەدا وا باشـــترە کە لە دەستەواژەی وەسفی لێک ترازانێکیتری وەک دەوڵەتی نەتەوەیی کەڵک وەرگیرێ. مەبەست لە دەوڵەتی نەتەوەیی، دەوڵەتێکە کە بە هۆی بنەماکانی ناسیۆنالیزم ڕەوایی پێ دەدرێ و ئەندامەکانی لە ئاستێکی یەک بوون و یەکگرتووییەکی نەتەوەیی(بەڵام نە هاوچەشنێتی کولتووری) دان. [٥]

**ناسیۆنالیزم:**

ناســـیۆنالیزم بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەگوترێ کە هەوڵ دەدا بە کاریگەردانان لە سەر کۆڵەکە سیاسییەکانی وڵات لە ڕێگای دەستەبەربوونی بـــاوەڕەکان و ئامانجـــەکان و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانـــی وڵاتێک هەنگاو هەڵێنێتەوە. ئەم ڕەوتە بە تەوەرەدانانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان وەک خاڵی هەڵسووڕانی تەواوی سیاسەتە دەرەکی و ناوخۆییەکان، بناغەی بەرنامەگەلێک دادەڕێژێ. یانی ئەم ڕەوتە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان وەک خاڵی هەڵسووڕانی تەواوی سیاسەتە دەرەکی و ناوخۆییەکان دەخاتە لایەک و بنچینەی پلانگەلێک دادەڕێژێ. کەوابـــوو نەتەوەخوازی بیرۆکەیەکە کـــە نوێنەرایەتی ئارمانەکان و ئایدیالەکانی نەتەوەیەک دەکا.

هێندێک کەس لە پێناســـەی ناسیۆنالیزم دا پتر بایەخیان بە دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەیـــی داوەو بەم جۆرە پێناســـەیان کردوە: ناســـیۆنالیزم ئایدۆلۆژیایەکە کە «دەوڵەتی نەتەوەیی» بە بەرزترین فۆڕمی ڕێکخراوی سیاسی دەزانێ و خەباتە نەتەوەییەکان بـــە بیروباوەڕەوە بە دژی زاڵ بوونی بێگانە، بۆ پاڕێزگاری لەوەها نەتەوەیەکە. گەشـــەکردن و چوونەســـەری نەتەوەخوازی بـــووە هۆی ئەوە کە بنەمای «سەروەری نەتەوەیی» بناسرێ. [٦]

ناسیۆنالیزمی مودێڕن لە دایک بووی شۆڕشی مەزنی فەڕانسەیە. لەگەڵ شۆڕشی فەڕانســـەدا ناســـیۆنالیزم لە بەســـتێنی خۆی ئازاد بوو و لە زۆر شوێنی دونیایە جووڵانەوەگەلێکی زۆری ورووژاند. یەکەم شوێن پێی بزووتنەوە نەتەوەییەکان و ناسیۆنالیستی لە مێژووی ئورووپادا دەکرێ لە ساڵەکانی **١٨٠٥** تا **١٨١٥**ی زایینی لە ئەڵمان ســـەیر بکەین کە لەو ساڵانەدا لە ژێر کۆلۆنیالیزمی ناپلیئۆن دا بوو. لە ساڵی **١٨٤٨**ی زایینیدا مەجارەکان، سێربەکان و چێکەکان جووڵانەوەگەلێکی

ســەربەخۆیی خوازانەیان بە دژی ئیمپراتۆری ئۆتریش وەڕێ خســت. شــەڕە میلیۆنییەکانی ئیتالیا لە ساڵی ۱۸٦۰ ـــ ۱۸۷۰ی زایینی بۆ یەکگرتوویی تازەی ئەم وڵاتە بە ڕێبەرایەتی ژووزێف مازینی و گاریباڵدی و سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە دوو هێندەی دیکە شادی و خۆشی لە ئورووپادا هەژاند. ڕاپەڕینی ئازادی خوازانە و نەتەوەیی یوونانییەکان بە دژی کۆلۆنیالیزمی عوسمانی لە ساڵی ۱۸۲۱یش لە وێنەی ئەو ڕاپەڕینە ناسیۆنالیستییانەی ئورووپایە کە لە پشتیوانی میلیۆنی ئورووپا بەرخوردار بوو، ناکرێ لەبەرچاو نەگیرێ.

دیارە ناسیۆنالیزم زیاتر لە هەموو شتێک دیاردەیەکی فەرهەنگی و فیکرییە و بەر لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سیاسیی ـــــ ناسیۆنالیستی، جووڵانەوە فەرهەنگییەکان، ئەدەبی و فیکری لە ڕاســتای میلییەت و زیندووکردنەوەی هێما نەتەوەییەکاندا گەشــە دەکا. لە گوتاری ناسیۆنالیزم دا، نەتەوە ســەرنجی زیاتری دەدرێتێ و ناسیۆنالیزمی سیاسی لە پێناسەیەکی کە تیۆریسین و حیزبە نەتەوەییەکان کەڵکی لێ وەردەگرن بە دوای دابەزانی یەکەم بنەماکانی وەک ســەروەری نەتەوەیی، دەوڵەتــی نەتەوەیی و ... هتدەوەن. لە ڕوانگەی «بریۆلی»یەوە ناســیۆنالیزم لەسەر بنەمای ئەم سێ ویستەیە کە بریتین لە:

**ئەلف: نەتەوە بە تایبەتمەندێکی بێهاوتا و ئاشکراوە هەیە.**

**ب: بەرژەوەنــدی و بایەخەکانی ئەم نەتەوەیە لە ســەروو تەواوی بەها و بەرژەوەندییەکانی دیکەوەیە.**

**ج: نەتەوە دەبێ ئەوەندەی کە دەکرێ سەربەخۆ بێ، ئەم سەربەخۆییە زیاتر پێویستی بە وەدەست هێنانی کەمترین دەسەڵاتی سیاسی هەیە.** [۷]

بەســتێنی سەرەکیی ناســیۆنالیزم لە کۆمەڵگا و مێژوودا فۆڕم دەگرێ و توخمە سەرەکییەکەی نەتەوەیە و لە جیهان بینیدا بۆ خۆی ڕەسەنایەتی دەدا بە خەڵک و نەتەوە و تاک وەک لقێک لە بوونێتی نەتەوە سەیر دەکا. ناسیۆنالیزم لە ژیانی تاک دا مەسەلەی ئەرک دەخاتە ڕوو و لە جیهانی مرۆڤایەتیدا سیاسەتی دەرەوە ئاشکرا دەکا. [۸]



توخمی نەتەوە لە گوتاری ناسیۆنالیســتیدا هەمیشــە توخمێکی زاڵ بووە. لەم گوتارەدا باڵادەســتی نەتەوەیی، پێگەی نەتەوەیی، ویژدان و ڕۆحی نەتەوەیی و ... قسەی ئاخریان کردوە. ڕەنگە بکرێ بە ئاسانی بڵێین کە شۆڕشی فەڕانسە

لەم بوارەدا پێشــەنگ بووە. چەمکەکانی نیشتمان، نەتەوە، ئازادی و هاووڵاتی و بایەخە هەڵقوڵاوەکانی دیکەی ئەم شۆڕشــە، گۆڕانکارییە گەورەکان لە هزر و بیرۆکەکانی مرۆڤدا پێک بێنین. «نەتەوە ســەرەتای هەموو شتێک و ڕیشەی هەموو شــتێکە. نەتەوە بۆ خۆی قانوونــە. دەبێ نەتەوەکانی گۆی زەوی وەک کەســانێکی بەدەر لە پەیوەســت بوونی کۆمەڵایەتی یا هەروەکی دەگوترێ لە دۆخی سروشتیدا وێنا بکرێ. هەمیشە ئیرادەی نەتەوە مافی لەسەرترە». **[٩]**

**تیۆری(دکترین) ناسیۆنالیزم:**

هەروەها «ئانتۆنی ســمیت» باس لە شەش توخمی هاوبەش لە نێوان تەواوی ناسیۆنالیســتەکاندا دەکا کە «چوارچێوەی ســەرەکی ڕوانینی ناسیۆنالیستی بە جیهان» و «سیســتمی باوەڕمەندی ناسیۆنالیستی» و ... پێک دێنن و توخمە هاوبەشەکان لە نێوان باوکانی ناسیۆنالیزمی مودێڕن وەک هێردێر، مازینی، ڕۆسۆ، فیختە و ... دەژمێردرێن.

**یەکەم: جیهان بە ســەر نەتەوەکان دا ـــ هەر کام بە ســەر تایبەتمەندی، مێژوو و چارەنووسی خۆیەوە ـــ دابەش کراوە.**

**دووهەم: نەتەوە تەنیا سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسییە.**

**ســێهەم: وەفاداری بــە نەتــەوە تــەواوی وەفادارییەکانیتــر دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە.**

**چوارەم: دەبێ هەر تاکێك بۆ ئازادبوون سەر بە نەتەوەیەك بێ.**

**پێنجەم: هەر تاکێك پێویســتی بە سەربەخۆیی و دەربڕینی بوونێتی تەواو هەیە.**

**شەشەم: پێویستی ئاشتی و عەداڵەتی دونیایی لە نەتەوە سەربەخۆکانەوەیە. [١٠]**

زۆربەی تیۆریسیەنەکانی ناســیۆنالیزم، نەتەوەیان وەک شا کۆپلەی فەلسەفەی ناسیۆنالیزم(نەتەوەخوازی) هێناوەتە گۆڕێ و باسیان کردوە. دوکتور ئیبراهیمی میرانی لەم بوارەدا دەنووسێ کە: «نەتەوە لە خاک و خوێن و ئامانجە دێرینەکانەوە دروســت بووەو ناکرێ ئەم توخمە بناغەییانە لێک جیا بکەینەوە... ناسیۆنالیزم لە مانای ڕاستەقینەکەیدا چاوەدێرە بەسەر ناسین و لۆژیکی تەواوی چەندایەتی و چۆنایەتی نەتەوەدا و بیرکردنەوەو تێڕامان بە سەر مەسڵەحەت و بەرژەوەندییەکانی

نەتەوەیی و دارِشـــتنی بەرنامەکان و یاسـاکانی دادپەروەرانەی ژینی سەربەرز و بێهاوتا و پێشکەوتن و دەسەڵاتی نەتەوەیی کە هیچ کات ناکرێ لە چوارچێوەی قەومێکـــی تایبەت، زمانی تایبەت و ئایینێکی تایبەتدا بمێنێتەوەو گەمارۆ بدرێ، چونکە لەو حاڵەتەدا چییەتی و نێوەرۆکی خۆی لە دەست دەدا... ناسیۆنالیزم بە پێی خواســتی پێویستییە نەتەوەییەکان و شاد و بە کەیف هێشتنەوەی خەڵک و نەتەوە، ســەرقاڵ و خەریکی ڕوانگە و ئاراســتە زۆر پێویستەکان و پێویستە ژیوارییەکانی وەک سوســیالیزەکردن یا بە نەتەوەیی کردن، دێموکراتیزە کردنی کۆمەڵگاکەی خۆیەتی، چونکە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە تاک دروستکەری بنەماڵەیە و بنەماڵەکانیش پێک هێنەری نەتەوەن کە لە مەودای بزاوتی مێژوویی و ژیانی هاوبەشی نەتەوەکان پێکەوە میراتگری شوێنێکن کە لەودا تەواوی سەرکەوتن و خۆشییەکان و نارەحەتی و کەم و کورِییەکان و هەوراز و نشێوییەکانیان تێپەڕ کردوون».(لە زمان مانگنامەی ئیران مێهر، ژمارە ١٠).

**ناسیۆنالیزمی ئێرانی و پێشینەکەی** :

لە بابەت ئەم پرســیارە کە ئایا ناســیۆنالیزم دیاردەیەکی نوێ و ئەمرۆییە و یا نەریتی و کۆن؟ دەبێ لە نێو وڵاتان و کۆمەڵگاکاندا لێکی جیا بکەینەوەو هەروەها لە پێشـــینە و پێکهاتە و دامەزرانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان بگەڕێین. وێ دەچێ ناســیۆنالیزم بەر لە پێک هاتنی نەتەوەکاندا بوونی نەبــوو بێ. لە ئاکامدا هەر کۆمەڵگایەک کە زووتر و ســاکار گەیبێتە قۆناغی نەتەوەسازی، دەتوانێ خاوەن بەستێن گەلێک بۆ بزووتنەوە نەتەوەییەکان بێ.

هەرکام لە قوتابخانەکانی شوێنەوارخوازی(کهن گرایی)[١١]و ئامرازخوازی(ابزار گرایـــی)[١٢] بـــۆ نەتـــەوەکان پێوانەگەلێکـــی جیایـــان هەیە. لـــە ڕوانگەی شـــوێنەوارخوازانێکی وەک «ئێدوارد شیلێز» و «کلیفۆرد گیرتز»وە نەتەوەکان و ناســیۆنالیزم دیاردەیەکی کۆنن و هەروەهـــا دیاردەیەکی مێژوویی و جیهان داگرن. لە ڕوانگەی شوێنەوارخوازانەوە ئەندامانی نەتەوەیەک لە نێو خۆیاندا جۆرە هەستێکی خزمایەتییان لەسەر بناغەی ئەژدادی هاوبەشەوە هەیە. لە ڕوانگەی «واکێر کۆرنۆ»وە گرووپە قەومێک(یان نەتەوەیی) خاوەن وشـــیاری سیاسی و گرووپییە و نەتەوە گرووپە قەومێکی وشـــیار و وەئاگاهاتووە. ناوبراو لە پێناسەی نەتـــەوەدا دەڵێ: گرووپێک لە خەڵک کە ئەندامەکانی لەســـەر ئەو باوەڕەن کە

پێوەندی خزمایەتییان پێکەوە هەیە. نەتەوە یەکەم گرووپی مرۆیین کە باوەڕیان بە ئەفسانەی ئەژدادی هاوبەش هەیە. بە بڕوای ئەو شوناسی ڕاستەقینەی نەتەوەیی شوناسێکی خزمایەتییە و کاتێک کە شوناسێکی غەیرە خزمی لە گەڵ شوناسی نەتەوەیی تاک دا بکەونە ململانێ‌یەکی ناتەبا، ئەمە شوناسی دووهەمە کە بە پێی عورف و عادەت زووتر سەرهەڵ دەدا. [١٣]

قوتابخانەکانی نوێ خواز و ئامرازخواز و پێکهاتەخواز لە بەرامبەر قوتابخانەی شوێنەوارخوازدا هەرکامیان بە جۆرێک بە تەمای سەلماندنی کۆن نەبوونی نەتەوەکەیانن. ئەم قوتابخانانە کە زیاتر لە لایەن تیۆری داڕێژانی نزیک بە کۆڕە چەپ و مارکسیستەکانەوە خۆراک دەدرێن، لە هەوڵ دان تا دواکەوتوویی نەتەوەکان دەربخەن. کەسانێکی وەک ئێتین بالیبار، مایکل ڕیچ و سیدنی ویلهێلم ناسیۆنالیزم و میلییەت بە چینی سەرمایەدار و بۆرژوا پێوەند دەدەن و یا لە بازنەی شێوەی بەرهەم هێنان دا هەڵی دەسەنگێنن. لە ڕوانگەی «والێرشتین»ەوە، ڕەگەز، قەومییەت و ناسیۆنالیزم دروست کراو و پەڕکاڵی سیستمی سەرمایەدارییە.

تاقمێک لە فیلسووفە مارکسیستە نوێیەکانی وەک «ئەریک هابزباوم»، ناسیۆنالیزم و تەنانەت نەتەوەشیان وەک دیاردەیەکی نوێی سەردەمی مودێڕن ناساندووە بە لەنێوچوونی قوتابخانە ئایینییەکان هاتوونە نێو ژیانەوە.

«بنێدیک ئەندرسۆن» ناسیۆنالیزم بە بەرهەمی «سەرمایەداری چاپ» دەزانێ کە لە خزمەتی پێویستییە دەروونی و ئابوورییەکان دایە. بەو واتایە کە کەسانی نائاشنا بە یارمەتی بڵاوکراوەکان لە کات و شوێنێکی جێگیر لە گەڵ یەکتریدا پێوەندییان هەبێ و بچنە نێو کۆمەڵگایەکی زەینییەوە. لە حاڵێکدا لە کۆمەڵگاکانی دەرەبەگایەتی و نەریتیدا شوێنێکیان بۆ ناسیۆنالیزم نەبوو.

«ئەریک هابزباوم» نەتەوە، ناسیۆنالیزم و دیمەنە نەتەوەییەکان بە ئاکامێکی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی و هەڵ سەنگێندراو دادەنێ.

فیلسووفە مارکسیست و چەپەکان زۆریان پێ خۆشە تاکوو نەتەوە و ناسیۆنالیزم لەسەر بنەمای کاریگەرییە ئابوورییەکان لێک بدەنەوەو پێشینەکەشی بۆ سەردەمی نوێ بەرتەسک بکەنەوە. بەڵام وێ دەچێ ئەم نوێ خواز و ئامرازخوازانە (ابزارگرا) داخوازییەکەیان زۆر نەبێ. نەتەوەکان دوای ناسیۆنالیزم پێک نایەن و ئەوە

ناسیۆنالیزم نیە کە نەتەوەیەک پێک دێنێ.

«جان ئامستردانگ» باوەڕەی وایە کە نەتەوەکان بەر لە ناسیۆنالیزمەوە هەبوون و «ئانتۆنی سمیت»یش دەڵێ: «وەچەیەکی کۆنتر لە مێژووناسەکان بە تایبەتی لە ئورووپا لەسەر ئەو باوەڕەن کە نەتەوە لە سەردەمی کۆندا لە نێو یوونانییەکان، یەهوودییەکان، ئێرانییەکان و میسرییەکاندا هەبوون».

بۆ سەلماندنی وشیاری نەتەوەیی لە نێو ئێرانییە کۆنەکاندا نموونە زۆرن. خەشایار شـا لە کاتی ناساندنی خۆیدا باس لە شوناسی نەتەوەیی خۆی لە پەنا شوناسی تاکی خۆیدا دەکا. خەشـایار شـا لە بەردەنووسی دەفتەرخانەکەی لە پارسە بەم جۆرە خۆی دەناسـێنێ: «... ئەهورامەزدا خوایەکی گەورەیە کە ئەم زەوییەی دروسـت کرد. من خەشایار شا، کوڕی داریووشـی پارسی، کوڕی پارسییەک، ئارییایی لە ڕەگەزی ئاریا...».

لە چیرۆکە نیوە ڕاست و نیوە ئەفسانەکانی شانامەدا کە پێشینەکەی بۆ هەزاران ساڵ پێش دەگەڕێتەوە، لە زۆر بواردا تووشی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بەسەر بەرژەوەندییە تاکەکان دا دەبین. هەروەک ڕیچارد کاتم بە دروستی ئاماژەی پێ دەکا: «بنچینەکانی ناسـیۆنالیزم، لە شارسـتانێتی پڕبار و دەوڵەمەندی ئێران لە هەخامەنشـییەکان بە دواوە بووەو ئەگەر ڕیشەکانی ئەم شارستانەتییە بە باشی ببیندرێنەوە، ڕوانگە و تێرامانمان بە نیسـبەت چۆنایەتی ناسیۆنالیزمی ئێرانییەوە دەوڵەمەندتر دەبێ«. [١٤]

هەر چەند ناتوانین قسەیەک لە بوونی ناسیۆنالیزمی مودێڕن وەک قوتابخانەیەکی پێشـکەوتوو تا بەر لە سـەردەمی پێکەوەبوون لە ئێران و هیچ وڵاتێکی دیکە بکەین، بەڵام ناشکرێ حاشـا لەو بزووتنەوە نیشتمان پەروەرانەی نێوخۆ وەک شعوبییەکان، خەرمیان و کەسانێکی وەک ئەبوموسلێم، یەعقووب سەفاری، مەرد ئاویـچ، مازیار، قازی محەممەد و ... هتدیش بکەیـن. دەکرێ زۆر نموونەی دیکە تەنانەت لە شـاعیرەکانیش وەک فردەوسی، نیزامی گەنجەوی و ... کە هەر لە کۆنەوە لە شێعرەکانیانەوە دەردەکەوێ کە ئەوانە چەندە هەستی نیشتمان پەروەرییان بووە. [١٥]

لە کۆی گشـتیدا دەبێ بڵێین کە وشیاری نەتەوەیی و نیشانەکانی لە سەردەمی نێوەڕاسـتەکانی مێـژووی ئێراندا بە ڕوونی دیارەو بۆوە دەبێ هەڵی سـەنگێنی

و ڕەوتی نەتەوەســازی نەک بە شــێوەی ئەمڕۆیی لە نێو وڵاتانی کۆنی وەک ئێران، چین، یوونان و ... هتددا تێپەڕ بوو. گوتەزای نەتەوە لەم کۆمەڵگایانەدا چەمکێکە نەریتی، هەرچەند ناسیۆنالیزمی مودێڕن و سەرهەڵدانەکەی چەمکێکی نوێیە. نەمر فەرەیدوونی ئادەمیت لەم بارەوە دەنووســێ: «... هەر لەو ڕەوتی مێژووەدا بوو کە ناسیۆنالیزم پێک هات. هەروەها فەرهەنگی سیاسیی ڕابردوومان زەینییەتێکی تایبەتی بۆ گەشــەکردنی خێرای بیری ناسیۆنالیزم خۆش کرد. بەو مانایە کە هەندێک توخم و بابەتی سەرەکی ناسیۆنالیزم وەک وێناکردنی نیشتمانی ئێران، زمان و فەرهەنگی فارســی، هۆگری بــە پێوەندییە کۆنە مێژووییەکان تەنانەت بەر لە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی ئورووپاییش بووە کە بە گشتی بە بێ هیچ زێدەڕۆییەک جۆرێک وشیاری مێژووییە». [١٦]
ئادەمیــت لە نووســینێکیتردا ئاماژە دەکا کە: «... ناســیۆنالیزم نــە لەو بیرە دەســتکردانەی ڕۆژاوایــە کە یەک جێ لــە دەرەوەڕا بۆ ئێرانیــان هێنابێ... تەواوی توخمە ســەرەکی و لاوەکییەکانی ناسیۆنالیزم مێژوو و فەرهەنگی ئێران پەروەردەی کردوە. لە سەدەی ڕابردوودا تەنیا فاکتەرە مێژوویی و کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکانیــان بەکار هێنا کە هێزێکی هاندەر و گیانێکی نوێیان بە میللیەتی ئێرانی دا و ئایدۆلۆژیایەکی نەتەوەیی نوێی دروســت کرد... هەنووکە لە بواری بیرۆکــەی مێژووەوە هەر بەوەندە قایل دەبین کە چەمکی یەکەی سیاســی و جوغرافیایــی، وێناکردنی قەومی ئاریایی، غرووری ڕەگەزی و تەنانەت غرووری زاڵێتی ڕەگەزی، زمان و ئایین و نەریتە هاوبەشەکان، ڕوانگەی بیرێکی تایبەتی ئێرانی و لە هەمووش گرینگتر وشــیاری مێژوویی و وێناکردنی باڵادەستی تاک تەواویان لــە فەرهەنگی کۆنی ئێرانیدا بوونێکی عەینییان بووەو حاشــایان لێ ناکرێ. بە واتایەکیتر میللیەتی ئێرانی، پێوەندییەکی هۆزی و عەشیرەیی نەبووە، بەڵکوو نیشــانەی نەتەوەپەرستی تایبەتی ئێرانی بوو. هەر ئەو بوونی وێناکردنی باڵادەستی سیاسی و میللیەتی تاکە بوو کە تەنانەت لە سەردەمانی فیترەت(بێ پەیامبەری) و بێ دەسەڵاتی وڵات، هەر دەسەڵاتدارێک کە ڕاز بۆوە مەبەستی دامەزرانی دەوڵەتێکی هاوبەش و پێکهاتوو بوو کە بە سەرانســەری خاکی ئێران بە واتای جوغرافیای سیاسییەکەی حکوومەت بکا». [١٧]
ئوستاد «ساقێب فەڕ» بە جەخت کردنەوە لە ڕەگ داکوتانی ناسیۆنالیزم(بە مانای

نەریت خوازییەکەی واتە نیشـــتمان پەروەری) لە ئێران دا لەســـەر ئەو باوەڕەیە کە دەکرێ بەرجەستەبوونی بیرۆکە ناسیۆنالیستییەکان بە درێژایی مێژووی ئێران پەیدۆزی بکەین کە بزووتنەوەی «شعوبیە» و شاعیرانێکی وەک فیردەوسی لە نموونەی بەرچاو و ئاشـــکرایین. «بەرچاوترین ڕاپەڕینی سیاسی ـــ فەرهەنگی ئەم ســـەردەمە[دوای ئیسلام] سەرهەڵدانی بزووتنەوەی «شعوبی» یا بە زمانی فارســـی «نیشـــتمان پەروەری»یە و هەروەکی دەبینن زۆر بە ڕوونی دیارە کە هاوتای هەر ئەو «ناسیۆنالیزم»ەی ئەمڕۆییە». [١٨]

لـــە وەڵام دانـــەوە بە دەربڕینە ئابوورییەکانی فیلســـووفە مارکسیســـتییەکان و تیۆریســـیەنەکانی ئامرازخواز و نوێ خواز ســـەبارەت بـــە پێوەندیدانی میللیەت و ناســـیۆنالیزم بە ســـەرمایەداری و چینی بورژواش دەبێ بڵێین کە، هەمیشە بەو شـــێوەیە نیە کە ناسیۆنالیزم وەک کەرەسەی دەستی کاپیتالیزم و سەرمایەداری بێتە گۆڕێ واتە کەرەســـەی دەستی کاپیتالیزم و ســـەرمایەدار بێ. لە کۆمەڵگا ئاســـیاییەکان دا ناسیۆنالیزم نە تەنیا وەها ئاخێزگەیەکی نەبووە و نیە، بەڵکوو لە زۆر بوار و نموونەش دا خاوەن چییەتییەکی دژە کۆلۆنیالیزم و دژە ئیمپریالیزمیشی بووە. نموونەی هەرە بەرچاوی شۆڕشـــی «باکســـر»ەکان لە چین دا بە دژی داگیرکەرانی ئینگلیزی و یان بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی ئێران بۆ خۆماڵی کردنی نەوتی ئێران و ئەســـتاندنەوەی لە چنگ بریتانیا واتە بڕینی دەســـتی کۆمپانیای نەوتی بریتانیا لە ســـەرچاوە نەوتییەکانی ئێران بوو. ئەم بابەتە لە ناسیۆنالیزمی ئورووپاش دا هەمیشە وەڕاســـت ناگەڕێ. بۆ وێنە ناکرێ جووڵانەوەی خەڵکی یوونان بە دژی عوسمانییەکان لە گەڵ تیۆرییە ئابووری و چینایەتییەکان بە باشتر دانێین... .

ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان باوەڕیان بە وێنای فۆڕم گرتنی نەتەوە لە نێو جەماوەرانی کۆنـــی جیهاندا هەیە و دەڵێن: زۆرێک لە بزووتنـــەوە خەڵکییەکان بە درێژایی مێـــژووی نەتەوەکان ڕەنگ و بۆی نەتەوەییان بووە. «دووهەم ســـەرکەوتنی جیهان بینی ناســـیۆنالیزم لە سەردەمی ئێمەدا، وشـــیاریی و زانابیەکە کە لەبەر تیشـــکی بەرنامەی کار و ڕاهێنانەکانی ئاشکرا بووە. بزووتنەوەی ناسیۆنالیزم بە مانای ســـەربەخۆخوازی نەتەوەکان، ئیرادەیەکی نوێ نیە و سەرانسەری مێژوو پڕە لەو ڕووداوانەی کە ئەم ڕاستییانە باس دەکا جیا لەوەی کە ئەم بزووتنەوەیە

تا بەر لە سەردەمی ئێمە ڕێگای خۆی لە شێوێکی ناوشیاریدا پێواوەو زۆر لە لایەنە نەتەوەییەکان لە ڕووخساری بزووتنەوەگەلی دیکەدا خۆیان دەرخستووە. وەک بزووتنەوەی شیعە لە ئێرانی سەردەمی سەفەوییە و بزووتنەوەی تیتۆ لە سەردەمی ئێستادا کە یەکیان شێوەی ئایینی و ئەویتریان لایەنی مەرامی هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا، بەستێنی ئەم بزووتنەوانە ڕۆحی ناسیۆنالیستی پێک دێنێ... بە واتایەکیتر، دەکرێ بڵێین کە ئەم بزووتنەوانە مەیلیان بەرەو ناسیۆنالیزم هەیە، بەڵام نموونەی تەواوکەرەکەی نین». [١٩]

**ڕۆحی نەتەوەیی:**

بیرمەندانی گەورەی ناسیۆنالیست لە ئورووپا و ئێراندا هەمیشە باوەڕیان بە بوونی ڕۆحی نەتەوەیی لە نێو نەتەوەکاندا بووە. «ئێرنێست ڕێنان»(زمان ناس و ناسیۆنالیستی فەرانسەوی)، «فیختە» و «ماکس ڤێبەر» لە فیلسووفە ناسیۆنالیستەکانی ئەڵمان لە نووسراوەو وێناکانی خۆیاندا ئاماژەیان بە ڕۆحی نەتەوەیی خەڵک کردووە بە یەکێک لە توخمە پێک هێنەرەکانی میللیەتیان داناوە. «لە ڕوانگەی ڕۆمانتیکەکانی وەک ڕێنان، نەتەوە بنچینەیەکی ڕۆحی و ڕۆحێکی نەتەوەییە و هەر نەتەوەیەک چارەنووس و مەئمووریەتی تایبەتی و هەروەها فەرهەنگی بێ هاوتا و «بایەخە فەرهەنگییە جێ نەگرەوەکانی» تایبەت بە خۆیان بووە. بڕوایەک کە ماکس ڤێبەر وەک نیشانەی ناسیۆنالیزم لە مێشکیدا بوو. بەڵام بە پێچەوانەی ڕێنان ڕۆمانتیکە ئەڵمانییەکان سەرچاوەی ڕۆحی نەتەوەییان نە لە مێژوو یا سیاسەت، بەڵکوو لە ئیرادەو خواستی هەڵقوڵاو لە فەرهەنگ یان لە فەرهەنگی زمانی و ئۆرگانیکدا دیوەتەوە کە لە خواستی نەتەوەییدا بۆ دەستەبەرکردنی خۆی لە نەتەوەیەکی سەربەخۆدا ئاشکرا و پەیدا دەبێ». [٢٠]

هێردێر(فیلسووفی ئەڵمانی)یش هەر نەتەوەیەک بە خاوەن ڕۆحێکی نەتەوەیی دادەنێ و تەنانەت پێناسەی خۆی لە نەتەوە لەسەر ئەو بنەمایە دادەنێ. لە ڕوانگەی ئەو نەتەوە کۆمەڵێکە لە خەڵکی خزم و کەس و کار و خاوەن کولتوورێکی هاوبەش لە گەڵ گشت تایبەتمەندییە ڕەگەزییەکان، زمانی و ئایینی کە کۆی ئەم کار ڕێکخەرانە ڕۆحی نەتەوەیی پێک دێنێ. ناوبراو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ڕۆحی نەتەوەیی ئاکامی بەردەوام بوونی فەرهەنگ و مێژووی

نەتەوەیەکە.
«حوسـێنی کازم زادەی ئیران شـەهر» لە پێشڕەوانی ناسـیۆنالیزمی ئێرانی سەبارەت بە ڕۆحی نەتەوەیی لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە هەر جەماوەرێک خاوەن ڕۆحێکی نەتەوەیین کە هەمیشە نەگۆڕە. ڕۆحی نەتەوەیی دیاردەیەکە بنچینەیی نەک لۆژیکی، تەنیا ئاشـکرابوونی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکیتر دەگۆڕێ. بە بـڕوای ئەو ڕۆحی نەتەوەیی ئێرانییەکان بە درێژایی مێژوو یەکسـان بووە، بەڵام بە نیسـبەت هەل و مەرجی کات و شوێنەوە بە چەشنگەلێکی جۆراوجۆر دەرکەوتووە. ئەگەر ئێرانییەکان سەرەڕای تەواوی کەندوکۆسپ و پەلاماردانەکان، هێرشەکان و کوشت و کوشـتارەکانیان بە درێژایی مێژووی خۆیان، ئێرانییەتی خۆیان پاراستووە، دەگەڕێتەوە سەر ئەو سرشت و ڕۆحی نەتەوەییە تایبەتانەیان. **[٢١]**
«سـادقی هیدایەت» یەکێکیتر لە ڕۆشنبیرانی ئێرانی بوو کە هەم لە بەرهەمە چیرۆکەکانی و هەمیش لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا ڕۆحی نەتەوەییان پێوە دیارە. هیدایەت لە پێشـەکییەک کە بۆ گۆرانییەکانی خەیامی نووسـیوە، چوارینەکانی فیلسووفی نیشابووری هەڵقولاو لە «شۆڕشی ڕۆحی ئاریایی لە بەرامبەر ڕۆحیاتی سامی» دادەنێ و ڕووخسارێکی نەتەوەخواز لە خەیام دەدا بە دەستەوە کە لە ژێر کاریگەری بیرۆکەکانی فیردەوسیدا بووەو خۆشی کاریگەری لەسەر شاعیرانێکی وەک خاقانی داناوە. **[٢٢]**

**ناسیۆنالیتی**(**ملیت**):
کۆمەڵێک کەس میللیەت بە وشیاری لەسەر تایبەتمەندییەکانی نەتەوە دەزانن. میللیەت، تێگەیشتن و هەڵێنجانی ئێمە لە چارەنووسی مێژوویی نەتەوەیەکە و سەرەڕای ئەوەی کە هەڵگری واتای سیاسی و مودێڕنی هاووڵاتی بوونە دەکرێ لە مانای وەفاداری بە نەتەوە، نیشتمان و ئایینە نەتەوەییەکانیش بەکار ببرێ. توخمە پێک هێنەرەکانی میللیەت لە نێو جەماوەراندا زیاتر بە شـێوەی هێما و سـەمبولە نەتەوەییەکان لە لایەن میلوێنان بانگەشـە و ڕاگەیاندنەوە پەروەردە دەکرێ. دەکرێ شوێن پێی ئەم هێمایانە لە جوغرافیا، مێژووی ڕابردوو، ئەدەبیات و ئۆستوورەی نەتەوەکاندا پەیجۆری بین. میللیەتی ئێرانیش هەروەک میللیەتەکانی دیکـە لە توخم گەلێکی جۆراوجۆر پێک هاتـووەو هەرکام لەم توخمانە خاوەن

چینێکی ناهاوچەشـــنن کە بە گشـــتی کاتێک کە لە گەڵ «ڕۆحی ئێرانی»دا تێکەڵ کراون، بوونە هاوچەشـــن. زۆرێک لە توێژەروان و ڕۆشـــنبیران لە سەر ئەو باوەڕەن کە شوناسی ئێرانی لە سێ کۆڵەکەی، فەرهەنگی نەتەوەیی ئێرانی کۆن، فەرهەنگی دینی و ئیســـلامی و فەرهەنگی ڕۆژاوایی و جیهانی مودێڕن پێک هاتووە. [٢٣]

تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی ئێرانییەکان و ئایینە تایبەتەکانی ئەم نەتەوەیە بە گشتی بنیاتنەری شوناسی ئێرانی و دواتر بە پێڕەوی لەو بۆتە میللیەتی ئێرانی. لە پێک هاتنی ئەم شوناسی نەتەوەیی و هەستی میللیەتدا جیا لە ڕەگەز، زمانی نەتەوەیـــی، ئایین، جێژنە نەتەوەییەکان، هێمـــا نەتەوەییەکانی وەک ئاڵا و ... دەستیان بووە.

کۆمەڵگای ڕۆشـــنبیری ئێران بـــە تایبەتی بەر لە مەشـــرووتییەت، میللیەت و نەتەوەخوازییان بە تەنیا ڕێگای دەربازبوونی کۆمەڵگای ئێرانی لە بن بەســـت و لەمپەرەکانی ســـەردەم دەزانی و کەم و زۆر هەموویان پێشنیاری دابەزینی بنەما نەتەوەییەکانیان دەکرد. «کازم زادەی ئێران شەهر» لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە: «ئێمە میللیەت بە تاکە کەرەســـەی پێشکەوتنی ئێران دەزانین و ئەو بە دوایین دڵخـــواز و ئاوات و ویســـتەکانی ڕەگەزی گەنج و کۆرپەی ئێران دەناســـین». [٢٤] هەروەها دەڵێ: «مەبەســـت و ویستی ئێران ناکرێ جیا لە میللیەت، واتە زیندووکردنەوەی ئێرانی بـــوون لە گەڵ تەواوی ئەو کاروبارانەی کە لە بازنەی پێداویستییەکانی شارستانێتی نوێ دایە، شتێکی دیکە بێ».

لە ڕوانگەوەی ئەم گرووپەوە تاکی بێ میللیەت، کەســـێکە بێ شـــوناس و بێ بنەمـــا و بێ بنە و بنەچە. بە لێک دانەوەی «ئێران شـــەهر» میللیەت هەموو شتێکی مرۆڤ پێک دێنێ: «تاکە هێزێکی بزوێنەری بەهێز کە بە پشت ڕاست کردنەوەی لاپەڕەکانی مێژوو و ســـەلماندنی جیاکردنـــەوەی نەتەوەکان بتوانێ باشـــترین هیوا و ئاوات و ئارەزووەکانی بۆ نەتەوەی ئێران پێ بێ، تەنیا و تەنیا میللیەتـــە و بەس واتە، میللیەت تاکە هێزێکی هاندەری بەهێزە کە بە پشـــت ڕاســـت کردنـــەوەی لاپەڕەکانی مێژوو و لێک کردنەوەی نەتـــەوەکان دەتوانێ باشـــترین خۆزگە و هیواکانی بۆ نەتەوەی ئێـــران پێ بێ. میللیەت دەبێ ببێتە پیرۆزترین یاسای کۆمەڵایەتی و کەعبەی ویستە نەتەوەییەکان. میللیەتی ئێمە

ئێرانی بوونە و ئێرانی بوونیش هەمووی شــتێکمانە، واتە شــانازی، شەرافەت و گەورەیی، نامووس و ژیانمانە. ئەگەر ئێمە میللیەت بکەینە تەوەری ویســت و کار و کردەوەمان، لە بێ هەموو شــتێکی ڕزگاریمان دەبێ و بە هەموو شتێک دەگەین یانی هەموو شــتێکمان دەبێ. ئێمە دەبێ بەر لە هەموو شتێک ئێرانی بین و بە ئێرانیمان بناســن و ئێرانی بمێنین. ئێرانی بوون وشــەیەکی پیرۆز و گشــتگرە کە هەموو نەتەوەی ئێران بە بێ جیاوازی ئایین و زمان دەخاتە ژێر باڵی دەســەڵاتی بەربڵاوی خۆیەوە. هەر تاکێکی ئێرانی چ کورد و بەلووچ و چ زەردەشــتی و ئەرمەنی کە خوێنی ئاریایی لە لەشیدا دەگەڕێ و خاکی ئێران بە نیشتمانی خۆی دەزانێ دەبێ بە ئێرانی دانێین و بزانین»(دیارە ئەوە لە کاتێک دایــە کە حکوومەتێکی دێموکڕاتیک لەســەر کار بێ نەک حکوومەتێکی وەک ئێستای ئاخوندەکان کە نەک ئەوەی کورد و بەلووچ و ئەرمەنی و ... و تەنانەت ئایینەکانیشــی لە گەڵ بێ، بەڵکوو جیا لە شــیعە هیچ ئایین و شتێکی دیکەی جیا لەوی بە تایبەتی بۆ پۆســتە گرینگەکانی حکوومەتەکەی قەبووڵ نیە. و.). [٢٥]

**کۆبەندی:**

هەروەک زۆرێک لە زانایان و تیۆری داڕێژانی ناسیۆنالیزم لەسەر ئەو باوەڕەن کە ناســیۆنالیزم نە یەک ئایدۆلۆژیا، بەڵکوو سیستمێکی بەهادار و جیهان بینی یان گوتارێکە. سیستمێکە زۆر لەسەرەخۆ و دەتوانێ لە پەنا ئایدۆلۆژیاکانی دیکەدا لە جم و جۆڵ دا بێ و هەرەکەت بکا. تاکوو ئێستا لێک دانەوەو یان لادان گەلێکی زۆر بە ناوی ناسیۆنالیزمەوە هاتۆتە پێش و بزووتنەوەکانی وەک فاشیزم و نازیسم بوونە هۆی پێک هاتنی زۆرێک لەو قەزاوەتانەی کە بە زەرەری ناسیۆنالیزم تەواو بوون. بەڵام دەبێ ســەرەنج بدەین هەر چەند کە ئەم دوو قوتابخانەیە خاوەن ئاخێزگەگەلێکی ناسیۆنالیستین، بەڵام لە درێژەی ڕێگادا تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕێڕەی ڕاستەقینەی ناسیۆنالیزم بەرەو دیکتاتۆڕی یان مۆنارشی ـــ نەک نەتەوەخوازی ـــ لایان داوە. لە سیستمە فاشیستییەکان دا بۆ دابین کردنی هەرچی زیاتری دەســەڵات بۆ بوونێتییەک بە ناوی «دەوڵەت» یان خودی ســەرۆک، ئاخێزگە و ئامانجە نەتەوەییەکانیان لە بیر چۆوە. فاشیســتییەکان لە بیریان چۆوە کە لە تیۆری ناســیۆنالیزمدا هیچ بوونێتییەک لە نەتەوە لەســەرتر نیە و نەتەوە تەنیا

سەرچاوەی دەســەڵاتی سیاســییە، لە ئاکامدا وردە وردە بەرژەوەندی دەوڵەت دەوڵەت، ڕەگەز، ســەرۆک، حیزب و ... کەوتە سەر بەرژەوەندییەکانی نەتەوەو زاڵ بوو. لە لایەکیترەوە بزووتنەوە فاشیســتییەکان بە وەلانانی دێموکراسی لە سیستمەکەی خۆیاندا بە کردەوە «ویستی نەتەوەیی» و «ڕەسەنایەتی ویستی نەتەوە» کە ناوەرۆکی ناســیۆنالیزم پێک دێنن، خســتیانە لاوە کە بەم شێوەیە گەورەترین لادان لە ڕێبازی ڕەسەن و ڕاستەقینەی ناسیۆنالیزم ڕووی دا.

لە گوتاری ناســیۆنالیزمی مێژووی جیهاندا شتێک جیا لە بەرەنگاربوونەوەی بێ ئەمانی نەتــەوەکان بۆ مانەوەو بەهێزبوونیان نیە. مێژووی جیهان لە ڕاســتیدا مێژووی نەتەوەکانی جیهانە و هەر جەماوەرێک کە زووتر گەیشــتبێتە قۆناغی نەتەوەسازی، خاوەن وشیارییەکی نەتەوەیی کۆنترە.

هەرچەند ناســیۆنالیزمی مودێرن/شارستانی دوای شۆڕشی فەڕانسە لە دایک بوو و ئاســیا و ئورووپاشــی گرتەوە، بەڵام بەر لە ناســیۆنالیزمی مودێرن، وشیاریی نەتەوەیــی لە نێو نەتەوە کۆنەکاندا بووە هۆی ســەرهەڵدانی بزووتنەوەگەلێکی نیشــتمان پەروەرانە، کەوابوو ئەنجومەن(همبــودگاە) و کۆمەڵگاگەلێکی وەها بوارێکی لەبارتریان بۆ گەشــەکردنی ناســیۆنالیزم بــووە. کۆمەڵگای ئێران لەو ئەنجومەنانە(همبــودگاە) بووە کە بە وتــەی زۆران، تا ڕادەیەکی زۆر بوارەکانی ناسیۆنالیزمی تێدا بووەو بزووتنەوەکانی «نیشتمان پەروەرانەی سوننەتی» لەودا وێنەیەک لە بزووتنەوە نەتەوەییەکان دەژمێردران. لە گەڵ شۆڕشــی فەڕانسە و هاتنی چەمک گەلێکی نوێ بۆ کۆمەڵگای ئێرانی، ســەرەتا لە نێو بژاردە(نخبە) و ڕۆشــنبیرانێکی وەک تالبۆف، زەینەل عابدینی مەراغەیی، ئاخوندزادە و دواتر لــە نێو بژاردە سیاســییەکان بە تایبەتــی ئەو بژاردانەی کە عەبــاس میرزا لە تەورێزی پێتەخت کۆی کردبوونەوە، بیرۆکە نەتەوەییەکان لە گەڵ شەپۆلی نوێ خوازی(مدرنیسم) لە بەستێنێک دا وەجم و جۆڵ کەوت و لە سەردەمی پۆستی ســەرەک وەزیری «قائم مقام فراهانی» و «میرزا تقی خان امیرکبیر» چووە پێوەری ئەزموون کردنەوە. لە گەڵ شۆڕشی مەشرووتەدا ناسیۆنالیزم وەک هێزێکی بزوێنەر بە شــێوەی ڕەسمی هاتە نێو گۆڕەپانی سیاسییەوە. بزووتنەوە ئەدەبی و فەرهەنگییــەکان لە نێو بژاردەکانی ئێرانی لەو ســاڵانەی کە کۆمەڵگای ئێرانی بەســتێنی «ڕووداوی گەورەی مەشرووتە» بوو وەک شەپۆلی «سرە نویسی»،

نــویٚ خوازی و ... بەســتێن گەلێکی نەتەوەخوازانەی لەبــاری بۆ بژاردەکانی ئێرانی ڕەخساندبوو. چەمکەکانی وەک زێد، نەتەوە، نەریتە نەتەوەییەکان، دایکی نیشتمان و ... لە داوێنی ئەم ئەدەبیات و بیرۆکە ئەدەبییانەدا پەروەردە بوون و لە شۆڕشی مەشرووتەدا بەریان گرت. بە دوای شۆڕشی مەشرووتەدا گۆڕانکارییەک قووڵ لە چەمکە کۆمەڵایەتییەکان ئێرانییەکان و لە مەڵبەندی بیرۆکەی ئێرانیدا ڕووی دا. چەمکی زێد لە بازنەیەکی گچکۆکەی سنووره جوغرافیاییە ناوچەییەکان بەرەو سنوورەکانی وڵات و نەتەوەیی پەرەی سەند و وردە وردە خەڵک خۆیان لە گەڵ کۆمەڵگایەکی بەرینتر بە ناوی «نەتەوە» پێوەند داوەو چەمکەکانی وەک ڕەعیەت، عەشیرە، هۆز و قەوم جێی خۆیان دا بە نەتەوەو میللیەت.

لە دونیای ئەمڕۆدا کە بە جیهانی نەتەوەکان ناسراوە، ڕەسەنایەتی هی «نەتەوە»یە و تــەواوی نەتەوەکان مافی ژیانیان هەیە و پێویســتی ئــەم پێکەوە ژیانەش مافی یەکســانی نێوان ئەندامەکانی نەتەوەیەک و دوایە مافی یەکســانی نێوان نەتەوەکانی جیهانە. ئاشکرایە کە ناسیۆنالیزمی مودێڕن و مەدەنی دەبێ خوازیاری بووژانەوەی ئــەم مافانە و زەق کردنەوەی چەمک و مافەکانی هاووڵاتیان بێ. واتە لە هەنگاوی یەکەمدا لە مافی ئەندامانی نەتەوە لە نێو وڵاتدا و لە هەنگاوی دووهەمدا لە مافەکانی نەتەوەی خۆی لە گۆڕەپانی جیهاندا چاوەدێری بکا.

«ئەم ڕاستییە کە ناسیۆنالیزم دوو لایەنی مەدەنی و قەومی هەیە نابێ خەوشدار بکرێ. لایەنی مەدەنی ناســیۆنالیزم ئاماژە بە مافە یەکسانەکانی نێو گرووپ لە کۆمەڵگای سیاســیی هاووڵاتیانێکە کە لە ســاڵی **١٧٨٩**ی زایینی بەم لاوە پێی دەڵێن «نەتەوە». تا بەر لە بوونی کۆمەڵگایەکی جیهانی، کۆمەڵگای نەتەوەیی شــوێنێکە کە لەودا مافەکانی هاووڵاتی بــوون فاکتەرێکی کاریگەری گرەنتی کراوە... هەر کەســێک بیهەوێ باســێک لە هاووڵاتی بوون بکا دەبێ دەست بەجێ وەک ئامرازی بنیاتنەر قســە لەسەر «نەتەوە» و «نەتەوە ـــ دەوڵەت» بکا، چونکە تاکوو ئێستا هیچ گرووپ یان بنیاتێکیتر کە هەڵگر و بەڕێوەبەری مافە یاســاییەکانی خەڵک بێ، پێک نەهاتووە. ئەم واتای نەتەوە و نەتەوەخوازییە لە گەڵ شۆڕشی فەڕانسەدا لە دایک بووەو تاکوو ئێستا وەک تەوەری نوێ خوازیی سیاســی ماوەتەوە... لایەنێکی دیکەی ناسیۆنالیزم لایەنی قەومییەکەیەتی کە ئاماژە بە چەمکی نەتەوە وەک کۆمەڵێک لە خەڵک بە زمان، شوناسی ڕەگەزی

و مێژووی هاوبەشـــەوە دەکا. لە بنەڕەتدا کاتێک قســـە لە ناســـیۆنالیزم وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەکرێ پشت بەم لایەنە لە ناسیۆنالیزم دەبەسترێ. هەر لەم ڕاستایەدا «ئێرنێست گلێنەر» ناسیۆنالیزم وەک هەوڵدان بۆ گونجاندنی سیاسەت و فەرهەنگ پێناسە دەکا». [٢٦]

ناســـیۆنالیزمی ئێرانی هەر لە کاتی سەرهەڵدانییەوە لایەنی شەڕفرۆشی و ڕەت کردنـــەوەو نکۆڵی کردنی خەڵکی دیکـــەی نەبووە، هەروەکی باس کرا لە گەڵ شکســـت خواردنی ئێران لە ڕووســـیە و هاتنەوەی ناسیۆنالیزم لەو پشووە درێژە مێژووییەی نوخبەی ئێرانی سەریان هەڵدا کە مەبەست مودێڕن سازی و دەستەبەر بوونی مافە لە دەست چووەکانی ئێرانییەکانیان لە ناوچەدا لە سوێگەدا بوو. ئەم ناســـیۆنالیزمە بە پەیجۆری وشـــیاری نەتەوەیی و ڕاست کردنەوەی ئێرانییەکان و بونیاتنانەوەی سیســـتمی ئیداری و حکوومەتی لـــە ئێراندا فۆرمی گرت و لە سەرەتای مێژووی ئەوکاتی تاکوو ئێستا هەمیشە لە بەرەی پێشەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئێرانێدا بووە. ئەزموونی عەینی پێی نیشان داوین تەنانەت ئەگەر گرووپ و ڕێکخراوەکان و حیزبە نەتەوەییەکان بە هۆکارگەلێک دەرەتانی ڕاگەیاندنی ئەندامی شایســـتە و پێویستیان لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتیدا نەبووە، بەم پێیەش «سیستمی بایەخی و گوتاری ناسیۆنالیزم» هەمیشە بیانووی نافەڕمیی ڕەوایی و ڕوانگەی سیاسی لە کۆمەڵگاکەماندا بووە.

**پی نوشت ها:**

[١] Ethnicity در زبان انگلیسی برای اشاره به قوم و قومیت استفاده می شود ولی به وارونه زبان فارسی دارای گستردگی بیشتری است.در برخی موارد در معنی ملیت و گاه در چم نژادی از این واژه کاربری می شود و برخی از نویسندگان به جای واژه ملت و ملیت از این عبارت بهره وری کرده اند.در حالیکه در فرهنگ سیاسی ایران اصطلاح قوم و قومیت و قومی ناظر به تیره های و اقوام ویژه یک کشور است و گاهی نیز در معنای ملی(قومی) کاربری می شود ولی در منابع انگلیسی هر دو معنا برای این زبانزد مفروض است.

[۲]آشـــوری، داریوش، دانشنامه سیاسی، فرهنگ واصطلاحات و مکتب‌های سیاسی، تهران: انتشارات مروارید.
[۳]داریوش آشوری، هویت ملی و پروژه ملت سازی، آبان ۱۳۸٤، فرانسه، بی نا
[٤]فریدون آدمیت، اندیشه های طالبوف تبریزی، رویه ۸۸ انتشارات خوارزمی.
[٥] اسمیت، آنتونی، ناسیونالیسم: نظریه ایدئولوژی تاریخ، ۲۰۰۱ ، رویه ۲۹
[٦]آشوري، داريوش؛ دانشنامه سياسي.
[۷]اسمیت، آنتونی، ناسیونالیسم، رویه ۱۰٦
[۸]عاملی، محمدرضا، خاک و خون، شماره سوم،۱۳٤۷
[۹] آبه سی یز، طبقه سوم چیست؟ب ه نقل از اسمیت.
[۱۰]اسمیت، رویه ۳۸
[۱۱] primordialism
[۱۲] instrumentalism
[۱۳]در ایـــن مورد بنگیرد به: حمید احمدی، قومیت و قومیت گرایی در ایران، نظریه های قومیت و ناسیونالیسم.
[۱٤] ناسیونالیسم و ایران، ریچارد کاتم، پیشگفتار.
[۱٥]در مورد سروده های ملی و میهنی شاعران کلاسیک ایران نک: شاعران در اندوه ایران، حمید ایزدپناه، نشر توس.
[۱٦] فریدون آدمیت، اندیشه های طالبوف تبریزی، انتشارات خوارزمی، رویه ۹۰
[۱۷] فریدون آدمیت، اندیشه های میرزا فتحعلی آخوندزاده، انتشارات خوارزمی ، رویه ٤۰
[۱۸]ایران: هویت، ملیت، قومیت، به کوشش دکتر حمید احمدی، موسسه تحقیقات و توسعه علوم انسانی، چاپ دوم، بهار ۱۳۸٦، صص ۲٦۰-۲٤۳
[۱۹] عاملی، محمدرضا، جهان به ناسیونالیسم آگاه می گراید،۱۳٤۰
[۲۰] آنتونی اسمیت، ناسیونالیسم، رویه ۸۷
[۲۱]کاظم زاده ایرانشهر، تجلیات روح ایرانی، تهران، بنگاه پروین، ۱۳۲۰ ه.ق
[۲۲] هدایت، صادق، ترانه های خیام، نشر تدبیر، رویه ۱۷
[۲۳]ایران: هویت، ملیت، قومیت، رویه ۲٦۰-۲٤۳ و رامین جهانبیگلو، فصلنامه مطالعات ملی، سال پنجم، شماره دوم، رویه ۲۲۰، ۱۳۸۳
[۲٤] کاظم زاده ایرانشهر، دین و ملیت، مجله ایرانشهر، سال سوم، شماره ۱و۲،۱۳٤۲ه.ق
[۲٥] کاظم زاده ایرانشهر، ملیت و روح ملی ایران، ایرانشهر، سال دوم، شماره ٤
[۲٦]جابک کریستین، برگردان جواد روحانی رصاف، ایران فردا، شماره ۲٤، اسفند ۱۳۷٤
[۲۷]پیرامون ویژگی های ناسیونالیسم ایرانی و خاستگاه آن نک: حمید احمدی، پان ترکیسم یک قرن در تکاپوی الحاقی گری، پیشگفتار.

بن مایه ها:

√«ایران: هویت، ملیت، قومیت»، به کوشش دکتر حمید احمدی، موسسه تحقیقات و توسعه علوم انسانی، چاپ دوم، بهار ۱۳۸۶
√ اندیشه های طالبوف تبریزی، فریدون آدمیت، انتشارات خوارزمی
√ اندیشه های میرزا فتحعلی آخوندزاده، فریدون آدمیت، انتشارات خوارزمی
√ دانشـــنامه سیاسی، آشـــوری، داریوش، فرهنگ واصطلاحات و مکتب‌های سیاسی، تهران: انتشارات مروارید
√جامعه شناسی، آنتونی گیدن، نشر نی، ۱۳۷۶
√ قومیت و قومیت گرایی در ایران، حمید احمدی، نشر نی
√فصلنامه مطالعات ملی، سال پنجم، شماره چهارم، ۱۳۸۳
√ناسیونالیسم، آنتونی اسمیت، نظریه ایدئولوژی تاریخ، منصور انصاری، موسسه مطالعات ملی، ۱۳۸۳
√ناسیونالیسم و ایران، ریچارد کاتم، ترجمه احمد تدین، انتشارات کویر
√ دایره‌المعارف ناسیونالیسم، الکساندر ماتیل. وزارت خارجه. ۱۳۸۳
√دولت مدرن واقوام ایرانی: شالوده شکنی پارادایم های رایج، دکتر حمید احمدی، بی نا، بی تا
√ ناسیونالیسم در ایران، ریچارد کاتم، انتشارات کویر، چاپ دوم ۱۳۷۸
√ ناسیونالیسم چون یک علم، دکتر محمدرضا عاملي، انتشارات آرمانخواه، ۱۳۴۲
√ناسیونالیسم ایرانی و «مساله ملیت ها» در ایران، مرتضی ثاقب فر، نگاه نو، شماره دی ماه، ۱۳۷۰
√مکتب تبریز و مبانی تجدد خواهی، سید جواد طباطبایی، انتشارات ستوده، ۱۳۸۶



# باسێکی گشتی لەمەڕ
# خەباتی مەدەنی

رەحمان پیرۆتی

ئاشــكرایە کۆمەڵناســان بایەخ و گرنگی تایبەت بە پرسی پێناسە و روونکردنەوەی چەمکو دەســتەواژەکان دەدەن. یەکێک لەو چەمکانــە کۆمەڵگای مەدەنییە کە خوێندنەوەی زۆری بۆ کراوە، بەڵام خاوەن پێناســەیەکی یەکدەست و هاوئاهەنگ نیە. کۆمەڵگای مەدەنی باســێکی فەلسەفی سیاسیی- کۆمەڵایەتیی رۆژئاواییە کە زۆرتر بە واتای کەرتی تایبەت و نادەوڵەتی بوون دانی پێ دانراوە.

کۆمەڵگای مەدەنی لە بنەڕەتدا بەســەر دوو بەشــی سیاســی و ناسیاسی دابەش دەکرێت. بەشــی سیاســی تەواوی ئەو رێکخراو و پارتە سیاسییانەی کە رۆڵێکی پووچەڵ کەرەوییان لەمەڕ سیاسەتەکانی دەوڵەت هەیە لەخۆ دەگرێت، بە واتایەکی‌تر ئەو هێزە سیاسییانەی کە لە خانەی ئوپۆزیسیۆندا پێناسە دەکرێن لە بەشی سیاسیی کۆمەڵگای مەدەنی جێ دەگرن. بەشــی ناسیاسی، ســەرجەم دامەزراوە پیشەیی و نادەوڵەتییە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان لە خۆ دەگرێت.

کۆمەڵگای مەدەنی بە بەستێنی چالاکیی سەربەخۆ و فرەلایەنی لە دەرەوەی هێژمونی و رکێفی دەســەڵات دادەنرێ کە شــێوازی چالاکی لــەو کۆمەڵگایەدا لە حاڵەتی رادیکالیزم و توندوتیژگەرێتی دەگوازرێتەوە بۆ سەر شێوازێکی هێمنانە و مەدەنی کە لە ڕاستیدا ئەم شێوە چالاکیە ئەمڕۆییە خاوەن هەڵسەنگاندنێکی واقعییە و دەرفەت دەڕەخسێنێت تاکتیک و ستراتێژی لەسەر بنەمای عەقلانییەت دابڕێژرێن. چەمکی چالاکیی مەدەنی لە دەیەی حەفتای سەدەی بیست لە لایەن هێزەکانی ئوپۆزیسیۆن و بەرهەڵســتکاری وڵاتانی کۆمۆنیست وەک ستراتێژی خەباتی سیاسی لەو وڵاتەدا بۆ یەکەمجار کەڵکی لێ وەرگیرا. بزووتنەوەی هاوپشتی و هاوکاری (سۆلیدارێتی) لە لەهێســتان بۆ یەکەمجار کەڵکــی لەم چەمکە وەرگرت. ئــەو بزووتنەوەیە بە پێکهێنانی رێکخراوێک لە دەرەوەی بازنەی دەوڵەت بە مەبەســتی دامەزراندن و سەقامگیریی کۆمەڵگایەکی دیمۆکراتیک بە روانینێکی سەردەم لە دژی دەسەڵاتی ســەرەڕۆ و دیکتاتۆر هەستاوە. بە شــێوەیەکی گشتی، تایبەتمەندییەکانی چالاکیی مەدەنی پەیوەندیی بە بەکارهێنانی دیالۆگە بە مەبەستی چارەسەری گرفتەکان.

شــێوازێکی گونجاو بۆ بەشــداری لە چالاکیی مەدەنی، پێکهێنان و رێکخستنی دامەزراو و ئۆرگانــە مەدەنییەکانە کە زیاتر پێکهاتەی جیاوازی رەگەزی، تەمەنی، پیشەیی، زانستی، ئاکادمی و ... لە خۆ دەگرن. هەریەک لەمانە دەتوانن هەڵگری

دروشمی بەرگری و داکۆکی لە گرووپو لایەنی جیاواز بن کە ئەگەری ئەوە هەیە ئەو لایەنانە وەک ئامێر بەکار بێن بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیمۆکراتێک و پێکهێنانی کۆمەڵگای مەدەنی. ئەگەر هاوئاهەنگیەک لەگەڵ کەشی واقیع لە لایەک و قۆناغ و شێوازەکانی خەبات لە لایەکیتر پێک بێت، ئاکامی دڵخوازی لێدەکەویتەوە.

خەباتکارانو چالاکانی مەدەنی دەتوانن بە بەکارهێنانی شـێوازی خۆڕاگری نەرێنی لە بەرامبەر کردەوەو سـەرەڕۆیی ڕێژیمی نادێمۆکراتیک بێ ئەوەی تووشی زەرەرو زیانێکی زۆر بن دەسـتکەوتی مەدەنیی بەرچاو مسـۆگەر بکەن. خەباتی مەدەنی یەکێکە لە شـێوازە جەماوەرییەکان کە لەسەر بنەمای(سـەرپێچیی مەدەنی)و بە بەکارهێنانی چەمک و کردەوەی(نا) بەرامبەر بە دەسەڵاتو ستەم و چەوسانەوە لە پێناو پارستنو بەدەستهێنانی مافە پێشێلکراوە جۆراوجۆرەکان وەک مافی نەتەوەیی، مەدەنی، کولتووری، کۆمەلایەتی و سیاسی دەوەستێتەوە. گرینگیی خەباتی مەدەنی لەوەدایـە کە باوەڕمەندانی رادەهێنێت کە لە کاتێکدا داوای مافی خۆی دەکا، مافی خەڵکیتر پێشێل نەکات.

خەباتی مەدەنـی دەبێ خاوەن روانگەیەکی رەخنەگرانـە و ریفۆرمخۆزانە بێ، ئەو روانگەیە هەوڵ دەدا کۆسپەکانی بەردەم پێشکەوتن بهێنێتە بەرباسو لە خەسارەکان و چۆنیەتیی تووشـبوون بەو کێشانە بکۆڵێتەوەو بەلەبەر چاو گرتنی رابردوو باس لە شـێوەی لاوازکردنی خەسارو کۆسـپەکان بکا و بۆ بەهێزکردنی خاڵە ئەرێنییەکان لە مەر چاکسـازیو سەرکەوتن پلان دابرێژێ. لەو پێکهاتەیەدا، خەڵک دەرفەتی بەشـداری لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و پێکهێنانی تەشکیلات و رێکخستنی ئاشکراو بەشـداری لە دەسەڵاتی سیاسیی هەیە و هەروەها مەجال بۆ هێنانەگۆڕێی ویستو داخوازیەکانی خەڵک لە رێگای رێکخراو و دامەزراوە ناحکوومییەکان لە ئارادایە.

بـە لەبەرچاو گرتنی ئەم راسـتییە کە رێکخراوەکانی کۆمەڵایەتـی و مەدەنی لە وڵاتانێک کە دەسەڵاتی پاوانخواز زاڵە بە تەواوی هەڵگری ئینتمایەکی رەخنەگرانەن، ئەرکی ئەم رێکخراوە کۆمەلایەتی و مەدەنیانەیە کە سیمایەکی سەردەم و مۆدێرن وەک ئاڵتیرناتیڤێک کە تەوەرەکانی ئەو سـیمایەی تێدا گونجاوبێ، بخەنەڕوو و بە کۆمەڵانی خەڵکی بناسـێنن. دامەزراوەکانی مەدەنی لەو کۆمەڵگا داخراوانەدا دەبێت هەوڵی چاکسـازی و گۆڕان لە بنەماکانی سیسـتمی سیاسـیی سەرەڕۆ بدەن و لە ئاکامدا کە وەرچەرخان لەو سیستمەدا بەدی نەکرا، دەتوانێ ستراتیژیی لە نێو بردنی دەسەڵاتی زاڵ دابرێژن.

کاتێک یاســا لە لایەن دامەزراوە حکوومیەکان پێشــێل دەکرێ، خەباتی مەدەنی دەتوانێ بەرپەرچی حکوومەت بە شــێوەی ناڕەزایەتیی هەمە چەشن بداتەوە و تەنیا ئاشــتیانە بوونی شێوەکانی خەباتە کە گرینگی دەبێ پێ بدرێ. لەوەها بارودۆخێکدا یاسایی یا نایاســایی بوونی ناڕەزایەتیەکان بایەخێکی ئەوتۆی نیە، چوونکە یاسا لە لایەن حکوومەتەوە پێرەویی لێ ناکرێت و بە هەر شــێوەیەک کە لە بەرژەوەندیی حکوومەت دا بێ پێناسەی یاســا دەکرێ. بەم جورە بەڕێوەبردنی چەمکی خەباتی مەدەنی بە پێناسەی زانستی بەرەوڕووی پرسیار دەبێتەوە، بەڵام نافەرمانیی مەدەنی لە وڵاتانی نادێمۆکراتیک و داخراودا دەتوانی بەڕێوەبچێ. ســەرپێچی کردن لەسەر بنەمای هاوکاری نەکردن لەگەڵ دەسەڵات دەتوانێ لە پانتایی جیاوازو لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووریی‌و سیاسی بەکار بێ.

تایبەتمەندیی سەرەکیی نافەرمانیی مەدەنی، بەشداریی دامەزراوە مەدەنییەکانە. هەر چەند رەنگە لە بواری تاکتیک، ستراتێژی و ئامانج پێکەوە جیاواز بن، بەڵام کرۆکی ســەرەکی بوونی رێکخراوەکانی مەدەنییە کە بریتین لە یەکیەتییەکانی پیشــەیی، کرێــکاران، ژنان، خوێنــدکاران و رێکخراوە ئاینییەکان، دامەزراوەکانی سیاســیی-کۆمەلایەتی‌و ئابــووری، رێکخراوەکانی نەتەوەیی، بنکــە خێرخوازەکان و... هتد ئــەم رێکخراوە مەدەنییانە دەتوانن ببنە ئاڵقەی یەکیەتی و بەشــداریی چالاکانەی کۆمەڵانی خەڵک.

گەلانی ئێران لە کۆتاییەکانی ســەدەی بیســتەم لە رێــگای ناڕەزایەتیی مەدەنی‌و بەرتەســک کردنەوەی پانتایی دەســەڵاتی دەوڵەتی قاجارەوە هەوڵیان داوە بەرەو قانوونمەندکردنــی دەوڵــەتو دامەزراندنی خانەی داد و پاڕلمــان هەنگاو بنێن کە هەڵگرێ مێژوویەکی ســەد ســاڵەیە. هەر لەو کاتەوە چەشنێک لە مەدەنی بوون لە شــێوەی خەباتی خەڵکانی ئێران بە دژی دەســەڵاتە پاوانخوازە یەک بە دوای یەکەکان بەدی دەکرێ. هەنووکە کە کۆماری ئیسلامی بە روانگەیەکی ئیدیۆلۆژیک و توتالیتێر هەوڵ دەدا چوارچێوەی بناژۆخوازی ئیسلامی بەسەر گەلانی ئازادیخوازی ئێراندا بسەپێنێ، تەگەرە دەخاتە بەردەم هەر چەشنە چالاکییەکی مەدەنی. دەسەڵاتی ســەپێندراوی کۆماری ئیســلامی بە پێی تایبەتمەندییەکانی لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵات ناتەبایە و رەچاوی سیاسەتی سانترالیزمی نادێمۆکراتیک دەکات کە وەک بینــراوە لە ماوەی تەمەنیدا لە لایەن گەلی ئێرانەوە بەرەوڕووی ناڕەزایەتی بۆتەوە. دامەزراوەکانــی مەدەنی لە ئێران لە دەرفەتی بەرتەســکیان بۆ کەڵک وەرگرتن لە

مێتۆدگەلێکـــی جۆراوجۆر و رەوا، بنەماکانی مەشـــرووعییەتی رێژیمیان بردۆتە ژێر پرســـیار. لەو نێوەدا خەڵکی کورد هەر لە سەردەمی سەپاندنی دەسەڵاتی کۆماری ئیســـلامی و بەتایبەت پاش ئەوەی کە هەوڵی مەدەنی و ســـەردەمیانەی لایەنی کوردی بۆ چارەســـەری کێشەکانی نەتەوەی کورد لە ئێران بە توندوتیژی و کوشتار وڵام درایەوە، هەوڵی داوە بە شـــێوەیەکی ڕەوا و مەدەنی بەرەورووی توند و تیژی دەســـەڵات بێتەوە. هەرچەند لە چوارچێوەی بەرگریی رەوادا خۆشی پاراستوە و هەر شێوەیەکی مەشـــرووعی خەباتی بەکار بردوە. دوایین ئەزموونی خەڵکی کوردستان لـــە روبەرووبونەوەیەکی واقیعی لەگەڵ کۆماری ئیســـلامی بۆ مانگرتنی گشـــتیی خەڵکـــی رۆژهەڵات لە رۆژی **٢٣**ی بانەمەڕ دەگەڕێتەوە. پاش ئەوەی کە لە رۆژی نۆزدەی بانەمەڕ پێنج تێکۆشەری سیاسی و مەدەنی لە سێدارەدران، خەڵکی کورد لە رۆژی پێنجشەمە **٢٣**ی بانەمەڕ لەسەر داخوازی حیزبە سیاسییەکان و بە پشتیوانیی رێکخراوەکانی مەدەنی بە شێوەیەکی بەرچاو مانیان گرت.

ئەگەر خوێندنەوەیەکی ســـەردەمیانە لە چالاکیی مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و مانگرتنی گشـــتیی رۆژی **٢٣**ی بانەمەڕ بکەیـــن، دەبینین کە هەرچەند خەڵکی کوردســـتان مێژوویەکی ئەوتۆی لە جێگیربوونی بنەماکانی خەباتی مەدەنی نەبووە، بەڵام ئەو مانگرتنە یەکگرتووانەیە دەریخستەوە کە خەڵکی کوردستان بەو پەیوەندییە تێـــکلاوە کولتووری، کۆمەڵایەتی و بازرگانی لـــە دەرەوەو ناوەوەی وڵات بوویەتی مێتود گەلێکی لەم شێوە چالاکیە مەدەنیو ئەمڕۆیی کە لە ئەزموونی تاقیکارییەکانی گەلانی‌تر وەرگرتوە، بەکار بردوە.

مانگرتنی رۆژی **٢٣** بانەمەرو بەشداریی خەڵک ئەگەرچی لە پانتایەکی فراواندا زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە، بەڵام دیسانیش بە گوێرەی پێویست نەبوو. ئەمە پێویســـت دەکا کە ئاوڕێکی خێرا لە هۆکارەکانی بەشـــدار نەبوونی بەشـــێک لە خەڵکی کوردســـتان لەو هەڵوێستە گشـــتییەدا بهێنینە بەرباس. رەنگە بەشێک لە هۆکارەکانی بۆ بەستەرســـازیی ناتەواو، نەبوونی رێکخراوەکانی مەدەنی، نەبوونی ئاگاهیی تەواو بە نیسبەت ئەو پرسە، ئاشنایی سیستەمی زاڵی سیاسی بەو چەشنە لە مانگرتن و توانای پێش‌بینی کردن و بەرپەرچدانەوەی هەبوون لە رێگەی زاڵ کردنی کەشی ترساندن و تۆقاندن، بەستراوەبوونی بەشێک لە خەڵک بە کەرتی ئابووری و لە ئاکامدا مولاحزەکاری و موحافزەکاریو راهاتنی بەشێک لە خەڵک، بگەڕێتەوە. گومانـــی تێدا نیە کە ئەو هەڵوێســـتە ناڕەزایەتییەی خەڵکیش بـــە بەراورد لەگەڵ

ناڕەزایەتییەکانی پێشـــوو، بەربڵاوتر و بەرچاوتر بوو. ئەمەش دەتوانێ لە چەند خاڵدا وەک هــۆکار ئاماژەی پێ بکرێ: هاودەنگی و یەکڕیزیی ڕێژەیی بزاڤی سیاســی، لەناکاو بوون و دڵهەژێن بوونی کارەساتی لە سێدارەدانی ئەم چالاکە سیاسییانە کە شوێنەواری زۆری لەسەر ڕای گشتیی کوردستان دانا و هەروەها پشتیوانیی بەهێزی مێدیایـــی بە تایبەت لە لایەن مێدیای کوردییەوە. ئەم چالاکە سیاســـییانەی کورد ئەگەر تا بەر لە گیرانیان گرێدراوێکی بیر و لایەنێکی سیاســـیی تایبەت بوون، ئەوە ئێستا ئەو سنوورە بەزاوە و بوونەتە سەرمایەی نەتەوەیی و هێمای بەرگریی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم مانگرتنە گشتییەی خەڵکی کوردستان سەلماندی کە ئەگەر هەســـتی نیزیک بوونەوە، هاوکاری و هاوهەڵوێستیی هەموو ریکخراوەکانی سیاسی، مەدەنی و فەرهەنگی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات لێک گرێ بدرێ و زیاتر خەڵک لەو شـــێوە خەباتە ئاگادار بکرینەوە و یەکگرتووانە بەشـــداریی چالاکیەکی مەدەنـــیو دوور لە توندوتیژی بینەوە، خاڵـــە لاوازەکان کەم دەبنەوە و لە داهاتوودا کۆمەڵانی خەڵک بە تواناتر لە بەستێنی خەبات رۆڵیان دەبێ.

پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە خەباتی مەدەنی لە دنیای نوێدا لایەنگری لێ دەکرێ و زۆربەی وڵاتانێک کە ئێستا لە ژێر سێبەری حکوومەتی دێمۆکراتیک دا بەڕێوە دەچن کە بەرهەمی ئەو شێوە خەباتەن.

**بۆ شارەزایی زیاتر لەسەر ئەم وتارە بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە.**


١- کۆمەڵگای مەدەنی هێزێکی نوێ، نووسینی نیهاد مەیهەن، وەرگێڕانی کۆسار فەتتاحی.

٢- از دیکتاتوری بە دمکراسی، جین شارب.

٣- کۆمەڵگای مەدەنی، نثریە، تاریخ و مقایسە، افشین خاکباز



# دەوری مێدیا

## لە کۆمەڵگای مەدەنیو رۆڵی لە ئۆپۆزیسیۆندا

سامان فەقێنەبی

دێموکراسی تەنیا چوارچێوەی سیاسەت لە خۆ ناگرێ، بەڵکو بواری کولتووریش لە خۆ دەگرێ، کاتێک باس لە دێموکراسی لە سیستمێکدا دەکرێ گرینگترین پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی بریتییە لە دۆخی مێدیاو راگەیاندن لەو سیستمەدا.

لە سیستمێکی دێموکراتیکدا مێدیا بەشێکە لە کۆمەڵگای مەدەنی (لە راستیدا کۆمەڵگای مەدەنی مێدیا بۆ گواستنەوەی هۆشیاریو پەیام بەکار دەهێنێ.) کۆمەڵگای مەدەنی لە رێگای مێدیاوە کاریگەری لەسەر رای گشتی دادەنێو بە جەماوەر ئاراستە دەبەخشێ تاکوو کۆمەلانی خەڵک لە دارشتنی بریاری سیاسیدا رۆڵ بگێرن.

لە سیستمێکی ئاسایی دێموکراتیکدا مێدیاکان، NGOکانو ناوەندە ئاکادێمیکییەکانو پارتو سەندیکاکان بە دامەزراوە مەدەنییەکان دەژمێردرێنو کۆی ئەمانە لە پێکهێنانی کۆمەڵگای مەدەنیدا دەوری سەرەکییان هەیە. بەڵام لەو نێوەشدا مێدیا دەوری هەرە سەرەکی دەگێرێ.

دامەزراوە مەدەنییەکان

کاریگەری مێدیا بە رادەیەکە کە تەنانەت بەشێک لە بیرمەندان (وەک فۆکۆو بەشێک لە بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت گەیشتنە ئەو باوەرە کە دەسەڵات ـ تەنانەت دێموکراتیکەکانیش ـ لە مێدیا وەکوو ئامرازێکی دەسەڵات خولقێن کەڵکیان وەرگرتووەو تاکو کۆمەڵگایان لە جووڵە خستوەوو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکالنیان لەو رێگایە کپو لاواز کردووەوە. لە روانگەی ئەو بیرمەندانەوە دەسەڵات رایەڵەی دەسەڵاتداریی خۆی لە رێگای مێدیاوە بۆ سەرجەم رەهەندەکانی ژیانی مرۆڤی ئەو سەردەمە گواستۆتەوەو کۆمەڵگای مەدەنی تووشی بنبەست کردوە. ئەو بۆچوونە نیشانەی ئەوەیە کە راگەیاندن هاوکات لەگەڵ ئەوە کە بەشێکە لە دەسەڵات، بەشێکیشە لە کۆمەڵگای مەدەنی کە هەر دوو لایەن واتا دەسەڵاتو کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانن بیقۆزنەوە.

بە هەرحاڵ مێدیا لە سەردەمی ئێستادا بە هۆی گەشەی تێکنۆلۆژی خۆی

گەیاندۆتە هەموو کون‌و قوژبنێک‌و بەو هۆیەوە ئەمڕۆکە لە پەروەردەو چۆنیەتی پێگەیاندن‌و ئاراســتە بەخشین بە هزرو روانینی تاکەکان‌و چەندایەتی‌و چۆنایەتی کۆمەڵگای مەدەنی دەوری سەرەکی دەبینێ.
راگەیاندن لە بازرگانی‌و جۆری جل پۆشین بگرە تاکوو پەرەپێدان بە تیۆرییەکی سیاسی‌و گۆڕینی راو مۆراڵ مرۆڤی ئەو سەردەمە دەور دەگێڕێ‌و بۆتە ئامرازێک کە نەک تەنیا ئیدیۆلۆژی‌و باوەڕو بەهاکان بەڵکۆ شێوەی ژیانی تایبەتی مرۆڤەکانیش لە ماوەیەکی کورتدا دەگۆڕێ، شــتێک کە لە رابردوویەکی نزیکدا مەحاڵ بوو.
لە ســەردەمی ئێستادا مێدیا نەتەوە درووست دەکا یان بەپێچەوانە دەیتوێنێتەوە، بەهاکان دەســڕێتەوەو بەهای نوێ دەخولقێنێ. دەسەڵات کۆنترۆڵ دەکا یان بە پێچەوانە هێزو وزەی پێدەبەخشێ.

**رۆڵی راگەیاندن:**
ـ بــە بڕوای بەشــێک لە بیرمەندانــی رۆژئاوایی هاتنە ئارای ســەنعەتی چاپ رۆڵێکی ســەرەکی لە گەشەی مۆدێرنیزم‌و هەروەها ناســیۆنالیزم لە ئەورووپاو شوێنەکانیتری جیهاندا هەبووە. چاپ‌و بڵاوبوونەوەی رۆژنامەو کتێبە فیکرییەکان رۆڵی حاشاهەڵنەگری لە چوونە سەری ئاستی زانیاری خەڵک‌و هاندانی ئەوان بۆ دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتە سەرەڕۆکانی ئەورووپا هەبووە.
ـ مێدیا لە وڵاتانی رۆژئاوایی‌و پاشان لە وڵاتانی رۆژهەڵات توانیویەتی کاریگەری دوو دیــاردەی قیزەون تا رادەیەکی بەرچاو کــەم بکاتەوە، ئەم دوو دیاردەیەش بریتی بوون لە: ناوچەگەریتی‌و عەشیرەتگەری. بۆ وێنە، بڵاوکردنەوەی رۆژنامەو گۆڤارەکان بە زمانێکی ســتاندارد، یارمەتی بە گەشەی ناسیۆنالیزمی ئینگلیزی‌و فەرەنسی‌و ئاڵمانیدا کە کاریگەری ئەم دوو دیاردە قیزەونە بە تەواوی بسڕنەوە.
ـ پێشتر دوو لایەن هەبوون، دەسەڵات‌و خەڵک. بەڵام بە هاتنە ئارای مێدیاوە بەشــێکی بەرچاو لە بۆشــاییەکانی نێوان ئەم دوو لایەنە پڕ کرانەوە. خەڵک لە رێــگای مێدیاوە ئاگاداری چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵات لە لایەن دەســەڵاتەوە دەبێ‌و دەســەڵاتیش لە رێگای مێدیاوە لە ویســت‌و داخوازەکانی خەڵک ئاگادار دەبێتەوە.




لە راستیدا مێدیا وەکو دەسەڵاتی چوارەم، چاوەدێری دەسەڵات دەکاو رەخنەگرتن لە دەسەڵات لە پێناوی ئەوە کە پتر وڵامدەری ویستو داخوازەکانی خەڵک بێ، ئەرکێکی سەرەکی مێدیایە، بەڵام بە پێی جۆری دەسەڵات ئەرکو کارکردەکانی مێدیا دەگۆڕدرێ:

١ـ دەسەڵاتی دیکتاتۆرو سەرەڕۆ: کاتێک کە دەسەڵاتی زاڵ بەسەر وڵاتیکدا، دەسەڵاتی نادیموکراتێکو دیکتاتۆر بێ، ئیترۆ مێدیایەکی ئازاد لەو وڵاتەدا هەبوونی نابێ تاکوو ببێتە ئاڵقەی پێوەندی لە نێوان خەڵکو دەسەڵاتدا.

٢ـ دەسەڵاتی دێموکراتیک: لە وەها سیستمێکدا مێدیا دەوری راستەقینەی خۆی دەگێڕێ، مێدیا دەبێتە چاوەدێری دەسەڵاتو رۆژنامەنووسو ژورنالیستەکان بە شێوەیەکی قانوونی پەردە لەسەر گەندەڵی یان کارە ناشیاوەکانی دەسەڵات هەڵدەدەنەوەو دەبنە کارتی فشار بۆ سەر دەسەڵات کە لە دەسەڵات کەڵکی خراپ وەرنەگێرێت.

٣ـ دەسەڵاتی نیمچە دێموکراتێک: لەو جۆرە دەسەڵاتانەدا ئازادیی راگەیاندن بوونی هەیە بەڵام بە شێوەیەکی سنوردار.

**کاریگەری مێدیا لەسەر خەڵك**:

لە زۆر وڵاتدا دوو جۆرە مێدیا بە دی دەکرێ: میدیای دەسەڵات، میدیای ئەهلی

ـ مێدیای دەسەڵات هەوڵ دەدا سیمایەکی جوان لە دەسەڵات پێشانی جەماوەر بداو لەو رێگایەوە شەرعییەتی خۆی لە نێو خەڵکدا راگرێو بیپارێزێ، بەپێچەوانە مێدیای ئەهلی زیاتر تەرکیز لەسەر کەموکوڕیەکان دەکاو هەوڵ دەدا بە ئاشکراکردنی لایەنە نیگەتیڤەکانی دەسەڵات بۆ خەڵک، دەسەڵات ناچار بە پاشەکشە بکاو بەم چەشنە رێگا لە پێشێل کردنی مافی هاوڵاتیان لە لایەن

دەسەڵاتەوە بگرێو کۆنترۆڵی بکا.
ـ مێدیا (چ ئەهلیو چ دەسەڵات) بە بیروڕای گشتی (افکار عمومی) ئاڕاستە دەبەخشێ.
ـ مێدیا لە درووستکردنی کەسایەتی هاوڵاتیان دەوری حاشاهەڵنەگری هەیە(کەسایەتی دێموکراتیک نەک دوگمو سوننەتی).
ـ مێدیا هەستی نەتوایەتی لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگا بەهێز دەکا(هەڵبەت دەتوانێ بەپێچەوانە ئەم هەستەش لاواز بکا.)
ـ لەو سەردەمەدا مێدیا رۆڵی سەرەکی لە بێچم گرتنی کەسایەتی منداڵان دەگێڕێو لە دوای بنەماڵەو قوتابخانە، مێدیا زۆرترین رۆڵ لەو بارەوە دەگێڕێ.
ـ مێدیاو سیستمی پەروەردە رۆڵێکی سەرەکی لە کولتوورسازی لە وڵاتدا دەگێڕن.
مێدیا لە گۆڕینی کولتووری نەریتیو سوننەتی بۆ کولتووری سەردەمیانەو مۆدێرن دەوری سەرەکی هەیە.

**مێدیاو کەمە نەتەوەکان:**

پێشتر راگەیاندنو مێدیا لە لایەن دەسەڵاتەوە قۆرخ کرابوو، بەڵام بە هۆی تیکنۆلۆژی ئێستا ئەم دەرفەتە بۆ نەیارانی دەسەڵاتو بەتایبەتی کەمە نەتەوەکان هاتۆتە ئاراوە کە ئەمانیش لە مێدیا بە مەبەستی دەربڕینی بیروبۆچوونەکانیان کەڵک وەرگرنو کەمە نەتەوەکانیش لە رێگای مێدیاوە پەرە بە کولتووری خۆیان بکەنو تەعبیر لە بوونی خۆیان بکەن.
بە جیهانی بوون(گلۆبالیزاسیۆن) وای کردووە کە کەمە نەتەوکان بە شێوەیەکی ئاسان دەستیان بە ئامرازەکانی راگەیاندن بگاو لەو رێگایەوە پێش بە توانەوەیان لە نێو کولتووری باڵادەستدا بگرن.
بۆ وێنە لە دەیەی رابردوودا میدیا دەورێکی حاشاهەڵنەگری لە گەشەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە هەر چوارپارچەی کوردستان هەبووەو تا رادەیەکی بەچاو توانیویەتی پرۆژەی ئاسیمیلاسیۆنی کورد لە لایەن داگیرکەرانەوە تووشی شکست بکا.
ئایا مێدیا دەتوانێ رۆڵی ئۆپۆزیسیۆن بگرێتە ئەستۆ؟
لە باشترین حاڵەتدا رۆژنامەنووس هەر وەک رۆژنامەنووس مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتو چەمکی دەسەڵات دەکاو وەک چاوەدێرێکی رەخنەگر کۆنترۆڵی

دەسەڵات دەکاو وەکو ئاڵقەی پێوەندی نێوان خەڵکو دەسەڵات رۆڵ دەگێڕێ، بەڵام لە دوو حاڵەتدا مێدیاکارو رۆژنامەنووسان ناچار دەبن کە وەکو کاراکتێرێکی ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات هەڵس‌وکەوت بکەن‌و بەشێک لە ئەرکو کارکردەکانی ئۆپۆزیسیۆن وەئەستۆ بگرن(هەرچەن ئەمە بەپێچەوانەی ویستی پیشەیی خۆی بێت)

حاڵەتی یەکەم: کاتێک دەسەڵاتی وڵاتێک نادێموکراتیک بێ‌و مێدیای ئازادو پارتە سیاسییەکان دەرەتانی چالاکیان لە نێوخۆی وڵاتدا نەبێ، نەیارانی ئەو دەسەڵاتە لە دەرەوەی وڵاتدا ناچارن کە لە مێدیا بە مەبەستی خەبات دژی دەسەڵات کەڵک وەرگرن‌و مێدیا دەبێتە ئامرازێک کە رۆڵی ئۆپۆزیسۆن بگرێتە ئەستۆو خەڵک لە نێوخۆی وڵات دژ بە وەها دەسەڵاتێک مۆبیلیزە بکا(بەسیج) بکا. بۆ وێنە راگەیاندنە فارسی زمانەکان لە دەرەوەی ئێران ئەمڕۆکە بەشێکی بەرچاو لە ئەرکو کارکردەکانی ئۆپۆزیسیۆنیان وەئەستۆ گۆتووە.

حاڵەتی دووەم: لە هەندێک وڵاتدا کەش‌وهەوایەکی تا رادەیەک کراوە بوونی هەیە، بەڵام ئۆپۆزیسیۆنێکی راستەقینە کە رەنگدانەوەی رەخنەکانی خەڵک لە دەسەڵات بێ، بوونی نیە. لە وەها حاڵەتێکدا میدا ئەو دەرفەتە وەدەست دەهێنێ کە ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە. لەو حاڵەتەدا ئیتر مێدیا نەک وەکو چاوەدێرێکی سەربەخۆ بەڵکو وەک ئۆپۆزیسیۆن مامەڵە لەگەڵ دەسەڵات دەکات، باشووری کوردستان نموونەیەکی زەقی ئەو جۆرە حاڵەتەیە.

سەرچاوەکان:
ـ مجلەی «نامە»
ـ مجلەی «ێرش»



# کاریگەریی کولتووری ڕێکخراوەیی
## لە سەر گەشەکردنی ڕێکخراو

سمایل زارعی

**تەوەری یەکەم:**

**گەشەی ڕێکخراوەکان و کاریگەریی کولتووری ڕێکخراوەیی:**

لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی لە بەرەبەری گەشـــە کردنی ئابووری و پیشەسازی و کۆمەڵایەتیدان ســـەرەڕای کۆمەڵێک کێشە و گرفت و کەم و کوڕی لە بواری ئابووری و پیشەســـازی و کۆمەڵایەتیدا، تووشـــی کۆمەڵێک کۆسپ و لەمپەری بنەماییتریش دەبن کە یەکێک لەو کۆســـپانە کێشـــە و گرفتەکانی کولتووری ڕێکخراوەیین. بەو واتایەی کە لەگەڵ ئەوەدا ڕێکخراوەکانیان گەشـــە دەکەن و باری ئابوورییان لەبار دەبێ و لە باری کۆمەڵایەتییەوە زۆر پێشکەوتن وەدەست دێنن و قۆناغەکانی روو لە گەشـــەکردن دەبڕن، بەڵام لە باری کاریگەرداربوونی کولتووری ڕێکخراوەیی و خودی کولتووری ڕێکخراوەییەوە لە قەیران دا دەژین و خاوەنـــی کولتوورێکـــی ڕێکخراوەیی گونجاو و تایبەت بـــەو رەوتە نین، هەر بۆیەش کولتووری ڕێکخراوەیی لێرەدا ئەگەر سەرنجی نەدرێتێ بێگومان دەبێتە هۆکارێک و لەمپەرێک لەبەردەم گەشـــەکردنی زیاتر و رەوتی گەشەکردن لەو کۆمەڵگایانـــەدا خاو دەکاتەوە. کەواتە لەوەوە بۆمان دەردەکەوێ کە وەک چۆن سەرنج و بایەخ دان بە کولتووری ڕێکخراوەیی هۆکارێکی گرینگە بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگا بە گشتی و ڕێکخراوەکان بە تایبەتی، پشت گوێ خستن و کەمتەرخەمـــی بەرامبەر بەم فاکتۆرە دەتوانێ ببێتە هۆکارێک و لەمپەرێک لە بەر دەم پێشکەوتن و گەشەکردن دا. هەر وەک دەزانین دوای ئەوەی لێکۆڵینەوە لە سەر کولتووری ڕێکخراوەیی کرا، زانایان بۆیان دەرکەوت یەکێک لە فاکتەرە هەرە گرینگەکانی پێشکەوتنی وڵاتێکی وەک ژاپۆن هەر ئەم فاکتەری گرینگی دان بە کولتـــووری ڕێکخراوەیە، هەروەها شـــارەزایان و لێکۆڵەران لەم بوارەدا بۆیان دەرکەوتووە کە کۆمپانیا گەورە و ناسراوەکانی ئەمریکاش، سەرەڕای بوونی

بەڕێوەبەریـــی و کارگێڕییەکی بەهێز، بیر لـــەوە دەکەنەوە کە زیاتر گرینگی بە کولتـــووری ڕێکخراوەیی خۆیان بدەن و لە ڕەوتێک دا کار لە ســـەر کولتووری ڕێکخراوەیی بکەن کە کاریگەریی باش و گونجاوی لە سەر وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجە ڕێکخراوەییەکانیان هەبێ.

«بە زۆری ئەو وڵاتانەی کە خەریکە گەشـــە دەکەن و لە قۆناغی گەشەکردن دان لەگەڵ جۆرێک کاریگەرداربوون و کارایی ڕێکخراوەیی بەرەوڕوون، ئەوەش لە حاڵێک دایە کە بۆ چارەســـەرکردنی ئەو گرفتە، پێویســـتی بە کەسانێکی زۆر دەروەســـت بەو ڕێکخراوەیـــە هەیە کە کۆمەڵێک بەها و باوەڕی هاوبەشـــیان هەبێ. گرینگی ئەو بابەتە کاتێک دەردەکەوێ کە نیزام و سیســـتمی ئیداری و ڕێکخراوەیی بە ئامرازێک دانێین بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر ئامانجەکانی گەشەکردن لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا. کەواتە، بوونی هەست و باوەڕێکی هاوبەش لە نێوان ئەندامانی ڕێکخراوێک دا بە مەبەستی پتەوترکردنی بەش و لقە جۆراوجۆرەکانی شتێکی پێویستە. کولتووری ڕێکخراوەیی، ڕۆڵێکی یەکجار ستراتیژی لە پتەوبوون و سەرکەوتن یان هەڵوەشانەوە و تێکشکانی ڕێکخراوەیی دا دەگێڕێ«.(١)

بـــەڵام دەزانین کولتووریکـــی ڕێکخراوەیی ئەگەر بیهـــەوێ ڕێکخراوێک یان تەنانەت کۆمەڵێک بەرەو پێشـــەوە ببات و هەنگاوەکانی گەشەکردنی پێ ببڕێ دەبێ کۆمەڵێـــک تایبەتمەندی تایبەت بە خۆی هەبن کە لەگەڵ سرووشـــتی ئەو ڕێکخراوەدا بگونجێ و چەشـــنێک باڵانس ڕاگـــرێ یان کۆمەڵێک ئاڵقەی گرینگی لەگـــەڵ کولتووری ئەو کۆمەڵگایە هەبێ کـــە ڕێکخراوەکە لەودا کار دەکا، ئەحمەد عیســـا خانی لە وتارێک دا سەبارەت بەوە کە ڕێکخراوەکان چۆن دەتوانن ســـەرکەوتووتر بن و بە چ شێوەیەک دەتوانن بە ئاست و پلەی بەرزتر بگەن کۆمەڵێک تایبەتمەندی و پێویســـتی بۆ ئەم جۆرە ڕێکخراوانە ناو دەبا کە کولتووریش دەکەوێتە ناو یەکێک لەو تایبەتمەندی و پێویســـتییانە. ناوبراو پێی وایە کە کولتوور دەتوانێ هۆکارێک بێ بۆ پێکەوە ســـازان و تەبایی و ڕەبایی لە نێوخـــۆی ڕێکخراوێک دا و بۆ یەکانگیـــری و بەهێزتربوونی هەموو هێزەکان و هەروەهـــا کولتوور دەتوانێ پاڵنەرێک و ئامرازێک بێ بۆ خۆگونجاندنی ڕێکخراو لە ژینگەدا و بۆ ئەم مەبەستە دەســـتەواژەی «کولتووری خۆگونجێن»]لەگەڵ کۆمەڵگا[ دێنێتە ئاراوە، بۆ وێنە هەر لە قووڵایی باســـەکەدا ناوبراو خاڵێکی زۆر

گرینـــگ دێنێته گۆڕێ کە گرینگی پەروەردەکـــردن و ڕاهێنان لە کولتوورێکی ڕێکخراوەییدا زەق دەکاتەوە و بە ڕوونی قامک لە ســـەر ئەو خاڵە دادەگرێ کە لەگەڵا بوونی ڕاهێنان و پەروەردەکردن لە کولتوورێک دا گەشـــەکردنیش پەرە دەگرێ و لەگەڵا ڕاوەســـتان و نەمانی پـــەروەردە و فێرکردن لە کولتوورێک دا گەشەکردنیش ڕادەوەستێ.

«کولتوور بە کۆمەڵێک بەها، باوەڕ، تێگەیشتن لە شێوازەکانی ڕامان و بیرکردنەوە دەوترێ کە تاکەکانی ڕێکخراوێک بە خاڵی هاوبەشـــی خۆیانی دەزانن. هێز و توانایی کولتوور نیشـــانەی ڕادەی پێکەوەســـازان و هاودەنگییەکە کە لە نێوان ئەندامانی ڕێکخراوێک لە پەیوەندی لەگەڵا گرینگی و بایەخی بەها تایبەتییەکان دا هەیە. ئەگەر کۆدەنگی و هاوڕاییەکی گشـــتی گونجاو و پتەو لە ســـەر بایەخ و گرینگـــی ئەم بەهایانە هەبێ ئەو ڕێکخـــراوە خاوەنی کولتوورێکی بەهێزە و ئەگەر پێکەوەســـازان و کۆدەنگییەکی هێندە زۆریش نەبێ ئەو کولتوورە لاوازە. کولتووری بەهێز بە شـــێوەیەکی واتادار و قووڵا پەیوەندی بە کارکردی گشتی ڕێکخراوەییـــەوە هەیە. بەڵام کاتێک بەها کولتوورییەکان بۆ گونجانی ڕێکخراو لەگەڵا ژینگەدا پشتیوان و هاوکار بێ ئەودەم پەیوەندییەکی بەهێزتریش درووست دەبێ. بە شـــێوەیەکی ڕوون کولتوور کاریگەرییەکی گرینگی لە سەر کارکردی ڕێکخـــراو هەیە، بـــەڵام کاتێک کە یارمەتی ڕێکخـــراو دەدا بۆ ئەوەی گۆڕانی ژینگەیی پێشبینی بکا و خۆی لەگەڵا بگونجێنێ، ئەو کاتە کاریگەرییەکی لەبار و ئەرێنی لە سەر کارکرد هەیە و کاتێکیش کە دەبێتە لەمپەر بۆ خۆگونجاندنی ڕێکخراو لە ژینگەدا، ئەو کات کاریگەرییەکی نێگەتیڤ و نەرێنی لە سەر کارکرد هەیە. لە ڕێکخراوە کارکردە بەرز و سەرکەوتووەکان دا گونجان و خۆڕێکخستن لەگەڵا ژینگەی ڕێکخراو زۆر بە خەســـتی لە لایەن کولتوورەوە پشتیوانی لـێ دەکرێ. چونکە گەیشـــتن بە کارکردێکی سەقامگیر بە بێ هێز و تایبەتمەندی گونجان لەگەڵا هەلومەرجی ژینگەدا، ئەگەر لەگەڵا جۆرێک یەکانگیری نێوخۆیی و پێکەوە گونجان لە ســـەر سەرنجدان بە هۆکارە ژینگەییەکان نەبێ ناکرێ و نالوێ و ناشێ. بە واتایەکی دیکە کولتووری ئەم ڕێکخراوانە لە جۆری کولتووری خۆگونجێنە. کولتووری زاڵا بە سەر ئەم ڕێکخراوانە کولتوورێکی پەروەردەیی و فێربوونی بەردەوامە، چونکە هەر کاتێک پەروەردەکردن ڕاوەستا، دەست بە جێ

گەشەکردنیش رادەوەستێ»(٢).
دیوێکی دیکەی کاریگەری کولتووری رێکخراوەیی بەستراوەتەوە بە بوونی نەزم و دیســـپیلین لە رێکخراودا و هەروەها بوونی کەسانێکی بەنەزم و رێک و پێک لەم رێکخراوەدا. چونکە دەزانین کە نەزم لە لایەن تاکەکانەوە دادەنرێ و ئەگەر تەنانـــەت لە رێکخراوێک دا باس لـــەوە بکرێ کە نەزمێکی بەرزیش هەیە، بە مەرجێک خەڵکێکی بێنەزم و تێکدەر هەبن، بەرە بەرە بێ نەزمی و بێ ســـەرو بەرەیی لەو رێکخراوەدا زاڵا دەبێ کە کاریگەری زۆر خراپی لە سەر یەکانگیری هەوڵی گشتی و هەولا دان بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکانی رێکخراو دەبێ. پێویستە لە رێکخراوێکی روو لە گەشـــەدا کولتووری دەست و پێگر و لاوەکی درووست نەکرێن بۆ ئەوەی نەبنە هۆکارێک بۆ بێ نەزمی و یان کۆســـپێک لە بەر دەم کاری ســـەرەکی تاکەکان لە رێکخراودا، چونکە دەزانین کە کولتوورە لاوەکی و رووکەشەکان دەبنە لەمپەر تەنانەت لە ئازادی کارکردن و جێ بە جێ کردنیش دا بەردەوام چوارچێوە و قەوارەی بەرتەســـک بـــۆ چۆنیەتی راپەڕاندنی کارەکان دێنێتـــە پێش. لەم روانگەوە بۆمان دەردەکـــەوێ کە کولتوورێکی رێکخراوەیی سەرکەوتوو کە بتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ گەشەکردن پێویستی بە توخمی سەرەکی هەیە، یەکەم بوونی کەســـانی بەنەزم و بەدیســـپلین و دووهەم نەبوونی رێ و شوێنی دەستگر و رووکەشانە و بوونی ئازادی و چەشنێک کرانەوە لە کولتووری رێکخراوەییدا بە مەبەســـتی باشتر راپەڕاندنی ئەو کار و ئەرکانەی دەکەونە سەر تاکەکانی رێکخراو. ئەحمەد خانی لەم پەیوەندییەدا بەمشێوەیە ئەم بابەتەمان بۆ شی دەکاتەوە:
«زاڵبوونی کولتوورێکی پێکهاتوو لە نەزم و تەکووزیش تایبەتمەندییەکی سەرەکی دیکەی ئەم رێکخراوانەیە. دەســـتکەوتە گەورە و سەقامگیرەکان پێویستییان بە پێکهاتنی کولتوورێکە لە سەر بنەمای نەزم و تەکووزی. پێکهێنانی کولتوورێکی لێوانڕێژ لە کەسانی رێک و پێک و بە نەزم کە بە رێک و پێکی کارەکانیان جێ بە جێ دەکەن و لە چوارچێوەی ســـێ تـــەوەری فیکریدا کار دەکەن. کولتوورە رووکەش و وشک و دەست و پێ گیرەکان بۆ قەرەبووکردنەوە و تێ هەڵچوونەوە لە نەزم پێک دێن کە ریشەی ئەم شتەش هەر لە یەکەمین هەنگاودا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کەسانێکی نەشیاو و نالێهاتوو لە رێکخراودا. کولتوورێکی پێکهاتوو لە

نەزم پێویســـتی بە جۆرێک دوو لایەنە بوون هەیە، لە لایەکەوە پێویســـتی بە کەســـانێکە کـــە پابەند بن بە سیســـتەمێکی تەبا و رەبا و پتـــەو و لە لایەکی دیکەشـــەوە لە چوارچێوەی ئەم سیستەمەدا بەرپرسایەتی و ئازادی بە تاکەکان بـــدرێ. کولتووری پێکهاتوو لە نەزم هەر تەنیا بە کارکردەکان نابەســـترێتەوە، بەڵکوو بریتییە لە کۆمەڵێک کەسی رێک و پێک و بەنەزم کە بیر و ئایدیایەکی رێک و پێکیان هەیە و ئەم نەزمە کاریگەری لە سەر کار و کردەوەشیان هەیە. ئەم رێکخراوانە لە روانگەی چاوەدێرانی دەرەکییەوە وەک رێکخراوێکی بێگیان و وشـــک و بێ هیچ پاڵنەرێک دێنە بەرچـــاو، بەڵام کاتێک لێیان ورد دەبینەوە و توێژینەوەیان لە ســـەر دەکرێ دەبینن ئەم رێکخراوانە لە کۆمەڵێک کەســـی ماندوونەناس و تێکۆشـــەر پێکهاتوون و هێندە باش کارەکانیان رادەپەڕێنن کە جێی سەرســـوڕمانن. کاتێک کەســـانێکی رێک و پێکت هەیە، ئیتر پێویستیت بە ئاســـتەکانی رێکخراوەیی و هیرارشی نیە و کاتێک بیرکردنەوەت جوانە ئیتر پێویست ناکا لە رووکەش دا ئیدارەکەت جوان بنوێنی، کاتێک کار و کردەوەشت نەزمێکی تێدا بێ و رێک و پێک بێ ئیتر پێویســـتیت بە کۆنترۆڵ و چاودێریش نیە و کاتێـــک کولتوورێکی بەنەزمت هەیە کە ویژدانی کاری تێدا بێ ئیتر ئەو کاتە جۆرێک دەسەڵاتی سێحراویت دەبێ کە بەرەو وەدەستهێنانی کارکردە بەرز و باشەکانت رادەکێشێ«.(٣)

**تەوەری دووهەم:**

**پەیوەندی کولتووریی گشتی کۆمەڵگا بە کولتووریی رێکخراوەییەوە:**

لە راستیدا کاتێک ئێمە باس لە کولتوور دەکەین و بە تایبەتی کاتێک لەو هەموو پێناسە جۆراوجۆرانەی کە بۆ کولتوور کراون ورد دەبینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە خـــودی کولتوور لەگەڵ گەلێک لایەنی ژیانی مرۆڤ تێکەڵ بووە و لق و پۆپی بۆ زۆر لایەنی ژیانی مرۆڤ هاویشـــتوە. هەر بەم پێیە زۆر شـــتێکی ئاساییە کە کولتووری رێکخراوەییش کە ریشە و بنجی لە زۆر بەش و لایەنی رێکخراوێک دا داکوتـــاوە پەیوەندی بە گەلێک لایەنـــی جۆراوجۆری ئەو رێکخراوەوە هەبێ و تەنانەت ئەم پەیوەندییە بـــۆ دەرەوەی رێکخراویش و بۆ دیوی دەرەکی هەر رێکخراوێک بگوازرێتەوە، بۆ وێنە کولتووری رێکخراوەیی پەیوەندی بە لایەنی

ئابووری وڵاتێک یان ئەو ژینگەوە هەبێ کە ڕێکخراوەکەی تێیدایە، یان بۆ وێنە پەیوەندی کولتووری ڕێکخراوەیی بە باری سیاسی ژینگە و گەلێک لایەنی دیکەش کە ناکرێ لێرەدا باسی هەموویان بکەین، بەڵام ئەوەی زۆر جێی سەرنجە و مەبەستی سەرەکی ئێمەشە زەق کردنەوە و تاوتوێ کردنی ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان کولتووری نێو ڕێکخراوێک دا و کولتووری گشتی ژینگەیەک هەیە کە ڕێکخراوەکە لەودایە (کولتووری کۆمەڵگا). هەر لە بەر ئەوەشە هەوڵ دەدەین ئەم تەوەرە بۆ ئەم باسە تەرخان بکەین.

پرسیارێکی بنەڕەتی ئەوەیە کە بەڕاستی هیچ پەیوەندییەک لە نێوان کولتووری ڕێکخراوەیی و کولتووری کۆمەڵگادا بە گشتی هەیە؟ ئەوە پرسیارێکی زۆر بنەمایی و گرینگە کە ڕەنگە لە سەرەتای باسەکەوە بۆ هەر خوێنەرێک بێتە پێش. بێگومان هەر کەس لە سەرەتاوە ئەم باسەی خوێندبێتەوە زۆر زوو دەتوانێ لە پەیوەندی لەگەڵ پەیوەندی کولتووری ڕێکخراوەیی و کولتووری کۆمەڵگا بە گشتی تێ بگا. چونکە هەر لە سەرەتای باسەکەمانەوە بە چەشنێک پەیوەندی نێوان ئەو دوو جۆرە کولتوورەمان دەرخستووە، لە لایەک لە پێناسەکردن و وردکردنەوەی پێناسەی کولتووردا هەر دوو جۆری کولتوورمان پێناسە کردوە و لە لایەکی دیکەوەشە هەر وەک لە سەرەتای باسەکەمان دا ئاماژەمان پێکردوە کاریگەرداربوونی ڕێکخراومان لە کۆمەڵگادا بۆ گرینگە و ئێمە ناتوانین پێوەرێک بۆ سەرکەوتنی ڕێکخراوێک لە هەوڵەکانیدا دانێین، مەگین ئەوەی کۆمەڵگاش خۆی نەبێتە پێوەرێکی سەرەکی، هەربۆیەش بەردەوام لە ڕێگای کولتووری ڕێکخراوەییەوە باندۆر و کاریگەرییمان لە سەر کولتووری کۆمەڵگاش تاو و توێ کردوە کە وڵامدانەوە بەم پرسیارەمان بۆ ئاسانتر دەکاتەوە.

دوکتور زمرودیان لە پەیوەندی لەگەڵ پەیوەندی بەڕێوەبەری گۆڕان بە گشتی و کولتووری ڕێکخراوەیی لە ڕێکخراوێک دا لەگەڵ کولتووری گشتی و کۆمەڵگا بە گشتی بەم شێوەیە لە لێکۆڵینەوەیەکیدا دەنووسێ:

«لە ڕووانگەی کارگێڕییەوە، لایەنی کولتووری ژینگە پەیوەندی هەیە لەگەڵ تایبەتمەندییەکان و بەهاکانی هاوبەشی تاکەکانی کۆمەڵگا، بە شێوەیەک کە ئەوان لە کۆمەڵگاکانی دیکە جیا دەکاتەوە. بەهاکان، کۆمەڵێک باوەڕی سەرەکی و بنەمایین کە چاوەدێری بە سەر ئامانجەکان و هەلومەرجێک دا دەکا کە لە

ڕووانگەی تاکەکەســی و کۆمەڵایەتییەوە زۆر بە گرینگ دادەنرێ. «سیستەمی بەهاکان» بە کۆمەڵێک بەهای بنەڕەتی هاوئاهەنگ دەگوترێن کە هەر کام لەوانە ئەویتر بەهێزتر دەکا. بەها بنەڕەتی یان «سەقامگیر»(نەگۆڕ)ەکان دیاریکەری چوارچێوەگەلێکی گشــتی، ئاراستەکەر و ڕەوت پێدەرن و دواجار سەمبوولەکانی ئاکاری بۆ هەموو کۆمەڵگایەک دەخاتە ئاســتی قەبــووڵ کردن و وەرگرتنەوە. ســەرەڕای ئەوەش کۆمەڵێــک بەهای دیکەش هەن کە بۆ ســامان پێدان بە کارو باری هەموو کۆمەڵگایەک و لە پەیوەندی لەگەڵ پێشــکەوتنە مرۆییەکان لە بوارە زانســتی و تەکنەلۆژییەکان دا کەڵکیان لــێ وەردەگیردرێ و بە «بەها کارکردییەکان» ناسراون. بەهاکانی ئەم دواییانە بە پێی خوو و خەدەیان چالاکی و ئەکتیف بوون و گۆڕانخوازییەکی زۆریان تێدایە. چەمکی کارگێڕی لە ڕەهەندی کارکردی ســەمبول و تەکنیکی جۆراوجۆری بەرهەمهێنان، خزمەتگوزاری و بە شێوەیەکی گشتی ئیداری کارو باری سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی بەریــن لەگەڵ بەها کارکردییەکان پەیوەندییان لەگەڵ یەکتری هەیە. چەمکی کارگێڕی گۆڕان بە شێوەیەکی هەستیار سەر و کاری لەگەڵ پێکەوە هەڵکردن و تەبابوونی نۆڕمە نوێیە کاراکان لەگەڵ بەها بنەماییەکان و کولتووری کۆمەڵگا هەیە کە ژینگەی نێوخۆیی ڕێکخراوەیش پێک دێنن».(٤)

دوکتــور قولی ئارین پوور ســەبارەت بــە پەیوەندی نێوان کولتووری گشــتی کۆمەڵگا و کولتووری ڕێکخراوەیی لە لێکۆڵینەوەیەک دا بە ناوی «کۆمەڵناســی ڕێکخراوەکان» پێی وایە کە بۆ بەڕێوەبەرێکی ئەمڕۆیی زۆر پێویســتە شارەزایی لــە کولتووری کۆمەڵگایــەک هەبێ کە ڕێکخراوەکەی لــەو کۆمەڵگا یان لەو ژینگەیەدایە. دیارە ئەو بە یارمەتی تێڕوانینی هاڤســتێد لێکۆڵەری بە ناوبانگی بواری کارگێڕییەوە بۆچوونی خۆی دەڵێ و دەنووسێ:

«شارەزایی بەڕێوەبەران لە کولتووری کۆمەڵگاکان، کاریگەرییەکی زۆری لە سەر کاریگەرداربوونی ڕێکخراوەیی هەیە. بۆ بەڕێوەبردنی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان، کولتوور، هۆکارو فاکتۆرێکی یەکجار گرینگ و بنەڕەتییە. شێوازێکی بەڕێوەبەری کە کولتوورێک دا زۆر گرینگە، ڕەنگە لە کولتوورێکی دیکەدا زۆر بێ کاریگەر و نەگونجاو بێ. کەواتە شــارەزایی لە سەر کولتوورەکان بۆ بەڕێوەبەرانی ئەمڕۆکە شتێکی زۆر گرینگ و پێویستە. هاڤستێد چوار هۆکاری نێوانی دەسەڵات، پیاوانە

(پیاوسالاری) — ژنانه (ژنانیله)، تاکخوازی — کۆمەڵخوازی و دوورکەوتنەوە لە لێڵی و ناڕوونی لە کولتووره جۆراوجۆرەکانی خستە بەر لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لە سەر کردن.»(٥)

مێهران خەلەجی بەڕێوەبەری یەکەی تەکنیکی کۆمپانیای بەهمەن کە یەکێکە لە کۆمپانیا گەورەکانی سەیارە درووستکردن لە ئێران سەبارەت بە ڕۆڵی کولتوور لە سەرکەوتنی ڕێکخراو لە ئامانج و ستراتیژییەکانی دا بەمشێوەیە پەیوەندی نێوان کولتووری ناو ڕێکخراوەیی و کولتووری ڕاستەقینەی کۆمەڵگا دێنێتە ئاراوە:

«کولتوور دەتوانێ دیاردەیەکی ئارمانی بێ یان شتێکی ڕاستەقینە بێ. کولتووری ئارمانی ئەوەیە کە سەمبوولی ئاکاری ئاشکرا و فەرمی تەئید کراو لەخۆ دەگرێ لە حاڵێک دا کولتووری ڕاستەقینە (هەنووکەیی) ئەو شتەیە کە بە سەر کۆمەڵگادا زاڵــە. لە هێندێک لە ڕێکخراوەکان دا ناتەبایی و پێکەوە نەگونجانێک لە نێوان کولتووری ڕاستەقینە و کولتووری گونجاودا دەبینین کە ئەم هاوتەریب نەبوونەش دەبێتە هۆی لاوازبوون یـــان لادانی ڕەوتی ڕێکخراوەکان بەرەو vision یان ئاسۆی ڕێکخراو. ئەگەر سیســـتم چاوەڕوانی ئاکارێکی بنەڕەتی و وردی هەبێ دەکرێ دەستمان بە کولتوورێکی یەکە و یەکانگیر ڕابگا، یەکانگیری کولتووری ڕێکخراوەیـــی و چالاکی هەموو توخم و کۆبەندەکانی کولتووره کە کارکردێکی یەکەیـــان هەیـــە و کولتوورێکی یەکانگیـــرە کە توخم و کۆمەڵــە ئاڵۆزەکانی پێوەندییەکـــی نزیکیان لەگـــەڵ یەکتریدا هەیە... لە هەمـــوو ڕێکخراوێک دا کولتـــووری ئەو ڕێکخراوە لە کۆمەڵێک وردە کولتـــوور یان کولتووری لاوەکی دیکــە پێکهاتووە. کرێــکار، ئەندازیار، کارمەند، کۆمەڵێکـــی ئایینی، کۆمەڵەی پیشەســـازی و ... هەر کام لەوانە خۆیان کولتوورێکی تایبەت بە خۆیان هەیە. لە هەمان کات دا کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشی کولتووریشیان پێکەوە هەیە. وردە کولتـــوورەکان کۆمەڵێک ســـەمبولی ئاکاری و بیرو بـــاوەڕن کە هەر کامێکیان بنەمایەکی هاوبەشـــیان لەگەڵ کولتووری گشتی دا هەیە و لە هەمان کات دا لە زۆر لایەنەوە لەگەڵ ئەودا تێکەڵ بە یەکتری بوون. وردە کولتوور ســـەر بە کۆمەڵ و چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەم کولتوورە هەر لە هەمان کات دا لەگەڵ کولتووری گشـــتی کۆمەڵگادا جیاوازە. چونکە کۆمەڵێک نۆرم و ڕێچکە و تەریبی تایبەت بە خۆی هەیـــە. یەکانگیرکردنی کولتوور یەکگرتوویی دێنێ

و ئەوەش بە یەکانگیر کردنی وردە کولتوورەکان دەکرێ و پێویســـتە لە ڕەوتی گەیشـــتن بە ئامانجە ستراتیژیکییەکانی ڕێکخراوەکان دا پۆلێنە و ریز بکرێن بۆ ئەوەی ببنە هۆکارێک بۆ سەرکەوتنی زیاتری ڕێکخراو.»(٦)

**تەوەری سێهەم:**

**سوود و کارایییەکانی کولتووریی ڕێکخراوەیی:**

لە بەشی یەکەمی باسەکەمان دا لە ژێر ناو و نیشانی «گەشەی ڕێکخراوەکان و کاریگەریی کولتووریی ڕێکخراوەیی»، زۆر بە وردی باسی ئەو کاریگەرییانمان کرد کە کولتوورێکی ڕێکخراوەیی لە ســـەر ڕێکخراو هەیەتی، ئێستا لە کۆتاییدا باسێک دەکەینەوە کە زۆر لەو بابەتە نزیکە، بەڵام لە یەکتری جیاوازن، هەربۆیەش لەگەڵ ئەودا بە پێویستی دەزانین تەوەرێکی دیکەسی بۆ بکەینەوە و لایەنەکانی ئـــەو بابەتەش بە وردی بخەینەڕوو. زۆر جار جۆرێک بە هەڵەدا چوون هەیە لە سەر ئەو بابەتە کە کاریگەرییەکانی بابەتێک لە سەر بابەتێکی دیکە ڕەنگە هەر هەمان ســـوود و کارایی بن، بەڵام لێرەدا لە بنەڕەت دا وا نیە. چونکە ســـوود و کاریگـــەری جیاوازییەکی زۆریان لە گـــەڵا یەکتری هەیە، هەر وەک کارایی و کاریگەرییش دیســـان جیاوازییان زۆرە لە یەکتـــری. دەکرێ کاریگەرییەک هـــەم خراپ بـــێ و هەم باش بێ و هەروەها دەکرێ کارایی بۆ وێنە کولتووری ڕێکخراوەیی ئەو کاریگەرییە نەبێ کە لە سەر خودی ڕێکخراو هەیەتی، بەڵکوو بابەتێکی دیکە بێ و ڕەهەندی دیکەی هەبن، پێویستە ئەوەش بڵێین کە کارایی کولتووری ڕێکخراوەییش دەتوانن لایەنی باش و خراپیان هەبێ، بەڵام بە گشتی لە بەر ئەوەی کولتووری ڕێکخراوەیی مەبەســـتی باشترکردنی دۆخی ڕێکخراو و کارگێڕی لە ڕێکخراوە، کاتێک باس لە کارایی دەکەن بەزۆری مەبەســـتمان لە لایەنە باشەکانی کارایی کولتووری ڕێکخراوەییە لە سەر ڕێکخراوەکە.

ستێڤن رابینز لە پەیوەندی لەگەڵا کارایییەکانی کولتووری ڕێکخراوەییدا پێی وایە کە بوونی نەزم لە ڕێکخراو و کولتووری ڕێکخراوێک دا زۆر گرینگە بۆ ئەوەی کاراییەکی باش لە خۆی بە جێ بهێڵێ. ئەو پێی وایە کە کولتوور چونکە ئاکار و بیر و زەینی تاکەکانی ناو ڕێکخراوێک دادەگرێ، زۆر ئاســـاییە ئەگەر بەنەزمو لەبار بێ، لە بەر ئەوەی دواجار ئەگەر باش بوو کاراییەکی باشی بۆ ڕێکخراویش

دەبێ، تەنانەت بە جۆرێک کە ئەگەر تاکەکان بەم کولتوورە بە شێوەی پێویست پەروەردەکـــران و راهێندران، ئیتر ئەو کاتە پێویســـتی بـــە چاودێری و فەرمی بوونێکی زۆر نیە، چونکە ئەوان بە بێ هیچ چاودێری و لێ پرسینەوەیەک خۆیان دەروەستو ئەمەگناس دەبینن و کارەکانی خۆیان بە باشی جێ بە جێ دەکەن.

رابینز بە گشتی بەم شێوەیە بۆچوونی خۆی دەردەبڕێ:

«کولتوورێکی بەهێز، ســـەقامگیری لە ئاکاردا بەهێزتر دەکا. بەم پێیە پێویستە بڵێین کولتوورێکی بەهێز جۆرێک ئامرازی بەهێزە بۆ کۆنترۆڵی فەرمی و دەتوانێ وەک جێگرەوەیەکیش بۆ فەرمی کردن کار بکا. دەزانین یاســـا و رێوشـــوێنی فەرمی کردن بە مەبەستی تەکووزی کردنی(نەزم پێدان) ئاکاری کارمەندەکان کە بە چ شێوەیەک کار دەکەن. فەرمی کردنی زۆر لە رێکخراوێک دا پێشبینی کردن، نەزم و ســـەقامگیریی پێک دێنێ. کولتوورێکی بەهێز بە بێ پێویســـتی بە بەڵگە نووســـراوەکان ئەو شـــتە گرینگە وەدی دێنێ. ســـەرەڕای ئەوەش، کولتوورێکی بەهێز رەنگە بەرامبەر بە هەموو چەشـــنە کۆنترۆڵێکی پێکهاتەیی کاریگەری هەبێ، چونکە کولتوور، بیر و زەینی (کارمەندەکان) وەک جەستەیان کۆنتـــرۆڵ دەکا. کەواتە دەتوانین بڵێین کولتوور و فەرمـــی بوون دوو گۆڕاوی جۆراوجۆرن کە ئامانجێکی هاوبەشـــیان هەیە. کاتێک کولتووری رێکخراوەیی بەهێزە، بەڕێوەبەری پێویستییەکی کەمتری بە دارشتنی یاسا و رێسا فەرمییەکان بە مەبەســـتی ئاقارپێدان بە ئاکاری کارمەنـــدەکان هەیە. کاتێک کارمەندەکان، کولتووری رێکخراوەییان قەبووڵ کرد، ئیتر ئەو کات یاســـا و رێساکان لەوان دا بنج و بناغە دادەکوتێ.»(٧)

«کولتـــووری رێکخراوەیـــی کۆمەڵێک ئەرکی لە ئەســـتۆیە. پێش هەمووان و دەتوانین بڵێین ئەرکی ســـەرکی کولتووری رێکخراوەیی ئەوەیە کە شووناس بە ئەندامانی خۆی بدات. بە واتایەکی دیکە دەبێ تاکەکانی رێکخراو شانازی بەوەوە بکەن کە لە وەها رێکخراوێک دان و بۆ ئامانجەکانی تێدەکۆشن...

دووهەم ئەرکی کولتووری رێکخراوەیی ئەوەیە کە دەروەستبوون و بەرپرسیارێتی گشـــتی هاسان دەکا. هەروەک پێشتریش باســـکرا دەروەستبوون بەردەوامی و دانەبڕانە لە ئامانج و ســـیما و نوێنگەی پاڵنەر و دڵخۆشـــی تێکۆشـــانی تاکە بۆ هەموو کارێک کە دەیکا. تاکە دەروەستەکان ئامانجدارن و لە ژێر هیچ زەخت و

گڤاژێک دا خۆ بە دەستەوە نادەن، چونکە خۆیان بۆ دۆخێک تەرخان کردوە کە خۆیان تێیدان. خەڵکی بوون یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاو و زەقەکانی کولتووری رێکخراوەیی و تاکی رێکخراوەییش لەوەڕا کە خۆی سەر بە چینێکی هەژار و دەستکورتی کۆمەڵگا دەزانێ کەواتە بۆ چارەسەرکردنی گیرو گرفتەکانیان لە هەموو ئان و ساتێک دا هەست بە بەرپرسایەتی دەکا.




خشتەی ئەرکەکانی کولتووری رێکخراوەیی

متمانە درووستکردن یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی کولتووری رێکخراوەییە کە دەبێتە هۆی گواستنەوەی زانیاری گونجاو و لە کاتی پێویست و دوو لایەنەبوونی تەشـــەنەکردن کە خۆی پێویستی بە گەشـــەکردن و بەرزبوونەوەی کولتووری هەیە. متمانە پاڵنەری خۆکۆنترۆڵکردن دەکا و دەبێتە هۆی پێشـــگری کردن لە کەڵک وەرگرتنی خراپ لە خاڵە لاوازەکانی کەسانی دیکە.
ســـێهەمین ئەرکی کولتـــووری رێکخراوەیی ســـەقامگیرتر کردنی سیســـتمی

کۆمەڵایەتییە. ڕەزامەندی و ســاکارژینی چ لە ژیانی تاکەکەسی و چ لە ژیانی ڕێکخراوەییدا، دەروەستبوونی سۆزدارانە کە تاکەکانی ڕێکخراو و دامەزراوەیەک بۆ کاری تاقەت پڕووکێن هەیانە، ئەکتیڤ بوونی دامەزراوە لە ئەنجامی کاروبار و بەرەوپێشەوە بردنی کار و چالاکییەکان و هەروەها چارەسەرکردنی گیرو گرفتەکانی خەڵکی، ئەمانە هەر هەموویان کاریگەرییان لە ســەر مانەوە و سەقامگیر بوونی ناوەندێک وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی هەیە.

چوارەمیــن ئەرکی کولتووری ڕێکخراوەیی شــێوەدان و بیچم پێدانە بە ئاکاری ئەندامان و بە واتایی کردنی کار و ئەرکەکەیانە. خۆبواردن لە بۆرۆکراسی بە واتای کاغەز و کاغەزبازی و ئاڵۆزییە لاوەکییەکانی ئیداری و بەشــی دارایی ڕێکخراو، چڕنەبوونەوە لە بەڕێوەبردنی کاروبار، سەرنج ڕاکێشانی متمانە و پشتیوانی خەڵکی وەک بنەمایــەک لە چالاکییەکانی دامەزراوەیی و متمانەی دوو لایەنە لە نێوان تاکەکانی ڕێکخراودا دەبێتە هۆی بیچمگرتن و درووســتبوونی کۆمەڵێک ئامانج کە لە سەر بنەمای هاوکاری دامەزراوە.

ئەو ئامانجانەی پشت ئەستوورن بە هاوکاری، هەست کردن بە بوونی ئامانجێکی هاوبەش لە تاکەکان دا بەهێز دەکا بە جۆرێک کە تێدەگەن ئەرکی هاوبەشیان لە ئەستۆیە و ئەوەش ڕوون دەکەنەوە کە ڕۆڵ(دەور)ەکانیان دەتوانن کاملکەر و تەواوکەری یەکتری بن.

پێنجەمیــن ئەرکی کولتووری ڕێکخراوەیی بەهێزکردنی هەســتی هاوکاری لە جیاتــی ڕکەبەرییە. کاتێک دەگوترێ تاکەکان هــاوکاری یەکتری دەکەن کە هەوڵەکانیان بە شــێوەیەکی ڕێکوپێک بۆ وەدەســتهێنانی ئامانجی گشتی لێک گرێدراو بێ. هەرچەندە ئاستی لێک گرێدان و یەکترگرتنی هەوڵەکان زۆرتر بێ ئاستی هاوکاری کردنی یەکتریش پتر دەبێ.»(٨)

لە تەوەری کاریگەری کولتووری ڕێکخراوەیی لە سەر گەشەکردنی ڕێکخراوەیی دا ئاماژەمــان پێکرد کە کولتووری ڕێکخراوەیــی زۆر باش دەتوانێ کاریگەری باش یان خراپی لە سەر گەشەکردنی ڕێکخراوەیی هەبێ لێرەدا بە خستنەڕووی بۆچوونی چەند لێکۆڵەرێک کۆی گشتی باسەکە وەبیر خۆمان دێنینەوە و هەروەها لایەنەکانــی دیکەی ئــەو بابەتەش دەخەینەڕوو. بەهمەن خوداپەرەســت لەم پەیوەندییەدا بەم شێوەیە بۆچوونی خۆی دەردەبڕێ:

«لــە ڕەهەندی ئەو توێژینەوەی لە لایەن کۆمەڵێکی زۆر بیرمەندی زانســـتی کارگێڕییەوە کراوە کولتووری ڕێکخراوەیی بە یەکێک لە هۆکارەکانی پێشکەوتن و گەشـــەکردنی وڵاتەکان ناســـراوە. بە جۆرێک کە زۆرێک لە توێژەران پێیان وایە یەکێک لە هۆکارە ســـەرەکی و گرنگەکانی ســـەرکەوتنی وڵاتی ژاپۆن لە پیشەســـازی و کارگێڕیدا گرینگی پێدان بە کولتووری ڕێکخراوەییە. کولتووری ڕێکخراوەیی وەک کۆمەڵێک باوەڕ و بەهای هاوبەش کاریگەری دەبێ لە سەر ئاکار و بیرکردنەوەی ئەندامانی ڕێکخراو و دەکرێ ببێتە سەرەتای چالاک بوون یان لەمپەرێک لە ســـەر ڕێگای پێشکەوتن. کولتووری ڕێکخراوەیی یەکێکە لە بنەماییترین بوارەکانی گـــۆڕان و گۆڕانکاری لە ڕێکخراودا، لە بەر ئەوەی پلانە تازەکانی گۆڕانکاری زۆرتر سەرنج دەداتە گۆڕانی بنەمایی ڕێکخراو، هەربۆیەش ئامانجی ئـــەم بەرنامە و پلانانە گۆڕین و گۆڕانکاری لە کولتووری ڕێکخراوەیی دایە وەک بابەتێکی بنەمایی و ژێرخانی گۆڕان».(٩)

**رابینز پێی وایە کە کولتوورێکی ڕێکخراوەیی دەتوانێ ئەو چەند کاریگەرییە گرینگەی هەبێ:**

«١ — کولتوور، سنووری ڕێکخراوەیی دیاری دەکا، واتە ڕێکخراوەکان لە یەکتری جیا دەکاتەوە.

٢ — جۆرێک هەستی شووناس لە ئەندامانی ڕێکخراودا درووست دەکا.

٣ — کولتـــووری ڕێکخراوەیی دەبێتە هۆی ئەوە کە جۆرێک دەروەســـت بوون و ئەمەگناســـی بەرامبەر بە شتێک لە تاکەکان دا درووست بێ کە لە سەرووی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی خۆیانە.

٤- کولتووری ڕێکخراوەیی دەبێتە هۆی ســـەقامگیری و مانەوەی سیســـتمی کۆمەڵایەتی. کولتوور لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییەوە لە جۆرێک چەســـپ دەچێ کە دەتوانێ لە ڕێگای ســـتانداردی گونجاوەوە (لە پەیوەندی لەگەڵا ئەو شتەی دەبێ ئەندامانی ڕێکخراو بیڵێن یان جێ بە جێی بکەن)، بەشەکانی ڕێکخراوەیی پێکەوە بنووسێنێ و لێکیان گرێ بدات.

٥ — کولتـــوور بە هۆکارێکی کۆنتـــڕۆڵا دادەنرێ کە دەبێتە هۆی پێکهاتن یان درووستبوونی تێڕوانینەکان لە سەر ئاکاری کارمەندان. بە شێوەیەک کە شیاوبوون و گونجانـــی تاک لە ڕێکخراودا، گونجانـــی تێڕوانینەکان و ئاکاری تاک لەگەڵ

کولتـــووری ڕێکخراوەیی دەبێتە هۆی ئەوە کە تاک بتوانێ ببێتە ئەندامێکی ئەو ڕێکخراوە.»(١٠)

غولام عەلی مێهدی لــە وتارێک دا ڕۆڵ و کاریگەری کولتووری ڕێکخراوەیی ســەبارەت بە پەرەگرتن یان پێشگرتن لە دیاردەی گەندەڵی ئیداری دەخاتەڕوو. ناوبراو پێی وایە کە کولتوورێکی درووســت کــە بتوانێ ئاکاری کارمەندەکان و کۆنترۆڵی هەڵسووکەوتیان باش بکا، بە چەشنێک کە تاکێک لە ڕێکخراودا هەست بە کەسایەتی و شووناس تایبەتی خۆی بکا، دەتوانێ هۆکارێکی کاریگەر بێ بۆ لە ناو چوون یان نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی ئیداری. بەڵام بێگومان بە هەمان شــێوە بە پێچەوانەی ئەوەش هەر دەکرێ ڕوو بدا، واتە کولتوورێکی سەقەت و خراپ دەتوانێ کاریگەری خراپی لە سەر ئاکاری کارمەندەکان هەبێ و لە ئەنجام دا ببێتە هۆی ســەرهەڵدان و پەرەگرتنی زیاتری دیــاردەی گەندەڵی ئیداری. کەواتــە دەکرێ ئەوەش بە یەکێکی دیکە لــە کاریگەری و ڕۆڵە گرینگەکانی کولتووری ڕێکخراوەیی لە سەر ڕێکخراو دانێین.

«کولتووری ڕێکخراوەیی بە ســەرچاوە و کانگای هەســتی شووناسی کارمەند دادەنرێ. بەم پێیە کارمەند کەسایەتی خۆی بە شتێکی پەیوەندیدار بە کەسایەتی (کولتوور)ی ڕێکخراوەیی دەزانێ و متمانە و کەسایەتی پێ وەردەگرێ. شووناسی کولتووری ڕێکخراوەیی بە خســتنەڕووی ســەمبوولەکانی ئاکاری بە کارمەند و تاکەکانی ڕێکخراو و کۆنترۆڵی ئاکاریان، دەتوانێ بەر بە ســەرهەڵدانی گەندەڵی ئیداری بگرێ«.(١١)

دوکتــور ئەبزەری و دەلوویی لــە لێکۆڵینەوەیەک دا ســەبارەت بە کولتووری ڕێکخراوەیی بە مەبەستی ڕوانین بۆ ئاسۆیەکی دوور و بەرز بەم شێوەیە کاریگەری یان ســوودەکانی کولتووری ڕێکخراوەیی لە ســەر ڕێکخراوێک بە شێوەیەکی کورت و پوخت دەخەنە بەرچاو:

«کولتوور ڕۆڵی جۆراوجۆر لە ڕێکخراودا دەگێڕێ. لە یەکەمین ڕۆڵ دا، کولتوور چارەنووســاز و دیاریکەری ڕۆڵی ڕێکخراوەییە. دووهەم جۆری ئەم ڕۆڵگێڕانە هەســت کردن بە شووناسە کە تاکەکانی ڕێکخراو هەستی پێ دەکەن. سێهەم دەوری کولتووری ڕێکخراوەیی دەبێتە هۆی ئەوە کە جۆرێک دەروەستی تاکەکان بەرامبەر بە شــتێک بەخۆوە بگرن کە لە ســەرووی بەرژەوەندی خۆیانەوە بێ.

چوارەم سەقامگیری و مانەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی. دواجار کولتوور وەکوو هۆکارێک بۆ کۆنترۆڵ کردن رۆڵ دەگێڕێ«.(١٢)

## پەراوێز:

(١) پ، بلنت، کولتووری رێکخراوەیی COMPARATIVE MANAGEMENT، وەرگێڕان و داڕشتنەوەی: شیرین مهربان، سەرچاوە: http://imi.ir/tadbir/tadbir-148/article-148/6.asp، ئەم وتارە لەم سەرچاوەیە وەرگێڕدراوە: P.BLUNT, COMPARATIVE MANAGEMENT, PWS-KENT PUB, 2003, PP 1199-1208

(٢) عیسی خانی، ئەحمە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل **٣٧.**

(٣) عیسی خانی، ئەحمە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل **٣٧** و **٣٨.**

(٤) زۆمرۆدیان، د. ئەسغەر، کارگێڕی گۆڕان (مدیریت تحول)، ل **٤٤**، چاپی حەوتەم، تاران، **١٣٨٦.**

(٥) قلی پور، د. ئارین، کۆمەڵناسی رێکخراوەکان (جامعەشناسی سازمانها)، ل **٢٠٢**، چاپی هەشتەم، تاران، چاپەمەنی «مهر» (سمت).

(٦) خلجی، مهران، رۆڵی کولتوور لە بەرەوپێشبردنی ئامانجە ستراتیژیکییەکانی رێکخراوەکان (نقش فرهنگ در پیشبرد اهداف استراتیژیک سازمانها)، www.miaMethod.com کۆمپانیای «ساشی» درووست کردنی ترۆمبێل. لێکۆڵینەوەیەکە کە بەڕێوەبەری یەکەی تەکنیکی کۆمەڵەی ترۆمبێل درووستکردنی «بهمن» کردویەتی.

(٧) رابینز، ستێڤن، تیۆری رێکخراو، هەمان سەرچاوە، ل **٣٨٦.**

(٨) رەزائیان، عەلی رەزا، بنەماکانی کارگێڕی، (اصول مدیریت)، ل **٢٩٥**، چاپی ١٨ ساڵی **١٣٨٥**، تاران، بڵاوکراوەی سمت.

(٩) خداپرست، بهمن، http://www.parsigold.com/bm01%20(1).htm

(١٠) مهدی، غلامعلی، رۆڵی کولتووری رێکخراوەیی لە پێشگرتن لە تەشەنەکردنی گەندەڵی ئیداری، http://gozinesh.moe.org.ir/_gozinesh/Documents/Farhang_20090427_095934.pdf

(١١) مهری، غلامعلی، هەمان سەرچاوە.

(١٢) دوکتور ابزری، مهدی، محمد رچا دلوی، کارگێڕی کولتووری رێکخراوەیی (چەمک، سەمبول، گۆڕان) بە تێڕوانینێکی بەرزخوازانە، تاران، چاپخانەی قاصد سحر، چاپی یەکەم، **١٣٨٥.** http://karafarini.sharif.ir/ShowEducation.asp?ID=29&CID=9

# ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

## (ئەرك و ڕۆڵی ئەم ڕێکخراوەیە لە سیاسەتی جیهانیدا)

سۆهراب ڕەحمەتی

**مێژووی دامەزراندن:**

شــەڕی نێوان دەوڵەتان و نەتەوەکان یەکێک لە ســەختترین و دژوارترینی ئەو کێشــانە کە بۆتە هۆی شێواندن و ئاڵۆز بوونی کردارە جیهانییەکان کە هەر لە کۆنەوە تا ئێستا، بە میلیۆن و بە میلیارد هێزی مرۆڤی و زۆر کۆمەڵگای لە حاڵی گەشەدا بەم هۆیەوە لە ناو چوون و لە ژێر گوشاری وڵاتان یا گەلانی بە هێزدا تواونەتەوە یان بە شــێوەی جۆراوجۆر ســەربەخۆیی و ئازادییەکانی ژیانیان لــێ زەوت کراوە.

بــە پێی ئەو بەڵگە مێژووییانەی بەدەســتەوەن دەتوانیــن بڵێین کە بیرۆکەی رێکخراوێکی نێونەتەوەیی هەر لە کۆنەوەو لە کاتی دەرکەوتنی یەکەم دەسەڵات و حکوومەتەکانەوە لە زۆر بوارەدا هەبووە. بۆ وێنە لە نووسراوە فەلسەفەییەکانی یۆنانی کۆنەوە، واتە لە یەکگرتنــە نیزامی و رێککەوتنە بازرگانییەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ســەردەمێک دەولەت ـ شارەکانی یۆنانی کۆن، وەک ئاتێنی، ئێســپارتی و مەقدوونییــەکان خاوەن دراوێکی هاوبەش بــوون و کەڵکیان لێ وەرگرتوە کە ســەرکەوتنێکی بەرچاو لە یەکانگیریی نەتەوەکان و هاوکارییەکی نێونەتەوەیی هەبووە.

یــا ئەگەر ئاماژە بــە رۆمییەکان بکەین کە بە روانینێکــی ئایینیەوە چاویان لە مافی نێونەتەوەیی دەکرد و هەر لە ســەرەتای ئیمپراتوورییەکەیان «رێکخراوی پەیوەندیی دەرەکی»یان دامەزراند.

دەتوانین وەک نموونە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئاماژە بە سێ رووداوی گرینگی جیهانی بکەین  کە بریتی بوون لە: ســەرکەوتنی مەســیحییەت، گەشەکردنی

ئیســـلام و شەڕە سەلیبییەکان دەتوانین زۆر لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان هەر لەم قۆناغەدا باس بکەین.

یەکێک لە یاسا گرنگەکانی مەسیحییەت بریتی بوو لە: دوو دامەزراوی سیاسی بە ناوەکانی «صلح الهی» واتە سوڵحی خودایی کە هەڵمەتێک بوو بۆ چۆنیەتیی ڕێکخستنی یاساکانی شەڕ لە ساڵی **١٠٥٩**و ئەویتریان بە ناوی «متارکه الهی» واتە دوورکەوتنەوە یا دوورەپەرێزبوونی خودایی بوو کە لە ساڵی **١٠٩٥** دا ڕێکخرا و ڕێساگەلێکی تێدا هاتبوون کە چوارچێوەی شەڕ و کێشە و ململانێی بەر تەسک دەکردەوە.

ـ لە کۆتاییەکانی ســـەدەی شەشەم واتە سەردەمی دەرکەوتنی دینی ئیسلام دا دەتوانین ئاماژە بە «پیمانهای الهی» واتە بەڵێنە خواوەندییەکان و ڕێساگەلێکی تایبەت بکەین کە لە کاتی شەڕ دا هەبوون.

ـ لە سەردەمی شەڕە سەلیبییەکاندا، دەتوانین بەڵێننامەی نێوان «میسر و پیزا» ناو بێنین کە لە ساڵی **١١٥٤** ئەنجام درا و هەر لەو کاتدا لە ئاکامی لێک نزیک بوونەوەی مەسیحییەکان و موسڵمانەکان دامەزراندنی «ڕژیمی کاپیتۆلاسیون» پێوەندییەکی نێونەتەوەیی هاتە بەرهەم.

لە ســـەردەمی ڕێنسانسیش دا کە ئیمپراتوری ژێرمەن ڕووخا و شۆڕشی خەڵکی ئامریکای باکوور و شۆڕشـــی گەورەی فەرانسە مافی نێونەتەوەیی بە شێوەیەکی بنەڕەتی دیاری کرد کە هەر وڵاتێک لە چوارچێوەی سنووری خۆیدا هێزو دەسەڵاتی تایبەت بە خۆی هەیە و ســـەربەخۆیە و وڵاتان دەبێ مافە نێونەتەوەییەکان بە فەرمی بناسن و لە بەرامبەر هەر کردەوەیەکی دژە یاسایی دەتوانن ڕای خۆیان دەربڕن و تەنانەت دژ کردەوەش نیشان بدەن.

هەر لەم پەیوەندییەدا و لە سەدەکانی دواتردا دەتوانین ئاماژە بە کۆمەڵێک هەوڵی بەرچاو بکەین کە هەموویان هەوڵدان بۆ یەکانگیری و یەکیەتیی نەتەوەکان تێدا مەبەست بووە. بۆ وێنە لە ساڵی **١٨٩٩** دا کۆنفرانسێک لە ژێر ناوی کۆنفرانسی ئاشـــتیی لاهە لە شـــاری لاهەی هۆلەند پێک هات کە لەم کۆنفرانسە دا تەنیا **٢٦** وڵاتی ئورووپایی بەشـــداریان کرد و دووهەمین کۆنفرانسی ئاشتیی لاهە لە ســـاڵی**١٩٠٧** هەر لە شـــاری لاهەی هۆلەند پێک هات کە بە بەشداری **٤٤** لە هەموو وڵاتانی جیهان کۆتایی پێک هات.

**بیرۆکە و هەوڵی دامەزراندنی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی:**

بەڵام دەسپێکی شەڕی یەکەمی جیهانی تاڕادەیەک گەشەی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی دواخست و ڕێککەوتننامەکان «ژێنۆ» و «لاهە» بەم شێوەیەی پێشتر جێبەجێ نەدەکرا و لە گرینگیی ئەم ڕێککەوتننامانە کەم بۆوە. دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە کۆنفرانسێکی ئاشتی بە بەشداریی براوەکانی شەڕ لە ساڵی (١٩١٩) پێک هات. دوابەدوای ئەم کۆنفرانسە لە لایەن «ویلسۆن» کە سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بوو ڕاگەیەندراوێک دەرکرا کە بیر و بۆچوونی دنیای بە گشتی بۆ لای خۆی ڕاکێشا کە لە چوارده خاڵی گرینگ پێک هاتبوو.

بەم پێیە گرینگترین خاڵی پۆزەتیڤی «پەیماننامەی ئاشتی» دامەزراندنی «جامعە ملل» (کۆمەڵگەی نەتەوەکان) بوو کە وەک یەکەمین ڕێکخراوی نێونەتەوەیی ئەرکی گشتیی پاراستنی ئاشتی و شارستانەتیی جیهانی بە ئەستۆ گرت. بە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیە، خەون و خوولیای کۆنی نووسەرانی بلیمەتی وەک ویلیام پێن، جێرمی بێنتام، ئەمانۆئێل کانت، نیچە و ئابەدۆسێنت هاتە دی. بەڵام کاتێک کە رووسیە لە شۆڕشی بەلشویکی ساڵی (١٩١٧)دا کەم و زۆر تەواوی پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی لە هەڵوەشاندەوەو دوو ڕێککەوتننامەی تر بە ناوەکانی «لۆکارنۆ» و «بریان ـ گلۆک» بەستران و دواتر زۆربەی وڵاتان چوونە ناو ئەم ڕێککەوتننامانەوە. بەڵام لەم ڕێککەوتننامانەدا بەگشتی تەنانەت لە کۆمەڵگای نەتەوەکانیش پێش بە هەڵایسانی شەڕ نەگیراو شەڕی دووهەمی جیهانی دەستی پێکرد و بنەما و بنچینەکانی مافی نێونەتەوەیی کاریگەریی خۆی لە دەست دا و تەنانەت ئەم وڵاتانەی کە بێ لایەنییان دەربڕیبوو وەبەر هێرشی وڵاتانی بە هێز کەوتن. دوابەدوای سەرکەوتنی هێزی هاوپەیمانان، نەتەوە یەکگرتووەکان کەوتە بیری کومەڵگەیەکی نەتەوەیی نوێ کە لە زۆر بواردا بتوانێت کار بکات بۆ ئاشتی و ئاسایشی گشتیی دنیا و دابینکردنی کەشێکی ئارام، بە تایبەت لە کۆتاییەکانە سەدەی بیستەم بە دواوە کە ڕۆژ لەگەڵا ڕۆژ هۆکارەکانی شەڕ ئاڵۆزتر دەبوو و کاریگەریی تێکدەرانەتر و روخێنەرتر دەهاتە ئاراوە و شەڕەکان هەم سەرچاوەی ناوخۆیی و دەرەکییان هەیە و ئامرازی پێشکەوتووش بە ئاسانی

دەكەوێتە دەســـت لایەنەكانی شەڕ بە تایبەت ئەگەر وڵاتێک لە بواری ماڵیەوە بەهێز بێت و متمانەی تەواوی هەبێت و باوەڕ پێكراو بێ.
دیارە ئەگەرچی شەڕ لە نێوان چەند وڵاتێک یا لایەنێكی دیاریكراودا روو دەدات بەڵام لەوانەیە پڕیشكی ئەم شەڕە چەند وڵاتێكیتریش بگرێتەوە و هێندێک كات ڕەنگدانەوەی نێونەتەوەییشی هەبێ، هەر لەبەر ئەمە ڕێكخراوە نێونەتەوەییەكان بە هاوكاریی بەرپرسانەی وڵاتانی ئەندام، ئامرازگەلێكی بۆ بەڕێوەبردن و كۆنترۆڵ كردنی هۆكارە نێگەتیڤەكانی شــەڕ و هەروەها چەند ڕێكاری دڵخۆشكەری بو پێشــگیری كردن لە ڕوودانی شەڕ دیاری كردوە و لە گەڵا هۆكار و بارودۆخی شەڕ بەرەنگار دەبێتەوە، كە دامەزراندنی «ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكانە».
بیرۆكەی دامەزراندنی ئەم ڕێكخراوەیە لە سەروبەندی شەڕی جیهانی دووهەم دا هاتە ئاراوە و دوای تەواوبوونی ئەم شەڕە دامەزرا. لە مانگی ئووتی ساڵی (**١٩٤٤**) نوێنەرانی ســێ وڵاتی گەورەی دنیا واتە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئامریكا، بریتانیا و ڕووســیە، لە كۆنفرانســی «دامبارتۆن ئۆكس» پێكهاتەی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكانیان تاوتوێ كرد.
هــۆكاری دامەزراندنی ڕێكخــراوی نەتەوە یەكگرتووەكان لــە بڕگەی (١)ی پەیماننامەی ئەم ڕێكخراوەدا بەم شێوەیە هاتوە: «بۆ پاراستی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی و لە ئاكامدا بە مەبەســتی گەیشــتن بە پێوەرگەلێكی گشتگیر و كاریگەر بۆ پێشــگیری و چارەســەر كردنی هەڕەشە لە دژی ئاشتی و ئاسایش و هەروەها نەهێشــتنی دەستدرێژی كردنە ســەر كەمایەتییەكان دابین كردنی ئامانجی ئاشتیخوازانە و هەروەها چارەسەر كردنی كێشە و گرفتی نێونەتەوەیی یا ئەم بارودۆخانەی كە لەوانەیە ببێتە هۆی كەم و كوڕی لە مافە نێونەتەوەییەكان، هاوشێوەی لە گەڵا بنەماكانی دادپەروەری و مافی نێونەتەوەیی پیک هاتووە».
ئەو كاولكارییەی كە لە ئاكامی شــەڕی دووهەمی جیهانی بە دەركەوتنی چەكە ناوكییــەكان، هاتە ئــاراوە بوو بە هۆی ئەوەی جارێكی تر هەوڵی پێشــگیری كردن لەو شــەڕانەی كە لە دواتردا ئەگەری دروســت بوونیان هەیە ساز بێ.
بۆ جێبەجێ كردنی ئەم ئامانجە گشــتییە، ئەسڵی **٢**ی پەخشنامەی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان، گشــت وڵاتەكانی ئەندامی لە هەڕەشــەی بەكارهێنانی هێزی نیزامی لە پەیوەندیە نێونەتەوەیی خۆی قەدەغە كرد. دیارە كە هێندێک

بابەتی هاوێرکراوی ئەم بڕگەیە لە ئەســڵی ٥١دا باسی لێکراوە. وڵاتانی ئەندام تەنیــا لە کاتی بەرگری کردن لە خۆیان مافی بــەکار هێنانی هێزی نیزامییان هەیە. بەڵام لە ڕێڕەوی دژە یاسایی لێکدانەوە و بۆچوونی شەڕ وەک بابەتێکی ڕێگە پێدراوی دیپلۆماســیی نێودەوڵەتی، دەبێ بەرژەوەندی ئاســایش و ئاشتیی نێونەتەوەیی گشت وڵاتانی ئەندام لەم ڕێکخراوەیەدا مسۆگەر بێ.

لــە مــاددەی ٢ی بەیاننامەی ڕێکخــراوی نەتەوە یەکگرتــووەکان دا بنەمای دەســەڵات و یەکپارچەیی وڵاتانی بە فەرمی ناســراوە و تەنیا دەوڵەتان مافی ئەندامییەتیان هەبێ لەو ڕێکخراوەیەدا و گشت ئەم وڵاتانەی کە لەم ڕێکخراوەیە دا مافی ئەندامیەتیان هەیە یەکســانن. لەم ڕووەوە کــە نوێنەری دەوڵەتان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی نیشتمانیی خۆیان دا بڕیاری کۆتایی دەدەن. لە ئەسڵی ٧ بە کەمکردنەوەی بڕی دەسەڵاتی ئەم ڕێکخراوەیە، لە سەر ئەسڵی دەسەڵاتداریی وڵاتەکان پێداگری دەکاو دەڵێ: «لە بەیاننامەی ئەم ڕێکخراوەدا شتێک نەهاتوە کە مافی دەستێوەردانی لە پرسی ناوخۆیی واتە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی وڵاتان هەبــێ، بەڵام ئەم بنەمایەش نابێ ڕێگر بێ لە بەردەم پێوەرە ســەرەکییەکانی ئەسڵی حەوتەمدا».

دامەزرێنەرانــی ئــەم ڕێکخراوەیە لــە ڕێگەیەک دەگەڕان بۆ دروســت بوونی هاوســەنگییەک لە نێوان هەلومەرجی سەردەم لە ســەر بنەمای یەکپارچەیی نیشــتمانیی دەوڵەت ـ نەتەوەکانی خاوەن دەســەڵات و پێویستی هێمنایەتی و دەسەڵاتداری نێونەتەوەیی. بۆیە وڵاتان دەسەڵاتی ناوخۆیی خۆیان پاراستوە و بە چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی کێشە نێونەتەوەییەکانیان ڕازی بوون. ئەم شێوە هاوسەنگییە یەکێکە لە ناسەقامگیرترین هاوسەنگییەکان و ئاشتیی نێونەتەوەیی هەمیشە لە بەرژەوەندی گشت وڵاتان دا نەبووە. لە سومەری کۆنەوە تا سارایۆی پێشــکەوتوو، هەموو کات ئاژاوە ڕۆڵی کاریگەری لە هۆکاری گوشــار خســتنە ســەر وڵاتان بووە و هەڕەشــەی ئاژاوە و کێشە هەردەم بیانوویەکی گرینگ بۆ بەدەســتهێنانی ئامانجی سیاســەتی دەرەوە بووە. لە ڕاستیدا بە درێژایی مێژوو، ئــاژاوە، میکانیزمێکی چارەنووســازی گۆڕان و دوا نێوبژیوانی بووە لە کێشــە نێونەتەوەییەکاندا. بەم شــێوەیە بەیاننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە قەدەغەکردنی هەڕەشــە و بەکارهێنانی هێــزی نیزامی و هەروەها بە دانانی

هێزێکی گەورەتر بۆ پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێونەتەوەیی گشت هەنگاوەکانی نێونەتەوەیی تووشـــی کۆسـپ کردوە و ئەم هێزە گەورەیە شووڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە.

لە بەشی پێنجەم، ماددەی **٢٤**ی بەیاننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بەرپرســیایەتیی پێشگیری لە شــەڕ و هەروەها دژکردەوە سەبارەت بە تەشەنە کردنی شەڕ بە شووڕای ئەمنییەت دەسپێرێ: «بۆ ڕەخساندنی دەرفەتێکی لەبارو گشتگیر لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیە، یەکەم بەرپرســیارێتییان پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەییە، پێویستە لەم پێوەندییەدا راوێژ بکەن و کۆک بن لەسەر ئەوەی کە ئەم شووڕایە لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی خۆی، لە لایەن ئەوانەوە کارەکان بەڕێوە ببا.»

هەروەهــا لــە بەیاننامەی ئەم ڕێکخراوەیەدا هاتووە کە ئەندامی هەمیشــەیی لێژنەی ئاســایش هەمان براوەکانی شــەڕی دووهەمی جیهانین کە بریتین لە: وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، بریتانیا، یەکیەتیی ســۆڤییەت، فەڕانســە و چین کە بە پێی بارودۆخێک کە لە دوای شــەڕی دووهەمی جیهانی بۆیان ڕەخســا توانیان بەرپرســایەتیی تایبەت بۆ پاراستنی ئاسایشی نێونەتەوەیی لە دوای شەڕ بە ئەستۆوە بگرن و وەک ئەندامی هەمیشەیی لە تەواوی دانیشتنەکاندا خاوەن کورســین و جگە لەوەش هەر یەک لەو وڵاتانە مافی ڤێتۆیان هەیە. دەتوانین لە ڕێبەرانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لە دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتــووەکان دا ڕۆڵی گرینگیان هەبوە ناوی فرانکلین دیلی ڕۆزڤێلت و دوای ئەو هێری ئەس ترۆمەن ناو بێنین.

**کارە سەرەکییەکانی:**

بەڵام دەســەڵاتی کۆڕی گشــتی لە سنووری ئاسایشــی نێونەتەوەیی لە سەر بنەمای ڕێساکانی بەیاننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، واتە مافی پێشکەش کردنی پێشنیار لە هەمبەر پرسی تایبەت بە ئاسایشی نێونەتەوەیی و کۆنترۆڵی بودجەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە. بە درێژایی شــەڕی سارد، کۆڕی گشتی بە مەحکووم کردن دژایەتی لەگەڵ هەر چەشــنە بەکارهێنانی دژە یاسایی لە هێزە نیزامییەکان بۆ چارەسەر کردنی کێشە و دەستدرێژی دەکرد.

بەڵام رۆڵی سەرۆکی گشتیی ئەو رێکخراوەیە لە ئاسایشی نێونەتەوەییدا لە ئەرکی تەواوی رێکخراوەکەی پڕکێشەتر و ئاڵۆزترە. سەرۆکی گشتی لە دیپلۆماتەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانە و بەرپرسی دەبیرخانەیە، ئەو شوێنەی کە گشت بەرنامە و پرۆژەکانی رێکخراوەکەی تێدا رێک دەخرێ و سیاسەتەکانی رێکخراوەکە جێبەجێ دەکا. رەوتی هەڵبژاردنی سەرۆکی گشتی یەکجار بە شێوەیەکی سیاسیانەیە چونکە هەموو جۆرە پێشنیارێک لەم راستایەدا ئەگەری ئەوەی هەیە کە لە لایەن ئەندامە ئەسڵییەکانی شوورای ئاسایش ڤێتۆ بکرێت. سەرەڕای ئەوەش پاڵێوراوی ئەم پۆستە دەبێت دوو لە سەر سێی دەنگەکانی ئەندامانی کۆڕی گشتی بە دەست بێنێت.

سەرۆکی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رۆڵی گرینگی لە دەستنیشانکردنی ئەو مەترسیانەی کە ئەگەری هێرش یان هەڕەشەیان بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی هەیە و هەروەها رۆڵی سەرەکی هیەیە لە هەنگاونان و تێکۆشان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان و ململانێ و تێکهەڵچوون و توندوتیژییەکان.

بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ پێشکەوتن و ئەرکەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاتی دامەزراندنییەوە هەتا ئێستا، لێرەدا کەم و زۆر ئاماژە بە هێندێکیان دەکەین لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە تا ئێستا کۆمەڵێک رووداوی گرینگ لە جیهان دا روویان داوە کە بریتین لە:

ـ دەرکەوتنی دوو بەرەی رۆژئاوا و رۆژهەڵات بە رێبەری یەکێتی سۆڤییەتی کۆن و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئامریکا.

ـ وشیاربوونی گەلان‌و پەرەئەستاندنی وەرگرتنی مافی هەستی خودموختاری و رزگاربوون لە دەستی داگیرکاری لە ئاسیا و ئافریقا و لە ئاکامدا، دامەزرانی وڵاتانی جۆراوجۆر لەم ناوچانەدا.

ـ دۆزینەوی پرسی دروست کردنی بۆمب و تاقیکارییە ناوەکییەکان و پڕۆسەی دیاریکردن یا نەهێشتنی چەکە ناوەکییەکان.

ـ پرسی چین، راگەیاندنی سەربەخۆیی خەڵکی چین، بەشداری کردنی نوێنەری چین لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە سەرەتا بە چینی نەتەوەیی (تایوان) و دواتر کۆماری خەڵکی چین و دەرکردنی چینی نەتەوەیی لە رێکخراوی نەتەوە

یەککگرتووەکاندا ناوی دەرکرد.
ـ پرسی فلستین و دامەزراندنی ئیسرائیل.
ـ لە نێوبردنی کێشە و بنەمای پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا.
ـ ئەمنییەت و ئاسایشی ئورووپا و وتووێژەکانی هێلسینکی.
ـ دامەزراندنی کومەڵگە ئوروووپاییەکان.
ـ یەکێتی ئیسلامییەکان (دامەزرانی رێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی).
ـ دۆزینەوەو داهێنانە ئاسمانی و فەزاییەکان.
ـ گەشەکردنی روو لە بەرزبوونەوەی رێکخراوە نێونەتەوەییەکان.
ـ رووخانی سیستمە سۆسیالیستی ـ مارکسیستییەکان لە یەکێتی سۆڤییەتی کۆن و وڵاتە رۆژهەڵاتی ئورووپا.
ـ یەکگرتوویی وڵاتان، وەکوو یەکگرتنی ڤیەتنام، ئاڵمان و یەمەن.
- لەبەریەک هەڵوەشانی وڵاتان: لەناوچوونی یەکێتی سۆڤییەتی کۆن و دروستبوونی چواردە وڵاتی سەربەخۆ وەک (فێدراسیۆنی رووسیە، رووسیەی سپی، ئۆکراین، مۆڵداوی، قیرقیزستان، لێتۆنی، ئەرمەنستان، لیتوانی، تۆرکمنستان، ئۆزبەکستان، تاجیکستان، ئازەربایجان و قەزاقستان) جیابوونەوەی یۆگۆسلاوی و دروست بوونی پێنج کۆماری سەربەخۆ( کۆماری فێدراڵی یۆگۆسلاوی، سێربستان، مۆنتەونگرۆ، کرۆواسی، ئیسلۆڤۆنی، مقدونییە و بۆسنی و هرزگۆیین)، جیابوونەوەی چێکسلۆواکی و دروست بوونی دوو وڵاتی چێک و ئۆسلۆواکی.
ـ جیابوونەوەی بەحرەین لە ئێران و دروست بوونی وڵاتی سەربەخۆی بەحرەین. جیابوونەوەی بەنگلادش( بنگاڵی رۆژهەڵات) لە پاکستان و دروست بوونی وڵاتی سەربەخۆی بنگلادێش و جودایی ئێریتێرە لە ئێتیۆپی و دروست بوونی وڵاتی سەربەخۆی ئێریترە.
ـ کۆتایی هێنان بە هەڵاوارتنی نەژادی لە ئافریقای باشوور.
ـ قەیرانی دەستگیر کردنی دیپلۆماتەکانی ئامریکا لە تاران.
ـ قەیرانە سەخت و دژوارە نێونەتەوەییەکان، وەکوو داگیر کردنی چێکسلواکی و ئەفغانستان لە لایەن هێزەکانی یەکێتی سۆڤییەتی کۆن، قەیرانە ناوخۆییەکانی ئەفغانستان، شەڕە ناوخۆییەکانی نێوان کۆمارە سەربەخۆکانی یەکێتی سۆڤییەت،

قەیرانی سومالی و بۆسنی و هرز گۆیین، قەیرانی باشوری لوبنان (تێکهەڵچوونە چەکدارییەکانی هێزەکانی ئیسرائیل و حیزبوڵڵای لوبنان)، قەیرانی کۆزۆڤۆو نێوبژیوانی کردنی نیزامیی ناتۆ، قەیرانی فەلەستین و لە کۆتایی دا قەیرانی جیهانیی ١١ی سێبتامبری ٢٠٠١ و هێرشی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ ئەفغانستان و لە ناو بردنی تاڵەبان، قەیرانی هەستەیی ئێران و دژکردەوەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە هەمبەر ئەم پلانەی ئێران.

ـ شەڕە توونده ناوچەییەکان، وەکوو شەڕی هیند و چین، شەڕی کۆرە، شەڕی عەرەبەکان و ئیسرائیلییەکان، شەڕی ڤییەتنام، شەڕی ئێران و عێراق، شەڕی کەنداوی فارس و شەڕی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی لە دژی عێراق.


بۆ نووسینی ئەم وتارە کەڵک لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

* سازمانهای بین المللی، نووسینی کلی ـ کیت اس پیس، وەرگێرانی بۆ فارسی د. حسین شریفی ترازکوهی.

* حقوق بین الملل عمومی، نووسین، دکتر محمد رەزا زیائی بیگدلی.

* جامعه شناسی حقوق، نووسین، هانری لوی برۆل، وەرگێرانی د. سید ابوالفەزل قازی.

ـ http://www.bazyab.ir/index.php?option=com_content&task=view&id=٢٥٠٢٦&Itemid=٤٣

ـ http://www.hawzah.net/Hawzah/Magazines/MagArt.aspx?MagazineNumberID=٤٩٥٧&id=٤٢٥٧٥